

# ڕێکەوتنی لایەنە عێراقییەکان و بڕیاردان لەسەر چۆنییەتی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا





هەفتەی رابردوو لایەنە عێراقییەکان بۆ بڕیاردان لەسەر مانەوە یان کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا کۆبوونەوە، لەم کۆبوونەوەیەدا بەوجۆرە بڕیاردراوە کە ژمارەیەك لە هێزەکانی ئەمەریکا وەك راهێنەر و مەشقپێکەری هێزەکانی عێراق بمێننەوە و بۆ ئەمەش سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران راسپێردراوە بەرنامەیەك گەڵاڵە بکات و پێشکەشی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی بکەن بۆ پەسەندکردنی. سەبارەت بەم کۆبوونەوەیە پەرلەمانتاری لیستی دەوڵەتی یاسا لە لێدوانێکی تایبەتدا سەبارەت بەو کۆبونەوەیە بەمجۆرە بۆ گۆڤاری گوڵان دوا: (لەو کۆبوونەوەیەدا چەند بڕیارێك دراوە کە بە بڕیاری ئیجابی دەژمێردرێن و بەرەو پێشەوەچوونێکە لەڕووی گونجاندن و لێکتێگەیشتن لەنێوان قەوارە سیاسییەکاندا، بۆیە بە کۆبوونەوەیەکی سەرکەوتوو و پۆزەتیف دادەنرێت، ئەو بڕیارانەیش کە لە کۆبوونەوەکەدا دراون مایەی چارەسەرکردنی زۆربەی گرێ کوێرەکانی قەیرانەکەی ئێستان، تەنانەت گەر لەبارەی راسپاردنی حکومەت بۆ هێشتنەوەی راهێنەران بۆ هێزەکانی «عێراق»، یاخود لەبارەی ئەنجوومەنی باڵا بۆ سیاسەتەکانیش بێت، کە ئەویش لەخۆیدا گرێیەك بوو و ئێستاش یاساکەی ئاراستەی ئەنجوومەنی نوێنەران دەکرێت، پاشان مەسەلەکە دەکەوێتە ئەستۆی ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ تەشریعکردنی ئەو یاسایانە و لەئەنجامدا ئەنجوومەنەکە پێکدەهێنرێت. لەبارەی مەسەلەکانی دیکەش، پێموایە کۆبوونەوەکە پۆزەتیف بووە. لەم کۆبوونەوەیەدا لایەنی سەدری تەحەففوزیان لەسەر بڕیارەکە هەبووە، تەحەففوزیش مافێکی سیاسی و ئاساییە، ئەوان بڕیاریان نەداوە لە کۆدەنگی دەرچن بەڵام تەحەففوزیان نواند و ئەمەیش مافێکی سروشتیی خۆیانە ئەویش لەڕوانگەی بۆچوونی خۆیانەوە ددان بە بوونی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا نانێن، هەربۆیەیش تەحەففوزیان لەسەر بڕیارەکە هەیە. بەڵام تەخویلکردنەکە مایەی کارپێکردنە، سەرۆك وەزیران و حکومەتی عێراقی لەچوارچێوەی ئەم تەخویلکردنەدا دەتوانن ژمارەی ئەو هێزانە بخەملێنن کە بۆ راهێنان دەستنیشان دەکرێن. بەڵام ماوەتەوە کە حکومەتی عێراقی و حکومەتی ئەمەریکی لەسەر ژمارەی راهێنەرەکان رێکبکەون.)).

**عەلی عەلاق بۆ گوڵان:**



**لە کۆبوونەوەکە بڕیار لەسەر مانەوەی بەشێکی هێزەکانی ئەمەریکا بۆ مەشقپێکردنی هێزەکانی عێراق دراو ئەم مەسەلەیەش رووبەڕووی حکومەت کراوەتەوە**

ئەوەی پەرلەمانتار عەلی عەلاق ئاماژەی پێکرد ئێستا عێراقییەکان گەیشتوونە رێککەوتنێك بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق لەگەڵ حکومەتی ئەمەریکا لەسەر چەند مەسەلەیەك رێکبکەون لەبارەی ژمارەو ئەرکی ئەو هێزانە لەعێراقدا. سەبارەت بەم میکانیزمە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر «تید گەلن کارپێنتەر» جێگری سەرۆکی ئامۆژگای کاتۆ بو دیراساتی ستراتیژی و سەربازی کرد کە ئایا میکانیزمەکە چۆن دەبێت؟ لەوەڵامدا پرۆفیسۆر کارپێنتەر بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستە روو: (پێش هەمووشتێك، هێشتا بەتەواوەتی دیارنییە کە کشانەوەکە لە کۆتایی ئەمساڵدا بە کۆتا دەگات یان نا، وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا ئێستاش لە هەوڵدانە بۆ قەناعەت پێهێنانی حکومەت و سەرۆك وەزیران «مالیکی» بۆ مانەوەی هێزەکەی ئەمەریکا کە ئێستا لە «عێراق»ە، پاش دوا وادەی کشانەوە لە ٢٠١١/١٢/٣١، ئەو ژمارەیەی کە باس دەکرێت نزیکەی ١٠،٠٠٠ سەربازە، تاکو ئێستاش حکومەتی «مالیکی» لەسەر ئەو شتە رەزامەندی نیشان نەداوە، بەڵام هێشتا چەند مانگێك ماوە تا دوا وادە، هەروەها لەوانەیە بە لایەنی کەمەوە ژمارەیەکی سنووردار لە هێزەکانی ئەمەریکا درێژە بە مانەوەیان بدرێت بۆ ساڵی ٢٠١٢ و تەنانەت بۆ ساڵانی



دواتریش. وێڕای ئەو شتەش، هەرچەندە سەربازەکان (ئەوانەی کە پۆشاکی سەربازی لەبەردەکەن) دەکشێندرێنەوە، بەڵام دەتوانرێت هەزاران گاردی تایبەت بەکرێ بگیرێت بۆ پاراستنی ئاسایش کە زۆربەیان پێشتر لە سووپا سەرباز بوون، بۆیە ڕێژەیەکی گەورەی کارمەندانی ئاسایشی ئەمەریکا لە عێراقدا بوونیان دەبێت، تەنانەت پاش دواوادەی کشانەوەش، بۆیە هیچ بۆشاییەکی ئەمنی روونادات، هەروەها سەبارەت بەو مەترسییانەش کە باسی لێوە دەکرێت، کە گوایە عێراق لەرووی ئاسایشەوە پارساڵ باشتربووە لەمساڵ، من پێموایە بەرپرسەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەوبارەیەوە ئاگادارن، بەڵام هاوکات وەڵامەکەیان بەوشێوەیەیە کە وێڕای ئەوەی رەوشی ئەمنی لە پارساڵ لە ساڵی پێشووتر باشتر نەبووە، بەڵام زۆر زۆر باشترە لە ٤ — یان ٥ ساڵانی پێشووتر، بۆیە ئەوان پێیانوایە، بەلایەنی کەمەوە لەڕووی فەرمییەوە، کشانەوەکە بەپێی خشتەکە بەڕێوەدەچێت. دووبارەی دەکەمەوە، ئەگەر هات و رەوشەکە لەماوەی چەند مانگی داهاتوودا بەشێوەیەکی بەرچاو گۆڕا، لەوانەیە پێداچوونەوەی بۆچوونەکەیان بکەن و سەرلەنوێ بڕیارەکەیان لەبەرچاوبگرن. بەهەرحاڵ، هاوکات ئەمڕۆ بۆچوونێك لە «واشنتۆن» هەیە لەوبارەیەی کە ئەگەربێتو عێراقییەکان نەگەنە خاڵێك کە تیایدا بتوانن کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوەبەرن، ئەوکات ئەگەرەکە هەر دەمێنێت بۆ سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی و هەروەها گومان هەیە ژمارەیەکی سنووردار لە هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا کە رەنگە لە «عێراق» بمێننەوە، بتوانێت رێگەبگرێت لە بەرپابوونی پشێوی و ئاڵۆزی کە ئەگەری روودانی هەیە، یاخود رەنگە وڵاتەکە بەهۆیەوە دابەش ببێت، هاوکات تەنیا رێژەیەکی گەورە لە هێزەکانی ئەمەریکا دەتوانێت رێگە لەو شتانە بگرێت لە «عێراق» و ئەمەش لەڕووی سیاسییەوە شتێکی زەحمەتە، ئەوەی راستی بێت هیچ مەیلێکی بەهێز نییە بۆ دووبارەناردنەوەی دەیان هەزار سەرباز لە هێزەکانی ئەمەریکا بۆ «عێراق». هەربۆیە، ئەگەر بارودۆخەکانی ئێستا بەپێی پێویست سەقامگیرنەبێت، ئەوکات ئەوە واتای ئایندەیەکی زۆر خراپ دەگەیەنێت بۆ «عێراق» .))

**تید گەلن کارپنتەر بۆ گوڵان:**



**دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بواری ئەوە هەیە هەزاران گاردی تایبەت بەکرێ بگرێت بۆ پاراستنی ئاسایش کە زۆربەیان پێشتر لە سووپای ئەمەریکادا سەرباز بوون**

## میکانیزمی دەستنیشانکردنی هێزەکان

ئەوەی پرۆفیسۆر کارپینتەر ئاماژەی پێکرد بەوەی حکومەتی ئەمەریکاو عێراق دەتوانن دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا ئەگەر پێویست بوو پەنا بۆ بەکرێگرتنی ئەو گاردانە بەرن کە پێشتر سەربازی ئەمەریکا بوون، شێوازێکی دیکەیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئەمنییەی کە مەزندە دەکرێت دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا دروست بێت، سەبارەت بە چۆنییەتی هەستکردن بەو مەترسییانە و داڕشتنی بەرنامەی پێویست بۆ دەستیشانکردنی ژمارە و ئەرکی هێزەکان، پرسیارمان لە پەرلەمانتاری عێراقی زوهێر ئەعرەجی پەرلەمانتاری لیستی ئەلعراقییە کرد و لە لێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو وتی: (پێش هەمووشتێك، ئێمە ئەو راستییە دەڵێین کە رێککەوتنێکی مەبدەئی هەیە لەوبارەیەی کە حکومەت هەڵستێت بە خەمڵاندنی میکانیزمەکانی مانەوە یان کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، بەڵام کاتێك دەگەینە واقعی سەر زەوی، دەبینین هێشتا خڕوقاتی ئەمنیی گەورە لێرە و لەوێ روودەدەن، تەنانەت گەر لەدژ بنکەکانی پۆلیس و سووپا بێت یاخود لەدژی هاووڵاتییان و یان فەرمانگەکانی دەوڵەت، ئێستاش دەستە تیرۆریستییەکان کردەوە ئەنجام دەدەن لە کوشتن و مینرێژکردن و رفاندن، ئەوەی راستی بێت ئێمە ناڵێین کە

سووپای عێراقی ئامادە نییە یان ناتوانێت ئاسایش بپارێزێت، لەبەرئەوەی سوپای عێراقی لەناو شارەکان کار و چالاکیی بەرچاوی هەیە، بەڵام واقعێك هەیە کە تاکو ئەمڕۆیش بەدەستییەوە دەناڵێنین و ئەویش بریتییە لەوەی کە سووپای عێراقی تاکو ئەمڕۆ بەبێ چەکی ئاسمانییە و هەروەها بەبێ چەکی دەریاوانییە و سنوورەکان واڵان و دەستێوەردانی هەرێمی لەسەر خاکی «عێراق» روودەدات، هەر لە تۆپبارانەکانی «تورکیا» و «ئێران» بۆ سەر سنوورەکانەوە تادەگاتە، مەسەلەی بەندەرەکەی «موبارەك» لەگەڵ کوەیتدا، لەڕاستیدا ئەم هەموو مەسەلانە پێویستییان بە هەڵوەستە و پێداچوونەوە هەیە، ئەوەی راستی بێت ئێمە ئەمڕۆ لە دوو رووەوە «موجازەفە»یەك دەکەین، با جارێ مەسەلەی درووشمە نیشتمانییەکانمان بدەین بە لاوە و بڕۆینە ناو ناوەڕۆکەکە، ئایا ئێمە لەتواناماندا هەیە بوەستین لەدژ هەر هێرشێك یان دەستێوەردانێکی دەرەکی بەسەر خاکی «عێراق»؟ وەڵامەکەی «نەخێر»ە. لەبەرئەوەی ئێمە پێداویستییەکانمان نییە. هەربۆیە، چاوەڕوان بووین لە کۆبوونەوەی قەوارە سیاسییەکان کە لەماڵی سەرۆك کۆمار بەڕێز «جەلال تاڵەبانی» بەڕێوەچوو، هەموو واقیعەکەیان وەك خۆی خرابانەڕوو، بەڵام مەسەلەکەیان بە حکومەت راسپارد و ئەمڕۆیش حکومەت، بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان، گفتوگۆ دەکات لەسەر مانەوەی نزیکەی ١٥٠٠٠ سەربازی ئەمەریکی بە مەبەستی راهێنانیان، بەڵام چ جۆرە راهێنانێك و لە کوێ؟ لە کام لە پارێزگاکان؟. ئێمە خوازیاربووین لەگەڵ گەلی عێراقی روونتر بین لەبارەی پێداویستییەکانمان بۆ مانەوەی هێزەکان. ئەمە لەگەڵ ئەوەی بەپێی ئەو زانیاریانەی لەماوەی چەند رۆژی رابردوودا هەستم پێکردووە، کۆدەنگییەکی گشتی هەیە لەسەر کۆتاییهێنان بە مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە «عێراق»، هاوکات سەرۆك وەزیران لەمبارەیەوە بۆچوونی خۆی هەیە، بەپێی ئەو زانیاریانەی لە سەرچاوەی زۆر باوەڕپێکراو بەدەستم گەیشتووە، بیستم کە مەسەلەی مانەوەی هێزەکان کۆتایی هاتووە و کۆتایی ئەمساڵ کۆتایی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکایە لە «عێراق»، بەڵام هەروەك هەموو لایەنێك دەیزانێت

زوهێر ئەعرەجی بۆ گوڵان:



# حکومەتی عێراق لەگەڵ حکومەتی ئەمەریکا گفتوگۆ دەکات لەسەر مانەوەی نزیکەی ١٥٠٠٠ سەربازی ئەمەریکی بە مەبەستی مەشقپێکردنی سوپای عێراق

ڕێککەوتنەکە دوو بەندی لەخۆگرتووە، بەندی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا کە ڕێککەوتنی لەسەر ئەنجامدراوە بەپێی چەند مەرجێکی دیاریکراو، بەندی دووەم: پلانی ستراتیژی هەیە بۆ مانەوە یاخود هەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی ئەمەریکا لە «عێراق»، لەچوارچێوەی بەندی دووەم پلانە ستراتیژییەکە چەندین بڕگەی لەخۆگرتووە کە ڕێگەدەدەن بە حکومەت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئەم شتەیش چەندین لایەنی لەخۆگرتووە، بەڵام سەبارەت بە مەسەلەی «ڕەوتی سەدر» مەسەلەیەکی «هەستیارە»ە و تەنانەت لەسەر مەسەلەی «تەخویل»کردنەکەیش، بەپێی ئەو شتانەی کە بیستمان لەلایەن وتەبێژی فەرمییەوە، کە تەخویلکردنەکە دەسەڵات نابەخشێت بە «مالیکی» بەناوی «ڕەوتی سەدر»یەوە بۆ گۆڕینی مەسەلەی ڕێککەوتنەکان، درێژەدان یان گۆڕین یانیش مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا).

کەواتە ئەوەی ئەعرەجی ئاماژەی پێکرد لەسەر مانەوەی راهێنەرانیش هەتا ئێستا لەنێوان لایەنە سیاسیەکاندا کۆدەنگی تەواو نییە، ڕەوتی سەدر کە لیستی دەوڵەتی

یاسای بۆ ئەم مەسەلەیە تەخویلکردووە، بەڵام تەخویلکردنەکە تەواو نییە، بۆیە لەمبارەوە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر «باتریك کلاوسن» گەورە توێژەری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەراست لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزیك کرد و لەوەڵامدا بەمجۆرە سەرنجی خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و گوتی: (تاوەکو حکومەتی عێراق داوا لە هێزەکانی ئەمەریکا نەکات بۆ ئەوەی بمێننەوە و تاوەکو مۆڵەتی مانەوە بە هێزەکانی ئەمەریکا نەدات، ئەوا هێزەکانی ئەمەریکا وڵاتەکە جێدەهێڵن. کەواتە پێویستە بڕیارێك لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە هەبێت بۆ درێژکردنەوەی ماوەی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا، ئەگەرنا هێزەکانی ئەمەریکا وڵاتەکە جێدەهێڵن. بەڵام پاشەکشەی تەواوی هێزەکانی ئەمەریکا، لە کاتێکدا کە مەشقێکی زۆر کەم بە سوپای عێراق کراوە، بۆی هەیە بۆ عێراق زۆر مەترسیدار بێت، لەبەر ئەوە زۆر باشترە ئەگەر مەشقپێکردنەکە بەردەوام بێت. هەربۆیە من پێموایە ژمارەیەك لە هێزەکانی ئەمەریکا بۆ مەشقپێدانی هیزەکانی عێراق دەمێننەوە، لەرووی پرەنسیپیشەوە ئەمەریکا مەشق بە هێزەکانی عێراق دەکات و پاڵپشتی هێزەکانی عێراق دەکات، بۆ نمونە لە ڕوی هێزی ئاسمانی و کاری هەواڵگریەوە، وەك ئامێرەکانی سەتەلایت و تەنەسوت، کە یارمەتی عێراقییەکان دەدات بۆ ئەوەی زانیاری باشتریان هەبێت لە بارەی ئەگەری ئۆپەراسیۆنی یاخیگەرییەوە. کەواتە ئەوەی ئەمەریکا دابینی دەکات بریتییە لە مەشق و ڕاهێنانی بنەڕەتی و هاوکاری بچوك و سنوردار، کە بە شێوەیەکی سەرەکی بریتییە لە هێزی ئاسمانی و هەواڵگری.))

## هەڕەشەکانی سەرسنوور و دەستێوەردانی دەرەکی

یەکێك لەو مەترسییانەی کە رووبەرووی عێراق دەبێتەوە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا مەسەلەی هەڕەشەکانی سەر سنوور و دەستێوەردانی دەرەکییە کە سوپای عێراق هێشتا توانای بەرپەچدانەوەی ئەو هەڕەشانەی نییە، سەبارەت بەم مەترسیانە



پرۆفیسۆر «تید گەلن کارپنتەر» لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان بەمجۆرە باسی ئەم مەترسییەی کردو وتی : لەماوەی ٣-یان ٤ ساڵی رابردوودا چەندین جار لەسەر ئەم مەسەلەیە نووسیوومە. بە بۆچوونی من، ئەمە مەترسیی ژمارە یەکە لەسەر «عێراق»، لەبەرئەوەی نزیکەی هەموو وڵاتانی دراوسێ، بەتایبەتی «ئێران» و تارادەیەك «عەرەبستانی سعودیە» و «تورکیا» و «سوریا»یش بەرژەوەندییان هەیە لە پشتگیریکردنی هەندێك لە لایەنە سیاسییەکانی ناو «عێراق»، ئەم شتەش دەستوەردانە لە کاروبارەکانی «عێراق» لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە و هاوکات مایەی سەرهەڵدانی گێرەشێوێنی و ناسەقامگیرییە. بۆیە گومانێکی زۆر گەورە هەیە لەوبارەیەی کە ئایا دامەزراوەکانی نیشتیمانی و سیاسی و ئاسایشی «عێراق بۆ رێگەگرتن لەو شتە « بەپێی پێویست بەهێزن یان نا؟. من پێموایە کە ئەمە گەورەترین هەڕەشەیە لەسەر «عێراق» لەماوەی ٥ ساڵی داهاتوودا. لەم چوارچێوەیەدا و سەبارەت بە پاراستنی هەرێمی کوردستان لەو هەڕەشانە، پیموایە هەرێمی کوردستان لە پێگەیەکی زۆر هەستیاردایە، لەبەرئەوەی حکومەتی نیشتمانی لە «بەغدا» بەپێی پێویست سەقامگیر و کاریگەر نییە، پرسیاری هەرەگرنگ ئەوەیە کە ئایا سیاسەتەکانی «تورکیا» چین؟ سیاسەتی دەرەکی بەگشتی و سیاسەتەکانی لەبەرامبەر «عێراق» و هەرێمی کوردستان چۆن دەبن؟ ئەمەیش شتێکە کە پێویستە بە وریاییەکی زۆرەوە چاودێری بکرێت، لەبەرئەوەی هێشتا بەتەواوەتی روون نییە ئاراستەکانی سیاسەتی «تورکیا» لەماوەی چەند ساڵانی داهاتوودا چۆن دەبێت. ئەم مەسەلەیەش مایەی لەبەرچاوگرتنە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکان و هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە کشانەوەی تەواوی

هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە «عێراق» مایەی زیادبوونی هەڕەشەکانە لەسەر هەرێمی کوردستان، بەڵام پێویستە هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان و هاووڵاتییانی «عێراق» بە گشتی لەو راستییە بگەن کە ئەولەوییات و کێشەی دیکەی گرنگتر بەلای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەیە. هەر لە داگیرکردنی «عێراق» لە ساڵی



٢٠٠٣ـەوە شەڕەکە لە «ئەفغانستان» رووی لە چڕبوونەوە کردووە، وێڕای کێشەکان لەڕووی ئابووری ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئابووریی جیهانی، لەگەڵ فشارە داراییەکان لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکان. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەوڵدەدات بۆ داگرتن یاخود لایەنی کەمەوە کەمکردنەوەی ئاستی پاپەندەکانی بەرامبەر «عێراق»، لەهەمان کاتیشدا ئەوەی راستی بێت لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆیی ئەمەریکا هیچ پشتگیرییەك نییە لەبارەی درێژەدان بە مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە «عێراق».))

پرۆفیسۆر باتریك کلاوسن وێڕای ئەو کێشانەی پرۆفیسۆر کارپنتەر ئاماژەی پێکردن، سەبارەت بە مەترسییەکانی کشانەوەی ئەمەریکا وای دەبینی ئەمەریکا ناتوانێت ئەو مەسەلانە فەرامۆش بکات، لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان پرۆفیسۆر کلاوسن بەمجۆرەی رای خۆی بۆ گوڵان خستەروو: (لە یەك کاتدا ئەمەریکا نیگەرانە لە بارەی ئاسایشی ناوخۆیی عێراق و پاراستنی سنوورەکانییەوە، ئەگەر هێزەکانی ئەمەریکا لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١دا عێراق جێبهێڵن، ئەوا کێشەی راستەقینە لە هەردوو بەرەکەدا دێتەئاراوە. هەروەها ئەوە ئەگەرێکی تەواو مومکینە کە دەستێوەردان لەلایەن ئێرانەوە زیاتر ببێت، خەڵکی چەك دەهێننە وڵاتەکەوە و دەکرێت یاخیگەرە مەشقپێکراوەکان پلانی هێرشکردن لە ناو عێراقدا دابنێن. ئەمە نیگەرانی هێزەکانی ئەمەریکایە کە زەحمەتە بۆ هێزەکانی عێراق بتوانن سنوورەکان بپارێزن

## پاتریک کلاوسن بۆ گوڵان:



**پاشەکشەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، لە کاتێکدایە کە ئەمەریکا مەشقێکی زۆر کەمی بە سوپای عێراق کردووە و ئەمەش بۆی هەیە مەترسی دروست بکات**

لە بەرامبەر ئەم دەستێوەردانانەدا و زەحمەترە هێزەکانی عێراق بتوانن بە پشتبەستن بە خۆیان بتوانن ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئەنجام بدەن، بۆ نموونە بێ ئەوەی پاڵپشتی ئاسمانی ئەمەریکا و هاریکارییەکانی دیکەی ئەمەریکایان هەبێت، لەبەر ئەوەی لە ئێستادا ئەمەریکا هەموو پاڵپشتییەکی ئاسمانی بۆ ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییانە دابین دەکات کە لە ناو عێراقدا ئەنجام دەدرێن.))

بەڵام سەبارەت بە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری هەریمی کوردستان کە ماوەی چەندین ساڵە ئارامی و سەقامگیری خۆی پاراستووە»، پرۆفیسۆر کلاوسن» دەڵێت: (بە دڵنیاییەوە ئەمەریکا گرنگی بە پاراستنی سەقامگیری هەرێمە کوردییەکە دەدات، لە کاتێکدا کە هەوڵ بۆ بەرەوپێشبردنی سەقامگیری هەرێمە کوردییەکە دەدات ئەوا لە هەمان کاتدا کار بۆ بەرەوپێشبردنی سەقامگیری لە تەواوی بەشەکانی دیکەی عێراقدا دەدات، کەواتە ئەمەریکا بایەخ بە سەقامگیری هەرێمە کوردییەکە دەدات، هەروەها بایەخ بە سەقامگیری ناوچەکانی دیکەی عێراقیش دەدات، هەمو ئەوانەش بە مانەوەی راهێنەرە ئەمریکییەکان باشتر دێتەدی.))



## جودیس یاف بۆ گوڵان:

# ئێمە بە عێراقییەکان دەڵێین ئەگەر دەتانەوێت بمێننەوە پێمان بڵێن ئەوانیش پێمان دەڵێن ئەگەر دەمێننەوە پێمان بڵێن پلانتان چییە

**پرۆفیسۆر جودیس یاف یەکێکە لەتوێژەرە دیارەکانی سەنتەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ دیراساتی ستراتیژی نیشتمانی لە زانکۆی بەرگری نیشتمانی لە ئەمریکا(National Defense University )، هەروەها یەکێکە لە توێژەرەکانی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی لە زانکۆی واشنتۆن لە واشنتۆن دی سی، تایبەتمەندە لەسەر عێراق و ئێران و ستراتیژیەتی ناوچەی کەنداو، پێشتریش خاتوو جودیس یاف بۆماوەی ٢٠ ساڵ وەك گەورە شرۆڤەکاری ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوچەی کەنداو لە ئۆفیسی ڕۆژهەڵاتی نزیك و باشووری ئاسیا لە ئاژانسی هەواڵگری ( CIA) کاری کردووە، ئێستا وەك گەورە شرۆڤەکارێکی عێراق و ناوچەی کەنداو کاردەکات، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی عێراق دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و لەبەرچاوگرتنی ئارامی و سەقامگیری هەرێمی کوردستان لەم بارودۆخەدا، پێوەندیمان بەخاتوو جودیس یاف کرد و لە ئاخاوتنێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** هاوکات لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، باس لەو مەترسیانە دەکرێت دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ڕووبەڕووی عێراق دەبنەوە، ئایا ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا بکشێنەوە ئەو مەترسیانە چین ڕووبەڕووی عێراق دەبنەوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی قورسە و ئومێدی ئێمە ئەوەیە هیچ شتێك نەخاتە مەترسیەوە، بەڵام ساویلکەییە ئەگەر وابیر بکەینەوە، چونکە بە دڵنیاییەوە مەترسی زیاد دەکات، بەڵام من نازانم ئەمە بە چ شێوەیەك دەکەوێتەوە. من پێموایە بە هەر شێوەیەك بێت مەترسی زیاد دەکات، ئەگەر بەو خەڵکانە ڕابگەیەنیت کە حەز بە مانەوەت ناکەن و پێیان بڵێیت تۆ بەم زووانە پاشەکشە دەکەیت، پێیانوایە ئەمە مایەی هیچ مەترسیەك نییە و بەڵکو هانت دەدەن بۆ ئەوەی بکشێیتەوە، وەك ئەوەی بیانەوێت لە وڵاتەکە دەرتبکەن، ئەمەش ڕاست نییە. لەبەر ئەوەی ئێمە دەمانەوێت پابەندبین بە ڕێککەوتنەکەمانەوە لەگەڵ عێراقدا. کە ئەم ڕێککەوتنەش کشانەوەی هێزە شەڕکەرەکانی ئەمریکا لە کۆتایی ئەم ساڵدا لەخۆدەگرێت. من پێموایە عێراقیەکان و زۆرێك لە ئەمریکیەکان ئومێدێکی گەورەیان هەبوو کە ڕێککەوتننامەی دووەم «چوارچێوەی ستراتیجی» ببێتەهۆی گۆڕینی تەرکیزەکە لە پێوەندی سەربازیەوە بۆ پێوەندی مەدەنی لەنێوان هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئەمریکادا. کە ئەمە ئەو شتەیە من نیگەران دەکات. لەبەر ئەوەی کشاندنەوەی سەربازیانە شتێکە و مەسەلەی ئەوەی هەردوو لایەنەکە ڕێککەوتنی دووەم جێبەجێ نەکەن شتێکی دیکەیە.

*** بەڕێزت باسی ئەوە دەکەیت مەسەلەی پابەندبوون بە ڕێککەوتنەکە مەسەلەیەکە و ڕێککەوتنی مەسەلەیەکی دیکەیە، بەڵام کێشەی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە عێراقیەکان لەناوخۆیان نەگەنە ڕێککەوتن لەسەر ئەم مەسەلەیە ئایا ئەو کاتە ڕێککەوتنی دووەم دێتە ئاراوە؟**

- ئەگەر بمانەوێت پابەندبین بە ئیلتیزاماتی ڕێککەوتنەکەوە، ئەوا ڕەنگە هیچ چارەیەکی دیکەمان نەبێت. کێشەکە ئەوەیە ئێمە بە عێراقیەکان دەڵێین ئەگەر خوازیاری مانەوەی ئێمەن، ئەوا دەبێت ئەمە بە شێوەیەکی ڕەسمی و بەپێی بەندەکانی ڕێککەوتنەکە بیچەسپێنن، عێراقیەکانیش پێمان دەڵێن ئەگەر دەتانەوێت بمێننەوە پێمان بڵێن پلانتان چییە، کەواتە هیچ لایەك نایەوێت یەکەمجار بڵێ باشە ئێمە دەمانەوێت بمێننەوە، یان باشە دەمێنینەوە. ئەمە بۆ عێراقیەکان کارێکی مەترسیدارە لەرووی سیاسییەوە. من خوازیاری ئەوەم بزانم لەم ڕووەوە ئێرانیەکان تا چ ڕادەیەك

## پێموایە کشانەوەی هێزەکانی بە هەر چۆنێك بێت مەترسی زیاد دەکات و دەبێت هەردووڵا عێراق و ئەمریکا بگەنە ڕێککەوتنی دووەم

کاریگەری و دەسترۆیشتوییان هەیە بەسەر حکومەتی عێراقیەوە، من ئەمە نازانم، بەڵام مەزەندەی ئەوە دەکەم ئێرانیەکان دەسترۆیشتوییەکی زۆریان بەکارهێناوە کە هەیانە، ئەویش بۆ ئەوەی لەوە دڵنیابن حکومەتی عێراق لە ئاست بەڵێنەکانی خۆیدا دەبێت بۆ ئەوەی ئەمریکا وڵاتەکە جێبهێڵێت. ئێوە لە وڵاتەکەدان و من لێرەم و شتی زۆر دەبیستم و نازانم باوەڕ بە کامیان بکەم و من نازانم کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا خزمەت بە بەرژەوەندی کێ دەکات و زیان بە بەرژەوەندی کێ دەگەیەنێت. هەروەها لێرە پرسیاری ئەوەش دەکرێت، ئەگەر بمانەوێت ژمارەیەکی کەمی سەرباز لەو وڵاتەدا بهێڵینەوە، ئەوا دەتوانین چەند لەو هێزانە بکشێنینەوە و چۆن بتوانین زەمانەتی سەلامەتی ئەو هێزانە بکەین. ئەمە پرسیارێکی گەورەیە.

*** بەڵام ئەوەی بڕیار لەسەر مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەدات، پێویستی باری ئاسایشی عێراقە، ئێوە خۆتان دەبینن ئێستا هێزەکانی عێراق سنوورەکانیان پێ ناپارێزرێت، ئایا لەمبارەوە چی دەڵێن؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە، پرسیارێکی زۆر گرنگە، کە من

## هەر کەسێك هەنگاو هەڵبگرێت بۆ ئەوەی دەسەڵاتی مەرکەزی زیاتر کارا و زیاتر کاریگەر بێت، ئەوا دووچاری کێشەی گەورە دەبێت

وەڵامەکەی نازانم. پێموایە لەلایەکەوە نیگەرانی هەیە، لەلایەکی دیکەوە ڕەنگە لەنێو سیاسییەکانی ئێرەدا، بە چەشنی ئەوەی لە نێو سیاسییەکانی ئێوەدا هەیە ئیعتیرافکردن بەمە ڕەتدەکەنەوە، حکومەتی عێراق ئیعتیراف بەمە ناکات، ئیتر چۆن حکومەتی ئێمە ئیعتیرافی پێبکات. ئەمە دۆخێکی دژوارە، لەبەر ئەوەی لەکاتێکدا دەبێت ئەمریکا ئیختیارێکی سەخت بکات، کە لە دوو ناکۆکی دیکەوە تێوەگلاوە لە کاتێکدا کێشەی دژوار هەیە لە بودجەی وڵاتەکەماندا و بریتییە لە بوونی پارەیەکی کەم بۆ ئەوەی بۆ ئەم مەسەلانەی خەرج بکەین. ئەوە واقیعی نییە کە ئێمە بمێنینەوە و شتەکە ئاسایی بێت. من لەوەش زیاتر دەڕۆم و دەزانم کوردەکان بەرژەوەندیەکی زۆریان هەیە لە باوەڕکردن بەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەمێننەوە بە چاوپۆشین لە شتەکانی دیکە، بەڵام من گرەو لەسەر ئەوە ناکەم.

*** ئێستا ئەگەر ئەمریکا بکشێتەوە بێگومان ئەمریکا ڕایدەگەیەنێت ئەرکەکانی لەعێراق کۆتایی هات، پرسیار ئەوەیە، ئەگەر دوای کشانەوەی هێزەکان شەڕی ناوخۆ لە عێراق دروست بوو، ئایا ئەمریکا هەر دەڵێت ئەرکەکانم تەواو بووە؟**

- ڕەنگە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەمریکا ناتوانێت شەڕی ناوخۆ بوەستێنێت ئەگەر میلیشیا و لایەنەکان بڕیاری گەڕانەوە بۆ ئەو دۆخە بدەن، پێموایە هێزی پێویستمان نییە بۆ وەستاندنی ئەو شەڕە. ئەمە قەیرانێکی ڕاستەقینەیە، دەبێت عێراقیەکانیش هەندێ بەرپرسیارێتی بگرنە ئەستۆ و جڵەو بگرنە دەست. من پێموانیە مالیکی دەسەڵاتی ئەمەی هەبێت، لەبەر ئەوەی کێشە لە سیستەمە دەستوورییەکەدا هەیە کە ڕێگرە لە بەخشینی ئەو دەسەڵاتە مەرکەزییەی پێویستە بۆ پاراستنی ئەو ئەمنیەتە. کوا پارێزگاریکردن؟ کێ پارێزگاری دەکات و کێ وڵاتەکە دەپارێزێت؟ پێموانیە ئەمە چارەسەر کرابێت، چونکە هەر کاتێك مالیکی هەنگاو دەنێت بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتی مەرکەزی بەوە تاوانبار دەکرێت، سەددامێکی دیکەیە، ڕەنگە وابێت و ڕەنگیشە وانەبێت، من نازانم، بەڵام پێموایە ئەمە تەنگژەیەکی ڕاستەقینەیە، لەبەر ئەوەی هەر کەسێك هەنگاو هەڵبگرێت بۆ ئەوەی دەسەڵاتی مەرکەزی زیاتر کارا و زیاتر کاریگەر بێت، ئەوا دووچاری کێشەی گەورە دەبێت. ئێمەش ناتوانین دەستێوەردان بکەین بۆ ئەوەی بیگۆڕین یان پارێزگاری لێبکەین.

*** کەواتە ئایا تا چ ڕادەیەك کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەروازە بۆ دەستێوەردانی دەرەکی دەکاتەوە؟**

- با پرسیارێك لە ئێوە بکەم، ئەگەر کوردەکان ڕێگە نەدەن هێزەکانی عێراق بێنە هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئەوەی بەرگری لە سنوورەکان بکەن، ئەوا کێ بەرگری لەو سنوورانە دەکات؟ کەواتە ئەو پشێویەی لە سیستەمە سیاسییەکەدا هەیە ڕێگرە لەبەردەمپێشچوونی بونیادێکی ئەمنی

## حکومەتی عێراق ئیعتیراف بە دەستدرێژی کردنە سەر سنوورەکان ناکات، ئیتر چۆن حکومەتی ئەمریکا ئیعتیرافی پێبکات. ئەمەش دۆخێکی دژوارە

کە بتوانێت بەرگری لەو ناوچانە بکات. پێشمەرگە ناتوانێت بە تەنیا ئەم کارە بکات، هەروەها تورکیاش سنوور دەبەزێنێت و هێرش دەکات، کێ بەرگریان لێدەکات؟ حکومەتی هەرێمی کوردستان چاوی لە حکومەتی بەغدایە بەرگری لێبکات، لە هەمان کاتدا ڕێگە بەو هێزانە نادات کە کورد نین بۆ ئەوەی بچنە هەرێمەوە و بەرگریان لێبکەن. ئەمە تەنگژەیە و پێویستە لەو بارەیەوە چی بکەین؟

*** بەڵام ئەمە دەوەستێتەسەر پەیوەندی ئێران و عێراق، لەبەر ئەوەی عێراق خۆی نایەوێت هەڵوێستێکی ئاشکرای هەبێت؟**

- من باوەڕم وانیە، بەڵام بەهیچ شێوەیەك زۆرینەی عێراقیەکان بە تایبەتی سیاسییەکان ناتوانن ئێران فەرامۆش بکەن، لەبەر ئەوەی هیچ پارێزگاریەك نییە بۆ ئەوان و ئێرانیەکانیش کار و کۆششی سەخت دەکەن،



لەبەر ئەوەی نایانەوێت ڕووبەڕووی هەڕەشە ببن لە عێراقەوە. ئەمە تەنگژەیە و تۆ چی دەکەیت کە دەوڵەتێکی دراوسێی زۆر بەهێزت هەیە؟ پێموایە ئەگەر عێراقیەکان ژیرانەتر گەمە بە کارتەکانیان بکەن و باشتر پێکەوە کاربکەن، ئەوا ئیمتیازاتەکانی ئێران بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەو پووکانەوە دەچن.

*** کوردەکانیش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بە هەڕەشە بۆ سەر سەقامگیری هەرێمی کوردستان دادەنێن، کە تەنیا ناوچەی سەقامگیری عێراقە، پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند ئەمریکا سەقامگیری هەرێمی کوردستان بە ئیعتیبار وەردەگرێت؟**

- ئەمێ مشت و مڕ هەڵگرە و منیش حەزدەکەم مشت و مڕتان لەگەڵدا بکەم، بەڵام لەم حاڵەتەدا دەبێت کوردەکان بگەنە جۆرێك لە تێگەیشتن. لەوەی ئەوان بەرپرسیاری ڕەفتارەکانی خۆیانن و ئەمریکا سوپا نانێرێت بۆ بەرگری کردن لە کوردستان، ئەمە بەشێك نییە لە ستراتیجیەتەکە، گرنگ نییە کوردەکان چۆن دۆخەکە دەبینن، واقیعەکە لەوێدا نییە و ئەمە بڕیارێکی عێراقیەو هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە پێویستە بیرکردنەوەیەکی بنەڕەتیتان هەبێت لەبارەی ئەوەی چۆن لەگەڵ عێراقدا دەژین و کار بۆ ئامانجێکی هاوبەش بکەن بۆ بەرگری کردن لە عێراق لە دژی دەستێوەردانی ئێران و تورکیا ئەگەر هەڕەشەیەکی زیاتر هاتەئاراوە، ئێوە ناتوانن ئەم کارە بەم شێوەیەی ئێستا بکەن و ناکرێت پێشبینی ئەوە بکەن ئەمریکا بێت بۆ ڕزگارکردنتان، ئەمە ڕوونادات. من زۆر ڕاستگۆم لەگەڵتاندا. ئەمە واقیعەکەیە بەو شێوەیەی من دەیبینم. ڕەنگە هەڵەبم و دەکرێت هەڵەبم، بەڵام باوەڕیشم وانییە هەڵەبم.

**دەبێت کوردەکان بە چەشنی زۆرێك لە حکومەت و وڵاتەکان بە دوای بەدەستهێنانی بەرژەوەندیەکانی خۆیانەوە بن**

*** ڕاستە کە هەر لایەك بەرگری لە بەرژەوەندیەکانی خۆی دەکات؟**

- ئەوە ڕاستە و من پێموایە دەبێت کوردەکان بە چەشنی زۆرێك لە حکومەت و وڵاتەکان بە دوای بەدەستهێنانی بەرژەوەندیەکانی خۆیانەوە بن. لەلایەکەوە ڕەنگە داوای پشتیوانی بکەیت بڵێیت دەبێت بمانپارێزیت و ئێمە قوربانین، ڕەنگە بتەوێت خۆتان باڵا دەست بن.

*** دوا وتەت چییە؟**

- تا ئێستا هەرێمی کوردستان کۆمەڵگەکەی خۆی بەرەوپێشبردووە و بەشێوەیەکی جوزئیش پەرەی بە حکومەتەکەی داوە و وێنەیەکی زۆر ئیجابی خوڵقاندووە، بەڵام هێشتا من نیگەرانم لە هەندێك کەموکورتی کە گوێبیستی دەبم، من پێموایە واقیعبینی لە ئارادانییە لەبارەی ئەوەی چۆن بە باشترین شێوە بەرگری لەخۆت بکەیت و دەبێت چی بکرێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانت. من قەناعەتم نییە کە ئەمە شتێکی تەواو ڕوون بێت، بەڵام کوردستان جوانە و زۆربەی کاتیش شوێنێکی سەقامگیر و ئارام بووە.

مایكل ئایزنستات بۆ گوڵان:

# ئێستا هێزەكانی ئەمریكا لە عێراقدان دەوڵەتانی دراوسێ دەستدرێژی دەكەنە سەرسنوورەكان، ئەگەر هێزەكان بكشێنەوە خراپتریش دەبێت

**مایكل ئایزنستات یەكێكە لە گەورە تۆژەرانی ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی نزیك و بەڕێوەبەری پرۆگرامەكانی دیراساتی سەربازی و ئاسایشە لە ئامۆژگای ناوبرا و تایبەتمەندە لە وڵاتانی كەنداو، كاروباری ئاسایشی نێوان عەرەب و ئیسرائیل و پێش ئەوەشی پێوەندی بە ئامۆژگای واشنتۆنەوە بكات، ئایزنستات وەك شرۆڤەكاری سەربازی هەتا ساڵی ١٩٨٩ لەگەڵ حكومەتی ئەمریكا كاریكردووە، تاساڵی ٢٠١٠ ش یەكێك بووە لە گەورە ئەفسەرەكانی سوپای ئەمریكا لە عێراق و لە بارەگای سەرەكی هێزەكانی ئەمریكا لە عێراق كاریكردووە، بۆ قسەكردن لەسەر بڕیاری كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا لە كاتی دیاریكراوی خۆی بەپێی ڕێككەوتنی (SOFA) لەنێوان ئەمریكاو عێراق و پێداویستی عێراق بۆ مانەوەی ئەم هێزانە، پێوەندیمان بە بەڕێز مایكل ئایزنستات لە ئامۆژگای واشنتۆن كرد و بەڕێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وەڵامی پرسیارەكانی داینەوە، ئەمەش دەقی ئاخاوتنەكەیە.**



*** كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا لە عێراق یەكێكە لەو هەنگاوانەی كە كاریگەری لەسەر ئاییندەی دیموكراسی لە عێراقدا هەیە، بەپێی ڕێككەوتنی نێوان هەردوو حكومەتەكە، واشنتۆن و بەغدا دەبێت ئەو هێزانە لە كۆتایی ئەمساڵدا بكشێنەوە، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەم كشانەوەیە ڕەوشی ئەمنی وڵاتەكە دەخاتە مەترسیەوە؟ ئایا پێشبینی چ شتێكی دیكە دەكەیت لە پاشەكشەپێكردنی ئەم هێزانە؟**

- سەرەتا ئێمە دڵنیانین لەوەی هێزەكانی ئەمریكا لە كۆتاییدا دەكشێنەوە، پێدەچێت حكومەتی عێراق ئەوەی خستبێتەڕوو كە ئامادەی گفتوگۆكردنە لەبارەی ئەم پرسەوە. ئێمە نازانین ئەنجامی ئەم گفتوگۆیە چی دەبێت و نازانین ئایا لە دەرئەنجامدا دەبێتەهۆی گەیشتن بە بڕیارێك بۆ بانگهێشتكردنی هێزەكانی ئەمریكا بۆ ئەوەی بمێننەوە لە دوای كۆتایی ئەم ساڵەوە. هەروەها حكومەتی عێراق ئەوەی خستۆتەڕوو كە خوازیاری كڕینی فڕۆكەی شەڕكەری F16یە، ئەم فڕۆكانەش پێویستیان بە ڕاهێنەر هەیە. پوختەی مەسەلەكە ئەوەیە ئەگەر هێزەكانی ئەمریكا بكشێنەوە، ئەوا ئەگەرێكی مەنتیقی، ئەگەر نەڵێین ئەگەرێكی باش هەیە كە ئاستی ناسەقامگیری لە عێراقدا بەرز دەبێتەوە، لە كاتێكدا ئەگەر هێزەكانی ئەمریكاش بمێننەوە ئەوا هێشتا تەحەددی لە ئارادا دەمێنێت، بەڵام بوونی ئەمریكا لەو وڵاتەدا بۆ ئەوەیە یارمەتی عێراقیەكان بدات بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو تەحەددیانە ببنەوە، هەروەها ئەگەر هێزەكانی ئەمریكا بمێننەوە، ئەوا ئەو بارودۆخەی ئێستا لە ئارادایە كە بێ كەموكوڕی و كێشە نییە، بەڵام باشترە بە بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو - بەردەوام دەبێت. ئەگەر هێزەكانی ئەمریكاش بكشێنەوە، ئەوا ئەگەری زۆر ئەوەیە ناسەقامگیریەكی زیاتر بێتەئاراوە و ڕەنگە شەڕ و ناكۆكیش ڕووبدات.

*** مەسەلەی بڕیاردان لە كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا لەلایەن عێراقەوە بۆتە پرسێكی سیاسی، بۆتە كارتێكی سیاسی، واتە تێكەڵی بەرژەوەندی سیاسی كراوە، چونكە ئێمە دەزانین كە هەر پێكهاتەیەكی عێراقی ئەم مەسەلەیە بۆ بەرژەوەندی خۆی بەكار دەهێنێت، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا ئەگەر عێراقیەكان و پێكهاتە سیاسییەكان نەتوانن بگەنە ڕێككەوتنێكی هاوبەش، ئایا ئەمریكا پاشەكشە بە هێزەكانی دەكات؟**

- عێراقیەکان ئەوەیان ڕاگەیاندووە کە ئەوان بیر لە ڕێککەوتنێك لەنێوان وەزارەتی بەرگری خۆیان و وەزارەتی بەرگری ئەمریکا دەکەنەوە، بەپێی تێگەیشتنی من سوپای ئەمریکا پێویستە لەوە بکۆڵێتەوە ئایا ئەم بناغەیە بە تەنیا بەسە بۆ هێشتنەوەی هێزەکانی لە دوای کۆتایی ئەم ساڵەوە. من دڵنیانیم لەوەی هێزەکانی ئەمریکا بتوان لە دوای کۆتایی ئەم ساڵەوە بمێننەوە ئەگەر ڕێککەوتنێکی ڕەسمی نەبێت کە لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە موسادەقەی لەسەرکرابێت. هەروەها هەروەك ئێوەش ئاماژەی پێدەکەن ئەگەری ئەوەش هەیە سیاسەت ڕێگە لە گەیشتن بە ڕێککەوتن لەنێوان هەردوو وڵاتدا بگرێت.

**ئێمە دڵنیانین لەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە کۆتاییدا دەکشێنەوە. پێدەچێت حکومەتی عێراق ئەوەی خستبێتەڕوو کە ئامادەی گفتوگۆکردنە لە بارەی ئەم پرسەوە**

*** بە پێی لێکدانەوەی فەرماندەکانی سوپای ئەمریکا، دۆخی ئەمنی ساڵی ڕابردوو باشتر بوو بە بەراورد بە ئەمساڵ، هەروەها هەمیشە مەترسی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ هەیە لەکاتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چۆن ئەم مەسەلەیە لە سیاسەتی ئەمریکا لەبەرچاو دەگیرێت؟**

- ئەگەر دۆخەکە بەم شێوەیە بێت، ئەوا پێموایە ئەمە هۆکاری ئەوەیە بەرپرسەکانی ئەمریکا گوزارشتیان لە ئامادەیی خۆیان کردووە بۆ هێشتنەوەی سوپا لە عێراقدا لە دوای کۆتایی ئەم ساڵەوە، ئەویش ئەگەر عێراقیەکان داوای مانەوەیان لێبکەن، بەڵام ئەمە بڕیارێکی عێراقیە و پێویستە بڕیارێکی عێراقی بێت و لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا ئەم بڕیارە بدرێت و ئێمە ناتوانین هێزەکانمان لەدوای کۆتایی ئەم ساڵەوە بهێڵینەوە بێ ئەوەی عێراقیەکان داوامان لێبکەن. ئەگەر ئەم مەسەلەیە زۆر گرنگە بەلایانەوە، ئەوا دەبێت دەست لەو سیاسەتە هەڵگرن و ئەو کارە بکەن کە پێویستە بۆ ئەوەی بەرژەوەندی عێراق لەبەرچاو بگیرێت لە ناوچەیەکدا کە خێری عێراقیان ناوێت.

**ئەمریکا ئەوەی ڕاگەیاندووە ئەگەر داوای لێبکرێت ئەوا دەمێنێتەوە. ئەمە مەسەلەیەکە دەبێت عێراقیەکان لە نێو خۆیاندا یەکلای بکەنەوە**

*** دەوڵەتە دراوسێکان سنوور دەبەزێنن و بۆمباران دەکەن، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە هێزەکانی عێراق توانای پاراستنی سنوورەکانیان نییە، کەواتە ئایا تا چ ڕادەیەك کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەروازە بۆ دەستێوەردانی دەرەکی دەکاتەوە؟**

- ئێستا کە هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدان ئەمە ڕوودەدات، بۆیە پێموایە خراپتریش دەبێت ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا وڵاتەکە جێبهێڵن. ئەمە پرسێکە تێیدا دەتوانین یارمەتی هێزە ئەمنیەکانی عێراق بدەین بۆ ئەوەی خۆیان بەم کارە هەڵبستن، بەڵام لەم مەسەلەیەدا کە پەیوەستە بە کردەوەکانی ئێرانەوە، ئەم کردەوانە لە ناوچەیەکدا ئەنجام دەدرێت کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کۆنتڕۆڵکراوە و دەبێت ئەم پرسە لە نێوان بەغدا و هەولێر و بە پشتیوانی ئەمریکا یەکلابکرێتەوە. من لەوە دڵنیانیم ئەگەر هێزەکانی ئەمریکاش بمێننەوە، ئەوا کردەوەی لەم شێوەیە ڕوونادات، بەڵام ئەگەر ئەمریکا بکشێتەوە، ئەوا دۆخەکە خراپتر دەبێت.

*** کوردەکانیش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بە هەڕەشە بۆ سەر سەقامگیری هەرێمی کوردستان دادەنێن، کە تەنیا ناوچەی سەقامگیری عێراقە، پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند ئەمریکا سەقامگیری هەرێمی کوردستان بە ئیعتیبار وەردەگرێت، لەبەر ئەوەی دەکرێت ئەمە بە تاقە دەستکەوتی ئەمریکا لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا ئەژمار بکەین؟**

- بە دڵنیاییەوە ئێمە ئەمە لەبەرچاوەدەگرین، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە ئەمە بڕیارێکی عێراقیە، ئەمریکاش ئەوەی ڕاگەیاندووە ئەگەر داوای لێبکرێت ئەوا دەمێنێتەوە، ئەمە مەسەلەیەکە دەبێت عێراقیەکان لەنێو خۆیاندا یەکلایکەنەوە. ئەمریکا کارێکی زۆری لەدەست نایەت جگە لەوەی ڕایبگەیەنێت ئێمە ئامادەین ببینە دۆست و هاوپەیمانی عێراقیەکان، بەڵام هەندێ شتیش هەیە کە دەبێت عێراقیەکان بیکەن بۆ ئەوەی ئەمە ڕووبدات.

*** ئەمریکا خوازیارە هەندێ هێز لە عێراق بهێڵێتەوە، ئایا ئەرکەکانی ئەم هێزانە چی دەبن؟**

- دەبێت گفتوگۆ لەگەڵ عێراقیەکاندا بکرێت لە بارەی ژمارەی ئەم هێزانەوە. ئەرکەکانیشیان بریتی دەبێت لە یارمەتیدانی عێراقیەکان بۆ ڕاوەدونانی تیرۆریستان و هێرشکردنەسەر تیرۆریستان و گرووپە میلیشیاییەکان، یارمەتی عێراق دەدەن لە مەشقپێکردنی هێزە ئەمنیەکانی، هەروەها یارمەتی عێراقیەکان دەدەن لە بونیادنانی متمانە بە خۆیان بۆ ئەوەی بەرهەڵستی بکەن لە دەستێوەردانی دەوڵەتە ئیقلیمیەکان لە کاروباری عێراقدا.

**خوێنێکی زۆری ئەمریکی و عێراقی ڕژاوە بۆ ئەوەی عێراق ببێتە خاوەنی ئەو سەقامگیریەی ئێستا هەیەتی و ئەو فۆرمی حکومەتەی دیموکراسیەی ئێستا هەیەتی**

*** ئایا پێتوایە ئەمریکا هیچ هێزێك لە هەرێمی کوردستان جێدەهێڵێت، ئەویش بۆ ئەوەی یارمەتی حکومەتی هەرێم بدات لە وەستاندنی ئەم بۆردومانانە؟**


- من نازانم، هەرچەندە ئەمە شتێکی زۆر مومکینە. هەروەها ئەمە دەوەستێتەسەر بەغدا و هەولێر.

*** دوا وتەت چییە؟**

- خوێنێکی زۆری ئەمریکی و عێراقی ڕژاوە بۆ ئەوەی عێراق ببێتە خاوەنی ئەو سەقامگیریەی ئێستا هەیەتی و ئەو فۆرمی حکومەتە دیموکراسیەی ئێستا هەیەتی. زۆر گرنگە بەردەوام بین لە کارکردن لەگەڵ یەکدا بۆ ئەوەی بینا لەسەر ئەو دەستکەوتانە بکەین کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەدەستهاتوون. هیوادارم حکومەتی عێراق کاری ڕاست بکات بۆ ئەوەی بوار بەوە بدات ئەم پەیوەندییە لە داهاتوودا بەردەوام بێت.


ارحل

# ئەم هەفتەیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بڕیاردەدات.. توندوتیژییەکانی سوریا، قۆناغی دوای ڕژێمی ئەسەدی نزیککردۆتەوە



((ئەقڵ و واقیع بڕواناکەن، راســـتەوخۆ دوای رووخانی رژێمی ئێستا،
موکراتی لە ســـوریا بەدیبهێنرێـــت، لەبەرامبەریشـــدا ئەقڵ و واقیع
وان‌اکەن، رژێمێکی ئەمنی سەرکوتکار هەتاسەر لەسوریا لەدەسەڵاتدا
ێنێت، ئەمە لەخۆیـــدا تەڵەزگەیەکە، لەلایەک، لـــەدوای خەباتێکی
وورودرێـــژ نەبێت، دیموکراتی لەســـوریا بەدی نایەت، پێویســـتە لە
وارچێوەی ئەو هەلومەرج و پرانیسپانەدا بێت کە پێویستە فەراهەم بکرێن
دابمەزرێن، بۆ ئەمەش دەبێت ئەمڕۆ دەســـتی پێبکرێت نەک سبەینێ،
لایەکی دیکەشەوە بەبێ بوونی دیموکراتی بێجگە لەکشانەوە و گەیشتن
کەناری هەڵدێر هیچ ڕێگەیەکی دیکە نییە.... بێگومان ئەوە شـــتێکی
وە کە دەڵێن، لەمێژووی هاوچەرخدا عەرەب بەشێوەیەکی سیاسیی بە
موکراتی ئاشـــنا نەبووە، هەروەها لەمێژووی کۆنیشدا نەیانزانیوە،
مەش لەبەر ئەوەیە لەســـەر ئاستی رۆشنبیری، دیموکراتی دەکەوێتە
رەوەی توراســـی عەرەبی، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە بەشێوەیەکی
هـــا مەحاڵە کار بۆ بونیادی دیموکراتـــی لەوڵاتانی عەرەبی بکرێت..
ڵکو مانای ئەوەیە ئەم کارە پێویســـتی بەدابینکردنی
لومەرجـــی بنەڕەتی هەیە، بەبێ ئەم هەلومەرجە
چ کارێک بەرهەمی نابێت... یەکەم مەرج ئەوەیە
مەڵگە لەســـەر ئاستی سیاســـیی و رۆشنبیری
رچەرخێت بۆ کۆمەڵگەیەکی سەردەمی یاساکانی
ـــەر ئەرز و تاکگەرایـــی و مرۆڤایەتی، یان بە
انە سیاسی مەدەنیەکەی، جیاکردنەوەی تەواو
نێوان ئایین و سیاسەتدا)).



بەشێک لەنامەکەی ئەدۆنیس
بۆ ئەسەد

**واشنتۆن پێیوایە ئێستا ئەسەد لەسەر رۆیشتنە و پێویستە هەمووومان بیر لەقۆناغی دوای ئەسەد بکەینەوە هەروەك چۆن ٢٣ ملیۆن سوری بیری لێدەکاتەوە**

**ئەوەی زۆر جێی داخە ئەوەیە هێشتا وڵاتە عەرەبیەکان و وڵاتانی رۆژئاوا بەشێوەیەکی راستەوخۆ و راشکاوانە داوایان لە بەشار ئەسەد نەکردووە بۆ ئەوەی دەسەڵات جێبهێڵێت**

بارودۆخی سیاسی سوریا گەیشتۆتە ئەو قۆناغەی پێی بوترێت خاڵی نەگەڕانەوە( نقطة اللاعودة)، ئەمەش واتە هەڵمەتی هێزەکانی سوپا و ئەمنی رژێمی ئەسەد گەیشتۆتە ئەو ئاستەی نەتوانن بێجگە لە درێژەدان بە توندوتیژی و سەرکوتکردنی زیاتری خۆپیشاندەران چاوەڕێی شتێکی دیکەیان لێ بکرێت، هەربۆیە جاری کارنی وتەبێژی فەرمی کۆشکی سپی گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی بەجیهان رابگەیەنێت (سوریای بێ ئەسەد باشترە، ئێستا ئەسەد لەسەر رۆیشتنە و پێویستە هەمووومان بیر لەقۆناغی دوای ئەسەد بکەینەوە هەروەك چۆن **٢٣** ملیۆن سوری بیری لێدەکاتەوە)، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئایا ئاماژە کردن بە قۆناغی دوای رژێمی ئەسەد چۆن دەبێت؟ لە کاتێکدا هەتا ئێستاش چەند کارتی گرنگ بەدەست رژێمی سوریا ماوە، کە لەهەموویان گرنگتر وەفای هێزەکانی سوپا و ئەمنی تایبەتە بۆ رژێمی ئەسەد، هەروەها تا ئێستاش ئۆپۆزسیۆنی سوریا لەو ئاستە نین، نەك بتوانن رژێم بروخێنن، بەڵکو لە توانایاندا نییە کاریگەریان لەسەر رای گشتی خەڵکی خۆپیشاندەری سوریاش هەبێت، لە بەرامبەردا وەك باڵیۆز جیفری وایت پسپۆری کاروباری بەرگری لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزیك و تایبەتمەند لەکاروباری سەربازی و ئاسایشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (بەشێوەیەکی بەرچاو ئاماژەکانی هیلاکی بە سوپای سوریاوە دەرکەوتووە)، تیایدا ئاماژە بەوە دەکات لەگەڵ ئەوەی سوپای سوریا ئاماژەی هیلاکی پێوە دەرکەتووەو لە ئایندە کارەکانی قورس تر دەبێتەوە، بەڵام رژێمی سوریا کۆمەڵێك هێزی دیکەی ناوخۆیی هەیە بۆ پاراستنی خۆی، لەمبارەوە ئاماژەی بەم هێزانە کردووە: (لەگەڵ ئەوەی خەریکە ئاماژەکانی هیلاك بوون و برست لێبڕان بە هێزەکانی سوپای سوریا دەردەکەوێت، بەڵام هەتا ئێستاش رژێمی سوریا توانیوویەتی پارێزگاری بە دڵسۆزی بە جیهازی ئەمنی ناوخۆوە بکات. ئەو جیهازەش ئەم پێکهاتانە لەخۆی دەگرێت، موخابەراتی گشتی، ئیستیخباراتی عەسکەری، موخابەراتی هێزی ئاسمانی، بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سیاسی، نووسینگەی ئەمنی قەومی، جیهازی ئەمنی حزبی بەعس، پۆلیسی بەرەنگاربوونەوەی ئاژاوەگێڕی، هێزەکانی (شەبیحە) کە بەرگی مەدەنی دەپۆشن، ئەمە بێجگە لەوەی هەتا ئێستا دڵسۆزی دەستەبژێری سوپا بۆ (ئەسەد) بەهێزە، لەوانەش هێزەکانی گاردی کۆماری، فیرقەی چواری مودەرەع، هەردوو فیرقەی ١٤ و ١٥ی قواتی خاصە)، کەواتە ئەوەی باڵیۆز جیفری وایت لە وتارەکەی ئاماژەی پێکردووە، هێشتا رژێمی سوریا ئەو توانایەی هەیە کە بتوانێت زیاتر پارێزگاری لەخۆی بکات و ئەوەی وتەبێژی فەرمی کۆشکی سپی و وەزیری دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بە رۆیشتنی ئەسەد ئاماژەی پێدەکەن کارێکی ئاسان نابێت و پێویستی بە دەرەنجامی هەڵسەنگاندنی نێردراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە بەو شێوەیە بڕیاری لەسەر دراوە لەم هەفتەیەدا راپۆرتی سەبارەت بە دوا پێشهاتەکانی سوریا بخاتە روو، وەك ئالان ژۆپێی وەزیری دەرەوەی فەرەنساش دوای بڕیارەکەی هەفتەی رابردووی ئەنجومەنی ئاسایش ئاماژەی پێکردووە بەوەی (پاریس بڕیارەکانی رژێمی سوریا بۆ بواردان بە فرەحزبی بە جۆرێك لە ئیستفزاز تێدەگات، لەبەر ئەوەی رژێمی سوریا کاتێك بڕیار دەدات بوار بەفرەحزبی دەدات، لەهەمانکاتدا بەردەوامیشە لەسەرکوتکردنی خۆپیشاندەران. بۆیە گرنگ نییە سوریا چ بڕیارێك دەردەکات، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە چۆن رەفتار دەکات، هەربۆیە پێویستە پێش هەر شتێك هەڵمەتەکانی سەرکوتکردن دژی خۆپیشاندەرانی مەدەنی رابگرێت کە داوای ماف و ئازادییەکانیان دەکەن) لەمەش زیاتر ژۆپێ جەختی لەسەر ئەوەکردۆتەوە(بارودۆخی ئێستای سوریا بە مەرسومی کۆماری چارەسەر ناکرێت، بەڵکو پێویستی بە گۆڕانکارییەکی ریشەیی لە رەفتار و هەڵوێستەکانی سوریا هەیە) سەبارەت بەو ماوەیەشی ئەنجومەنی ئاسایش بە حەوت رۆژ دیاریکردووە بۆ پێداچوونەوە بە بارودۆخی سوریادا، وەزیری دەرەوەی فەرەنسا ئاماژەی بەوەکرد(ئێمە ئومێدەوارین دوای تێپەڕبوونی ئەو حەوت رۆژە ئەگەر رژێمی سوریا نەیتوانی هیچ بگۆڕێت، ئەنجومەنی ئاسایش هەنگاوی زیاتر لە بڕیارەکانی هەڵبگرێت و ئەگەر رژێمی سوریا نەهاتە ژێر بار، ئەوا دەبێت بڕیارێکی مولزەم وەربگیرێت)). ئەوەی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا ئاماژەی پێدەکات، بەوەی پێویستە ئەنجومەنی ئاسایش بڕیارێك دەربکات و رژێمی سوریا مولزەم بێت و ئەو بڕیارە جێبەجێ بکات، ئەوا لەم حاڵەتە رژێمی سوریا دەکەوێتە دووڕیانێکەوە، دەبێت یەکێك لەم دوو رێگەچارانە هەڵبژێرێت:

- یان دەبێت بە بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش پابەند بێت و هەڵمەتی توندتیژی دژی خۆپیشاندەران رابگرێت، ئەمەش هەمان سیناریۆی میسر و تونس دووبارە دەکاتەوە.
- یان دەبێت بڕیارەکە پێشێل بکات و رووبەڕووی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ببێتەوە.

سەبارەت بە خاڵی یەکەمیان کە پابەندبوونە بە بڕیاری ئاییندەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە، وەك چاودێران مەزندەی دەکەن، زەحمەتە رژێمی ئەسەد بتوانێت بەو بڕیارەوە پاپەند بێت و دەستبەرداری

هەڵمەتەکانی توندوتیژی بێتەوە، لەم حاڵەتەدا ڕژێمی ئێستای سوریا لە دەسەڵاتدا نامێنێت، لە حاڵەتی دووەمیشدا کە دەبێتە پێشێلکاری بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش، ئەوا ڕژێمی سوریا خۆی ڕووبەڕووی دەستێوەردانی سەربازی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکاتەوە، بۆ ئەمەشیان وەك زۆربەی چاودێران مەزندەی دەکەن، بەو ئاراستەیە باری سوریا دەخوێننەوە، کە ڕوودانی ئەگەری دووەم لە ئەگەری یەکەم زیاترە، لەبەر ئەوەی پەنابردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دژی ڕژێمی سوریا وەك ئەوەی لیبیا نابێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ڕوسیا هەڵوێستێکی ئاشکرای بەرامبەر بەسوریا دەربڕیوەو بەتایبەتی کە دیمتری میدفیدیف سەرۆکی ڕوسیا ڕاشکاوانە سەرۆکی سوریای ئاگادار کردۆتەوە (ئەگەر ڕژێمی سوریا بە پەلە دەست بە گۆڕانکاری نەکات، ئەوا چارەنووسێکی خەمناك چاوەڕێیەتی)، بێگومان گۆڕینی هەڵوێستی ڕوسیا بەرامبەر ڕژێمی ئەسەد، هاوشێوەی گۆڕینی هەڵوێستی ڕوسیا بەرامبەر بە عێراق پاش ئەوەی دەوڵەتی کوێتی داگیرکرد و بووە هۆکاری ئەوەی کە بۆ یەکەمجار دوای کۆتایی هاتنی

**لەگەڵ ئەوەی خەریکە ئاماژەکانی هیلاك بوون و برست لێبڕان بە هێزەکانی سوپای سوریاوە دەردەکەوێت. بەڵام هەتا ئێستاش ڕژێمی سوریا توانیویەتی پارێزگاری بە دڵسۆزی بە جیهازی ئەمنی ناوخۆوە بکات**

شەڕی سارد هاوپەیمانیەتیەکی نێودەوڵەتی بۆ دەرپەڕاندنی عێراق لە کوێت دروست بێت و ببێتە بنەمای ئەو گۆڕانکارییەی پێی بگوترێت (سیستەمی نوێی جیهان New World Order–)، ئەمجارەش بە گۆڕینی هەڵوێستی ڕوسیا بەرامبەر سوریا، هەست دەکەین جیهان بۆ نوێکردنەوەی سیستەمی نوێی جیهان، تۆنی قسەکردنیان گۆڕاوە و هەست دەکرێت پەلەیانە بۆ ئەوەی بەزوویی هەڵوێستێکی تازە بە هاوپەیمانی لەگەڵ ڕوسیا دژی ڕژێمی سوریا وەربگرن).

### قۆناغێکی نوێی مامەڵەکردن لەگەڵ تەنگژە ناوخۆییەکان

ئێستا سەرکردەکانی وڵاتانی عەرەبی لەبەردەم دوو ڕێگە چارە خۆیان دەبیننەوە، ئایا پێویستە بۆ بەڕێوەبردنی تەنگژەکان شێوازی حوسنی موبارەك و زینەلعابدین بن عەلی هەڵبژێرن، یان شێوازی بەشار ئەسەد و موعەمەر قەزافی. ئەوەی لێرەدا ڕوونە هەرکامیان هەڵبژێرێت ئاکامی ئەوەیە کە ڕژێمە سەرکوتکارەکان دەگۆڕێن و لەناو دەچن، بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و بە گرنگی وەربگیرێت سایکۆلۆژیەتی ڕژێمە خۆسەپێن و دیکتاتۆرەکانی وڵاتانی عەرەبییە، بەتایبەتی ئێمە وەك عێراقی کە ئەزموونێکی گەورەمان لەگەڵ سایکۆلۆژیەتی ڕژێمی پێشووی عێراق هەبووە، بۆیە لەم خاڵەوە پێدەچێت ڕێگە چارەی دووەم بگیرێتە بەر، هەر بۆیە هەموو مەزندەکانیش بەو ئاراستەیەن بەشار ئەسەدیش خۆی لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تاقیدەکاتەوە، ئەم مەزندانە بەرەو ئەو پرسیارەمان دەبات ئایا بارودۆخی سوریا بەرەو کوێ دەچێت؟ ئەم پرسیارەمان ئاراستەی ڕۆژنامەنووس و ئەکادیمستی ناسراو پرۆفیسۆر ئالۆن بن مایەر لە زانکۆی نیویۆرك کرد، کە خۆی تایبەتمەندە لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تورکیا، سەبارەت بەم لایەنە پرۆفیسۆر بن مایەر لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی و وتی: (ئێوە دەزانن، هەمیشە پێشبینیکردنی وردی ئەوەی دەکرێت ڕووبدات کارێکی زەحمەتە، بە تایبەتی لە ناوچەیەکدا کە زۆر ناسەقامگیرە و زۆر پێشبینینەکراوە، بەڵام بە داخەوە بارودۆخەکە لە سوریا لەلایەن حکومەتەوە گەیشتە ئاستێك کە چیتر ناتوانرێت بە ئاسانی پێچەوانەبکرێتەوە و هەروەکو ڕۆژانی ئاسایی دەست بە کار بکرێتەوە. لەسەرەتادا بەشار ئەسەد دەرفەتی مەزنی لە پێش بوو بۆ ئەنجامدانی هەندێ چاکسازی بونیادنەرانە، بێ ئەوەی ئەمە بە زەروورەت سەری بکێشایە بۆ لاوازکردنی پێگە و دەسەڵاتەکەی. بە داخەوە ئەو ئامۆژگاریانەی ڕەچاو نەکرد کە لەلایەن زۆر کەسەوە پێیدەدرا، کە من یەکێك بووم لەو کەسانە. لە جیهانی عەرەبیدا ئاییندە ئاراستەیەکی نوێی گرتۆتەبەر و ئەو سەرکردانەی ئامادەی گوێگرتن نین لە خەڵکەکەیان دەبێت لە کۆتاییدا باجەکەی بدەن. بۆ بارودۆخی ئێستای سوریا من بەتەواوەتی باوەڕم وایە کات درەنگ بووە بۆ ئەوەی بەشار ئەسەد خۆی ڕێکبخاتەوە

**پاریس بڕیارەکانی ڕژێمی سوریا بۆ بواردان بە فرەحزبی بە جۆرێك لە ئیستفزاز تێدەگات. لەبەر ئەوەی ڕژێمی سوریا کاتێك بڕیار دەدات بوار بەفرەحزبی دەدات لەهەمانکاتدا بەردەوامیشە لەسەرکوتکردنی خۆپیشاندەران**

و دووبارە دەسەڵاتی خۆی پتەو بکاتەوە، کەواتە نادڵنیاییەکی تەواو هەیە لە ئاست ئاییندەدا. هەربۆیە زەحمەتە لە ئێستادا بتوانرێت ئامۆژگاری کەسێکی وەك بەشار ئەسەد بکرێت، لەبەر ئەوەی لە ڕاستیدا چیتر ئەو کۆنترۆڵی تەواوی خۆی بەدەستەوە نییە، ئێمە وابیردەکەینەوە کە وایە، بەڵام وانییە، چونکە هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ئەو کەسانەی بە دەوریەوەن، لە هەواڵگری، لە ئاسایشی ناوخۆیی و لە سوپا، زیاتر نیگەرانن لە بارەی چارەنووسی خۆیانەوە. ئامۆژگاری من بۆ ئەوان ئەوەیە بیر لە داهاتوو بکەنەوە، چۆن ڕووبەڕووی خەڵکی سوریا دەبنەوە. ئایا ئەم کوشتارە دەبێتەهۆی ئەوەی ئەو دەسەڵاتە بەدەست بهێنن کە بەراستی هەوڵی بۆ دەدەن بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە حوکمڕانیکردن؟ چونکە ئەوەی دەستپێکردووە بەوە کۆتایی نایەت کە ڕژێمەکە بە چەشنی ڕابردوو بمێنێتەوە. دەبێت شتەکان بگۆڕێن، ئەویش بە شێوەیەکی زۆر دراماتیکی. تاوەکو ڕژێمی سوریا زووتر لەم ڕاستیە تێبگات، ئەوا بۆخۆی و بۆ گەلی سوریاش

باشترە).

ئەوەی پرۆفیسۆر ئەلۆن بن مایەر جەختی لەسەر دەکاتەوە، ئێستا پێویستە بیر لە ئاییندەی سوریا بکرێتەوە، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئایا ئاییندەیەکی ئاشتیانە یان چاوەڕێی شەڕێکی نەخوازراو چاوەڕوانکراو بین؟ ئەم پرسیارەمان ئاراستەی باڵیۆز چارلس ئێف دونبار کرد کە ئێستا توێژەری باڵایە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و ئابووری سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەیوەندییەکانی نێوان ئیسلام و ڕۆژئاوا لە زانکۆی ماسۆشێتد و سەبارەت بەم پرسیارەی گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ دەربڕین و وتی: (زەحمەتە بزانین بارودۆخەکە بەرەو کوێوە دەڕوات، بەڵام بەبۆچوونی من ڕژێمی سوریایە کە بریتییە لە عەلەوییەکان و کەمینەشن، لەپێناوە خۆیاندا تا ئەوپەڕی شەڕ دەکەن، بۆ ئەمەش لایەنگیری زۆریان هەیە و دەتوانن بەردەوامی پێبدەن، لەلایەکی ترەوە، ئەوە شتێکی زۆر ئاشکرایە کە زۆربەی هاوولاتیانی سوریا ئامادەن باجێکی زۆر بەرز بدەن لەپێناو بەردەوامبوون لە خۆپیشاندانەکانیان و خواستەکانیان لەبەرامبەر ڕژێمەکە. بۆیە، بەڕای من زۆر زەحمەتە بزانین ئەم بارودۆخە دەگاتە کوێ. ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت ڕژێمی سوریا لەگەڵ یەمەن و لیبیا، سێ وڵاتی هەرە سەرسوڕهێنەرن لە جیهانی عەرەبیدا، کە زۆر بەتوندی دژی خواست و داواکاری هاوولاتیانی خۆیان ڕادەوەستنەوە بۆ ئەوەی لەسەر کورسی دەسەڵات بمێننەوە).

باڵیۆز دونبار کە لەساڵی ١٩٦٣- ١٩٩٢ لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کاریکردووە و لە ساڵانی ١٩٨٣- ١٩٨٥ باڵیۆزی ئەمریکا بووە لە قەتەر و لە ١٩٨٨- ١٩٩١ باڵیۆزی ئەمریکا بووە لەیەمەن، هەموو ئەگەرەکانی لە بەردەوامی شەڕدا کۆکردەوە، بۆیە پرسیاری ئەوەمان لێکرد ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەر بێدەنگ دەبێت یان چۆن لەم شەڕەدا هەڵوێستی دەبێت و چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکات؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا باڵیۆز دونبار پێی وتین: (پێش هەمووشتێك، من لەگەڵ ئەو بۆچوونەتان نیم کەدەڵێن کۆمەڵگەی

**سوریا یان دەبێت بە بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش پابەند بێت و هەڵمەتی توندتیژی دژی خۆپیشاندەران ڕابگرێت، یان دەبێت بڕیارەکە پێشێل بکات و ڕووبەڕووی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ببێتەوە**

نێودەوڵەتی بێدەنگیی نواندووە. لەوانەیە هەڵە بم و لەوانەشە وانەبێت، بەڵام پێموایە بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایش هەیە و پێشوەختە پیادەکراوە و سەرکۆنەی ڕژێمی سوریا دەکات، وابزانم ئەمڕۆ (مەبەستی ٢٠١١/٨/٣) یە، لە هەواڵەکان بیستم کە «ئەڵمانیا» داوای لە ئەنجومەنی ئاسایش کردووە، دوای هەفتەیەکی دیکە پێداچوونەوە بە هەڵوێستی ڕژێمی سوریا بکرێتەوە، بۆیە بەڕای من کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هێشتا خۆی ئامادەنەکردووە بۆ دەستێوەردانی سەربازی لە سوریادا، جگە لەو حاڵەتە نەبێت کە نەتەوە یەکگرتووەکان بەشێوەیەکی تەواو پشتگیریی بکات، هاوکات لەو بڕوایەدانیم کە نەتەوە یەکگرتووەکان جارێ گەیشتبێتە ئەو خاڵە. بۆیە بەڕای من ئەو بۆچوونەتان دروست نییە کە دەڵێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەبێ دەنگی دانیشتووە. هەڵبەتە بەبێ کۆدەنگی



بـۆ وڵاتانی دراوسـێ زەحمەتـە بتوانن بجووڵێنـــەوە، لەوانەیە ئەم جۆرە کۆدەنگیە بێتەکایەوە، بەڵام پێموایە باجی دەستێوەردانە سەربازییەکەی لیبیا، با بەڕاشکاوانە بیڵێم، لەو ئاستە دەرچووە کە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بە دەستێوەردانەکەی دابوو، ئەمەش نیگەرانیەکی گەورەی لای وڵاتان دروســـتکردووە، بۆیە هەستدەکرێت حەماســـێکی کەمتر هەیە بۆ پەنابردن بۆ هێزی سەربازی بۆ هەر وڵاتێك، بەتایبەتی وڵاتیکـــی ئیســـلامی یان راشـــکاوانەتر وڵاتێکی عەرەبی، پێموایە هیچ ئەگەرێك نییـــە ویلایەتـــە یەکگرتـــووەکان بەبـــێ کۆدەنگیەکـــی کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتی

**سەرۆکی روسیا**
**راشکاوانە ئەسەدی ئاگادار**
**کردۆتەوە ئەگەر**
**رژێمی سوریا بەپەلە دەست**
**بە گۆڕانکاری نەکات،**
**ئەوا چارەنووسێکی**
**خەمناك چاوەڕێیەتی**


هیـــچ هەنگاوێك هەڵبگرێـــت، بێگومان پێویســـتە لەم بارەیەوە شتێك بکرێت، بەڵام دڵنیانیم لـــەوە زیاتر چی ئەنجام دەدرێت، دوو وڵاتی دراوسێی گرنگ، «تورکیا» و «ئێران»، تەنیا چاودێریی بارودۆخەکان دەکەن، بەڵام پێموایە کە هەڵوێســـتەکەی ســـەرۆك «ئۆباما» ژیرانە بوو، کە وتی تەنیا لەگـــەڵ جووڵانەوەیەکی نێودەوڵەتی دەجووڵێتـــەوە، وەك خۆم دەمەوێ ئەوە بڵێم کە لە ناخمەوە هەست بە ناخۆشیەکی زۆر دەکەم بۆ ئەو بارە ناخۆشەی کە هاووڵاتیانی ســـوریا پێی تێدەپەڕن، هـــاوکات دان بەو شـــتە دەنێم کە زۆر سەرسامیان بوومە لە بوێرییان و لە وەستانیان لەدژی رژێمەکە، بەڵام پرسیاری گرنگ و یەکلاکەرەوە لێرەدا ئەوەیە کە ئایا هێزە سەربازییەکان لە سوریا تاچەنـــد و تا کەی ئامادەن بەردەوامبن لە پشتگیری کردنی ســـەرۆك «ئەسەد» و رژێمەکە؟ ئەمە کێشە سەرەکیەکەیە).

## لە چاوەڕوانی کۆدەنگی نێودەوڵەتیدا

ئـــەوەی هەتـــا ئێســـتا کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتی چاوەڕێی دەکات، دروستبوونی کۆدەنگـــی نێودەوڵەتیـــە ســـەبارەت بـــە چۆنیەتـــی چارەســـەرکردنی بارودۆخی ئێســـتای ســـوریا یاخـــود چۆنیەتـــی مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخی ســـوریای پاش رۆشـــتنی ئەســـەد، ســـەبارەت بەم لایەنە پرســـیارمان لە پرۆ فیسۆر میهرزاد بۆروجێردی ئوســـتادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی ماکسویل و تایبەتمەند لەسەر سیاســـەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت کرد، لەوەڵامدا پرۆ فیســـۆر میهیرزاد بەمجۆرە رای خـــۆی بۆ گـــوڵان دەربڕی و وتی: (ئاشکرایە رژێمی سوریا تاکو ئێستا زۆر خراپ رەفتاری بەرامبەر خۆپیشـــاندەران کردووە، ســـوریای کردۆتە گۆمێك خوێن، بـــەڵام ئەوەی جێگەی سەرســـامی منە، ویڕای ئـــەو هەڵمەتی ســـەرکوتکردنەش دەبینین نارەزاییەکان سەرتاســـەری وڵاتی گرتۆتەوە، ئەمەش نیشـــانەی ئەوەیە کە بارودۆخەکە بەرەو ئاسییبوونەوە ناچێت، لەم بارودۆخەدا گرنگترین هەڵوێست کۆدەنگی نێودەوڵەتییە، من لەو بڕوایەدام هەڵوێســـت و دەنگیان بەرزتر دەبێتەوە و چالاکتر دەبن لەبەرامبەر ئەو شتانەی کە لە «سوریا» روودەدات، بـــەڵام ســـەبارەت بـــەوەی کە ئێســـتا بێدەنگن، پێموایە زۆر گرنگە ئەو شـــتە لەیادنەکەین کە وڵاتانی ناوچەکە، وەکو «ئیســـرائیل» و «تورکیا» لەگەڵ وڵاتەکانـــی تر، زۆر نیگەرانن لەبەرئەوەی نازانن پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن



کێن و یاخود پاش «ئەسەد» کێ دێتە جێگەی، هەروەها نازانن سیاسەتەکان چی دەبن لەبەرامبەر هەموو کێشە هەرێمییە جیاوازەکان و نازانرێت کاردانەوەیان چۆن دەبێت لەبەرامبەر «ئێران» و «لوبنان». بۆیە ئەم هەموو لایەنانە شتی نادیارن، کە لەوانەیە وایکردووە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دوودڵ بێت لە دەستێوەردان بە ئاستێکی چالاك، بەڵام ئەگەر ئەم کۆمەڵکوژییە بەردەوام بێت ئەوکات هەڵبژاردنەکان لەبەردەم جیهانی دەرەوە روو لە کەمی دەکات و دانانیشن بێ ئەوەی هیچ نەکەن. لێرەوە دەکرێت سەبارەت بە هەڵوێستی ئەمریکاش هەڵوەستە بکەین و جیاکردنەوەیەك بکەین لەنێوان ئەو شتانەی کە پێویستە «ئۆباما» ئەنجامیان بدات لەگەڵ ئەو شتانەی کە مەبەستێتی بیانکات، هاوکات پێویستە ئەو شتەیش لەیاد نەکەین کە «ئۆباما» کێشەی ناوخۆیی زۆری لەبەردەمدا هەیە بەتایبەتی لە کۆنگرێس، سەبارەت بە پێکدادانەکانی «لیبیا» دەستەکانی «ئۆباما» لەو بارەیەوە بەستراونەتەوە و لەتوانایدا نییە سەرلەنوێ ویلایەتە یەکگرتووەکان تێوەگلێنێت لە ئۆپەراسیۆنێکی گەورەی دیکە لە «لیبیا» و یانیش «سوریا».




مەنسوری موعەددل بۆ گوڵان:

**ئەمریکا لەبەر تێوەگلانی لە عێراق و ئەفغانستان و کێشەی نێوان دیموکراتی و کۆمارییەکان، هەڵوێستی بەرامبەر سوریا نییە**

بۆیە لەو بڕوایەدانیم کە پێشبینیی شتی زۆر بکەین لە دەستێوەردانی سیاسی لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پێموایە کە شتەکە ئەنجام دەدرێت زیاتر لەڕووی سەپاندنی سزا و کشانەوەی باڵیۆزەکان و شتی دیکە لەو جۆرە بابەتانە).

بەڵام ئەڵۆن بن مایەر لە درێژەی لێدوانەکەی بۆ گوڵان ئەوەی خستەڕوو کە جێگەی داخە تائێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی عەرەبی راشکاوانە داوایان لە ڕژێمەکەی ئەسەد نەکردووە دەست لەکاربکێشێتەوە، بۆیە سەبارەت بە هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی و وتی: (بوونی هەڵوێستی نێودەوڵەتی بەرامبەر سوریا زۆر گرنگە، بە بیرکردنەوەی من ئەوەی زۆر جێی داخە ئەوەیە هێشتا وڵاتە عەرەبییەکان و وڵاتانی رۆژئاوا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و راشکاوانە داوایان لە بەشار ئەسەد نەکردووە بۆ ئەوەی دەسەڵات جێبهێڵێت. سەبارەت بە هەڵوێستی ئەمریکاش، دەبو ئەمریکا دەستبەجێ باڵیۆزی خۆی لە دیمەشق بکشێنێتەوە، دەبوو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کۆبکردایەتەوە بۆ سەپاندنی سزای گەورە بەسەر سوریادا. کە مەرج نییە سوپای ڕەوانە بکردایە بۆ هێرشکردنە سەر خاکی سوریا، بەڵام دەیتوانی چەندین ڕێوشوێنی قەسری بگرێتەبەر بۆ ئەوەی فشارێکی بێئەندازە بخاتەسەر سوریا، بە داخەوە ئەمە ڕوویندا و ئەمەش مایەی کارەسات بوو کە خەڵکی سوریا باجەکەی دەدەن و دەبێت ئەمە بوەستێت و کاتی ئەوە هاتووە ئەمریکا و جامیعەی عەرەبی، ئەگەر ئەم جامیعەیە شتێکی لێماێتەوە، زەنگی ئاگادارکردنەوە لێبدەن و کارێك لەو بارەیەوە بکەن، ئێستا ئەمە بکرێت باشترە نەك دواتر، لەبەر ئەوەی وا هەست دەکات مۆڵەتی کوشتنی خەڵکەکەی هەیە بێ ئەوەی ڕووبەڕووی دەرئەنجامەکانی ببێتەوە. هەر بۆیە نەبوونی داوایەکی لەم چەشنە بۆتە مایەی هاندانی تاوەکو بەردەوام بێت لە دەسەڵاتدا و بەردەوام بێت لە کوشتنی خەڵکەکەی، چونکە پشت ئەستورە بە بیرکردنەوەی وڵاتە عەرەبی و ڕۆژئاواییەکان، کە بیرکردنەوەشیان بریتییە لەوەی باشترە لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە،



باڵیۆز چارلس دونبار بۆ گوڵان:

**ڕژێمی سوریا بڕیاریداوە بەردەوام بێت لەسەر هەڵمەتەکانی خۆی و هاووڵاتیانیش بڕیاریانداوە بەردەوام بن لە خۆپیشاندان بۆیە زەحمەتە بزانین ئەم دۆخە بەکوێ دەگات**

لەبەر ئەوەی بێ بوونی ئەو دۆخێکی پڕ پشێوی دروست دەبێت لە سوریا کە ڕەنگە کاریگەرییەکانی بپەڕێتەوە بۆ وڵاتانی دیکە، وەك لوبنان، هەروەها ڕەنگە دەرئەنجامی جددی لێبکەوێتەوە بۆ ئێران و بۆ ئیسرائیل، ئەمە نیگەرانی ئەوانە و بە بڕوای من ئەمە هۆکاری سەرەکییە کە تا ئێستا داوای دەستبەجێ جێهێشتنی دەسەڵاتیان لێنەکردووە. هەروەها من باوەڕم وایە دەکرێت ئەمە بۆ دوو تا سێ مانگی ڕابردوو ڕاست بوایە، بەڵام پێم وانییە چیتر ئەمە ڕاست بێت. چیتر بەشار ئەسەد ناتوانێت حکومڕانی سوریا بکات و باشترین شت بۆ خۆی و بۆ سوریا ئەوەیە دەسەڵات جێبهێڵێت و تا زووتریش جێیبهێڵێت باشترە)).

سەبارەت بەدواکەوتنی هەڵوێستی نێودەوڵەتی دیسان پرسیارمان لە پرۆفیسۆر مەنسوری موعەددل ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی میشیگان و تایبەتمەند لەسەر تەنگژە سیاسییەکان کرد و لەمبارەوە پرۆفیسۆر موعەددل بەو جۆرە



میهرزاد بۆرۆجێردی بۆ گوڵان:

**هەموو ئاماژەکان بەرەو ئەو ئاراستەیەن بارودۆخی سوریا بەرەو ئاساییبوونەوە ناچێت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش هەڵوێستی توندتری بەرامبەر رژێمەکەی ئەسەد دەبێت**

رای خۆی خستەروو کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتەواوی بێدەنگ نەبوون، ئەمریکاش کە وەك پێویست هەنگاوی هەڵنەگرتووە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تێوەگلانی لە عێراق و ئەفغانستان و هەروەها ئەو ململانێ ناوخۆییەی ئێستا لەنێوان کۆماری و دیموکراتیەکاندا هەیە، لەم چوارچێوەیەدا و لەلێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی: (دەتوانین لەیەك شت دڵنیابین، ئەویش ئەوەیە رژێمەکەی ئەسەد نزیکەی هەموو شەرعیەتێکی لەدەستداوە و نزیکەی هەموو دەرفەتەکانی ئەنجامدانی چاکسازی لە پێناو هێنانەدی ئارامی و سەقامگیریدا لەدەستداوە. دەرئەنجامەکەش دەوەستێتەسەر ئەوەی تا چ رادەیەك موعارەزە دەتوانێت سەرچاوە و دەسەڵاتی پێویست بەدەست بهێنن بۆ ئەوەی رژێمەکە بگۆڕێت، لێرەوە سەبارەت بە هەڵوێستی نێودەوڵەتی بەرامبەر بارودۆخی سوریا، پێمـوایە بە تەواوەتی بێدەنگ نەبوونە، لەبەر ئەوەی ئیدانەی ئەو توندوتیژیانەیان کردووە کە لەلایەن رژێمی سوریاوە روویانداوە. وەزیری دەرەوە، هیلاری کلینتۆن و سەرۆك ئۆباما دژی رژێمی سوریا قسەیان کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەکی راستەوخۆ هاوکاری و پشتیوانی موعارەزەی سوریا نەکراوە. بەشێك لە کێشەکە ئەوەیە لە ئەمریکا ناکۆکیەکی زۆر لەنێوان کۆماری و دیموکراتەکاندا هەیە لە بارەی بودجە و قەرز و تاد، واتە زیاتر تەرکیزیان لەسەر کێشە و پرسە ناوخۆییەکانە. هەروەها نزیکەی دەیەیەکە ئەمریکا لە شەڕدایە لە عێراق و ئەفغانستان و سەرچاوەیەکی زۆری خەرجکردووە و ئێستا خەڵکی ئەمریکا هیچ پەرۆشی دەستێوەردان نییە، واتە ئەمەش یەکێکی دیکەیە لەو فاکتەرانە کە زۆرینەی خەڵکی ئەمریکا نایانەوێت ئەمریکا لە کاروباری وڵاتێکی دیکەوە تێوەبگلێت، هەروەها ئەمە تا رادەیەکی گەورە پێوەندی بە سورییەکانی دەرەوەی وڵاتەوە هەیە، کە تاوەکو کۆششی سەختتر بکەن بۆ ئاگادارکردنەوەی رای گشتی ئەوروپا و ئەمریکا لەبارەی ئەو تاوانانەی رژێمی سوریا ئەنجامیدەدا، ئەوا پشتیوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش باشتر دەبێت. ئەمە مایەی داخە لە ئێستادا، بەڵام هەستی من ئەوەیە لە مانگەکانی داهاتوودا، نەك هەفتەکانی داهاتوو، کە زیاتر گوزارشت لە پشتیوانی دەکرێت بۆ موعارەزەی سوری. بەپێی تێگەیشتنی من لەبەر تێوەگلانی قورسی ئەمریکا لە ئەفغانستان و عێراقدا، ئەوا رووبەرووی کێشەی ناوخۆیی بەرچاو بوونەتەوە، ئەمە یەکێك لە فاکتەرە گەورەکانە کە رێگری لێدەکات بەوەی بە شێوەیەکی چالاك تێوەبگلێت لە کاروبارەکانی سوریا. تەنانەت ئەگەر بەشداربوونێکی چالاکانەشیان هەبێت، وەك ئەوەی لە میسر یان لیبیادا روویدا، ئەوا زۆرێك لە خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوەراست رەخنە لە رۆژئاوا و ئەمریکا دەگرن بۆ ئەم بەشداربوونەیان، لەبەر ئەوەی باوەڕیان بە تیۆری پیلانگێڕی هەیە و هەر کاتێك ئەمریکا و ئەوروپا تێوەبگلێن لە پەیوەندیکردن لەگەڵ موعارەزە، ئەوا هەمیشە کەسانی دیکە رەخنەی ئەوە دەگرن کە ئەوان بۆ بەرگری کردن لە بەرژەوەندیەکانی خۆیان ئەم کارەیان کردووە. بەشداربوونی چالاکانەی ئەمریکا لە دوورخستنەوەی تاڵیبان و دروستکردنی حکومەت بە دروستبوونی حکومەتێکی سەقامگیر لە وڵاتەکەدا کۆتایی نەهات، بەڵکو خوێنڕێژی و ناکۆکی زیاتری لێکەوتەوە. ئەو حکومەتەی دوای رووخانی تاڵیبان هات حکومەتێکی کارا نییە و حکومەتێکی گەندەڵە، بە هەمان شێوە دوای رووخاندنی سەددام حوسێنەوە لەلایەن ئەمریکاوە، حکومەتێکی پرۆ-رۆژئاوایی و حکومەتێك دروست نەبوو کە بەراستی دیموکراتی بێت و بایەخ بە نوێنەرایەتی کردنی تەواوی عێراقیەکان بدات و وڵاتەکە دابەشبووە بەسەر لایەنەکاندا. کەواتە لەبەر ئەزموونی ئەمریکا لە عێراق و ئەفغانستاندا، ئەوا زۆرێك لە خەڵکی ئەمریکا باوەڕیان وایە ئەگەر ئەمریکا دەستێوەردان بکات بۆ یارمەتیدانی موعارەزە، ئەوا بارودۆخەکە خراپتر دەکات، لەبەر ئەوە پێیان باشترە خۆی بە دووربگرێت و ئەگەر بتوانێت بەشێوەی هاوکاری مرۆییانە لە کاروباری ئەو وڵاتەوە تێوەبگلێن، لەم روانگەیەوە من پێموانیە ئەمریکا و ئەوروپا بەشێوەیەکی سەربازیانە لە کاروباری سوریاوە تێوەبگلێن)).



ئالۆن بن مایەر بۆ گوڵان:

**پێموایە کات درەنگ بووە بۆ ئەوەی بەشار ئەسەد بتوانێت چاکسازی بکات و خۆی رێکبخاتەوە و دووبارە دەسەڵاتی خۆی پتەو بکاتەوە**

# بەیەکگەیشتن وەک
# هۆکارێک بۆ لەیەکگەیشتن



عەبدولڕەحمان سدیق

کە مرۆڤ لە بەهەشتەوە، هاتە سەر زەوی و کە ئادەم - سەلامی خوای لەسەر- ناوەکانی فێرکرا، لەوساوە تا ئێستا، حەقیقەت و ڕاستیەکان بەسەر نەوەکانیدا دابەش بوون و دەبن.حەقیقەتەکان وەك پارچە جیاجیاکانی ئاوێنەیەك لە زۆر شوێن ولای زۆر کەسن، بۆیە یەکتر ناسین و تەعاروف ئامانجی گەورەی پشت بوونی گەلان و هۆزەکانن.

یەکتر ناسین لە نێوان جیاوازەکاندا، بۆ گۆڕینەوە و ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموونەکان، تا ئەو ڕاددەیەی بە یەکگەیشتن بووەتە تاکە هۆکاری لە یەکگەیشتن.

ئەمڕۆش گشت هۆکارەکان لە چەشنی فڕۆکەو، کەشتی و ئۆتۆمۆبێل و مۆبایل و فاکس و ئیمێڵ و چات و پێگە ئەلکترۆنیەکان و ڕۆژنامەو گۆڤارو ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و کتێب و کاسێت و سیدی و . تاد، بوونەتە پردی بە یەکگەیشتن لە نێوان تاکەکان و گەلان لە سەرتاسەری جیهاندا.

ئێمە لەم سەردەمی جەنجاڵیی و قەرەباڵغیەدا، زۆر پێویستیمان بە بنیاتنانی پرد هەیە :

- پرد لەگەڵ خۆماندا بۆ خۆناسین و، خوا ناسین.
- پرد لەگەڵ ئەوانەی لە نزیك و دووری ئێمەوە دەژین و بە جەستە زۆر نزیکین لێیانەوە بەڵام بە ناخ زۆر دوور.
- پرد لەگەڵ ڕابردوودا، بۆ هێنانەوەی گوتە و قسە جوانەکان
- پرد لەگەڵ ئایندەدا، بۆ دڵنیا بوون لەو ڕێگایەی بەنیازین بیگرینە بەر.

ئێمە پێویستمان بە جووڵەی بەردەوامە بۆ بەیەکگەیشتن، کاتێکیش خەڵکانێك بەرژەوەندییان لە ڕووخاندنی پردەکاندا بووە، دەبێت ئەوانەی بەرژەوەندییان لە بەیەکگەیشتنە، پردەکان بنیات بنێنەوە، چونکە پردەکان بێلایەنانە هەموو ئەو کەسانە بە یەکتر دەگەیەنن کە بەسەریاندا دەپەڕنەوە.

ئێمەش بە هەمان شێوە جێگەی خۆیەتی، بێ جیاوازی و بێ هەستیاری و بێ لایەنانە وەك (مەولانای ڕۆمی) پردەکانمان لەگەڵ دەوروبەردا بنیات بنێینەوە وەك ئەو بڵێین

«وەرە، هەرکەسێك هەی، هەر چییەك هەی
ئەگەر بێ باوەڕی . ئەگەر ئاگر پەرستی . وەرە !
ئەگەر سەد جار تەوبەت شکاندووە . هەر وەرە !
دەرگای خودا. دەرگای نا ئومێدی نییە.
وەرە. خۆت وەکو خۆت. چۆنی هەر ئاوا. وەرە !»

لەبەر هەموو ئەمانەی باسمان لێوە کرد، سەیر نییە کە ئەمڕۆ یەکێك لە پێناسە نوێیەکان بۆ کەلتوور بریتییە لەوەی کە کەلتوور خۆی لە خۆیدا بەرەنجامی بەیەکگەیشتن و کۆمیۆنیکەیشنە چونکە ئەوی دی، مرۆڤی دی، تەنیا جەستەیەك نییە وەك ئێمە دەیبینین، بەڵکو هەموو ئەوی دییەك مەعریفەیەکە بۆ خۆی چونکە بەیەك گەیشتن هۆکارێکی گەورەی گۆڕینەوەی ئەزموونەکانی مرۆڤایەتیە کە تیایدا لەبەیەك گەیشتنی هەردوو کەسێکدا وەك بیرکاری یەك کۆ یەك دەکاتە (دوو)، بەڵام لە ڕووی کەلتوورییەوە یەك کۆ یەك دەکاتە (سێ)، چونکە هەر یەکێك ئەزمونێکەو لە بەیەك گەیشتنی هەردوو ئەزموونەکەدا زۆرجار ڕێگەیەکی نوێ دێتە ئاراوە، یان ڕێگەی سێیەم و ڕای سێیەم لەدایك دەبێت .

لە بەیەکگەیشتندا باشترینی هەردوولاو، هەردوو بۆچوونەکان موتوربە دەکرێن، بۆیە زیادەڕەویمان نەکردووە ئەگەر بڵێین زانستی گواستنەوەو گەیاندن هۆکاری یەکەمی پێشکەوتنەکانە، چونکە مرۆڤ کە جووڵەی کرد ڕێگەی پێویستە، لە ڕێگاشدا کەندو کۆسپ هەیە، لێرەوە مرۆڤ پردی دروست کرد .

دروستکردنی پردەکان سەرەتایەك بوو بۆ پەڕینەوە بۆ ئەو بەر، بۆ جیهانێکی دی، بۆ ئەزموونێکی دی، بۆ یەك گەیشتن، بۆ لەیەك گەیشتن .

پرد . لە مەترسی کەندو دۆڵەکان دەمانپارێزێت و، لەکەم کردنەوەی کاتی بەفیڕۆدراودا یارمەتیمان دەدات و، لە کۆکردنەوە تواناکان و، گۆڕینەوەی ئەزموونەکانیشدا هاوکاریمان دەکات .

پردەکان . پڕکردنەوەی بۆشاییەکانن، نەهێشتنی کۆسپ و کەندەکانن، پەڕینەوەن بەسەر ڕوبارو ئاوەکانداو، نەهێشتنی دیاردەی دابڕانن .

لە هاتۆچۆشدا بەرزە پردەکان مایەی سەلامەتی و بەریەك نەکەوتن و خێراتر بوونی هاتووچۆن .

گەشتە ئاسایی و گەشتە زانستیەکانیش پردی گۆڕینەوەو بەدەستهێنانی شتی تازەن، ڕێك وەك ئەوەی ڕۆژهەڵاتناسەکان کە پەڕینەوە ئەمبەر، شتی زۆریان زانی و ئەزموونی زۆر فێربوون.

ئەمڕۆش ئێمە پێویستیمان بە جووڵەیە، جووڵەش ڕێگای دەوێت لە ڕێگاشدا پردێك یان زیاتر پێویستن بۆ ئەوەی ڕێگا لەیەك دابڕاوەکان پێکەوە گرێ بدەن ..

لە ڕووی زەمانیشەوە ئەمڕۆیەکی گەش پێویستی بە پردێك هەیە لە نێوان ئەزموون و حیکمەتەکانی ڕابردوو، خەونەکانی ئایندەدا، دوور لە هەستیاریی ..دوور لە ترسان . دوور لە ڕق و کینە، بۆ ناسینی گشت نەناسراوێك، پەڕینەوەو بەیەك گەیشتنمان پێویستە، لێرەوە پرد وەك هۆکارێکە بۆ پەڕینەوە، دەرفەتێکیشە بۆ شتی نوێ و، جیهانێکی نوێ.


# دوو فایلە گەرم و گوڕەکەی بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران

بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیەی کە لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ لەنێوان عیراق و ئەمریکا ئیمزا کراوە، هێزەکانی ئەمریکا تا سەری ساڵی داهاتوو دەبێ عیراق بەجێ بێڵن. لەکاتێکدا کشانەوەی هێزەکان هێشتا پێنج مانگی ماوە، ئەمریکییەکان چاوەڕوانی عیراقییەکان لەماوەیەکی کورتدا بڕیار لەسەر ئەم مەسەلەیە بدەن. سێ ساڵ لەمەوبەر، کاتێك ڕێککەوتننامەکە ئیمزا کرا، ئەمریکییەکان پێشبینییان نەدەکرد پاش کۆتایی هاتنی ماوە دیاریکراوەکە پێویستیان بەمانەوەی هێزەکانیان بێ لەعیراق. بەڵام چەردەیەك فاکتەر لەوانە هەرەسهێنانی جوگرافیای سیاسیی ناوچەکە بەهۆی ڕووخانی دوو ڕژێمی دۆستی ئەمریکا لەتونس و میسرو هەڕەشەی ڕووخانی ڕژێمی عەلی عەبدوڵڵا سالح لەیەمەن و قوتبوونەوەی گرفت لەبەردەم ڕژێمە حوکمڕانەکانی ئوردون و مەغریب و ئەگەری گۆڕانی سیاسی لەهەر یەك لەسوریا و لیبیاو ئاڵۆزبوونی کێشەی فەلەستین، بوونە مایەی هاندانی واشنتن بۆ پێداچوونەوە بەبڕیاری بەجێ هێشتنی عیراق. ئەدمیراڵ مایك مۆلن سەرۆکی ستادی هاوبەشی سوپای ئەمریکا لەکامپی ڤیکتۆری لەنزیك فڕۆکەخانەی بەغدا ڕایگەیاند کەسەرۆك تاڵەبانی و سەرەك وەزیرانی عێراق «بایەخی دەرچوونی بڕیارێکی خێرا لەم بارەیەوە دەزانن».

کۆبوونەوەی سێشەمەی ڕابردووی کۆشکی ئاشتیی بەغدا لەنێوان سەرانی گرووپە سیاسییەکان مەسەلەکەی هەنگاوێك بۆ پێشەوە برد چونکە لایەنەکان لەسەر ئەوە گیرسانەوە کەسەرەك وەزیران ڕابسپێردرێ و بکەوێتە وتووێژ بۆ گەیشتن بەڕێککەوتنێك لەگەڵ ئەمریکییەکاندا.

مەسەلەی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعیراق دوو لایەنی هەیە، یەکێکیان لایەنێکی تەکنیکییە و هەمووان تێیدا یەکدەنگن کەهێزەکانی عێراق هێشتا لێیان ڕانابینرێ بتوانن بەپێی پێویست ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن و ئەوی تر لایەنێکی سیاسییە و لەم ڕووەوە هەر لایەنێك بەپێی تێڕوانین و بەرژەوەندیی خۆی هەڵوێست وەردەگرێ.

خاڵی سەرنجڕاکێش لەبڕیارەکانی کۆبوونەوەی سێشەممەی ڕابردوو ئەوەیە کەلایەنەکان بەشێوەیەکی هاوسەنگ مامەڵەیان لەگەڵ فایلی ئەنجومەنی نیشتمانیی سیاسەتە باڵاکان و فایلی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا کردو بەم پێیە، لەکاتێکدا کەپرۆژەی ئەنجومەنە پێشنیارکراوەکە بەئەنجومەنی نوێنەران سپێردرا، فایلی هێشتنەوەی هێزەکانی ئەمریکا بەسەرەك وەزیران سپێردرا. ئەمەش شتێکی وای لێ هەڵدەکرێندرێ کەئەم دوو فایلە بەیەکترییەوە بەستراونەتەوەو هیچ کامێکیان بەبێ ئەوی تر بەڕێوە ناچێ.




فەرید ئەسەسەرد

مەسەلەی پێکەوە گرێدانی هەردوو فایلەکە زۆرتر پێوەندیی بەلیستی عیراقیەوە هەیە کەبەرامبەر بەجێبەجێ کردنی خاڵە جێبەجێنەکراوەکانی ڕێککەوتننامەی هەولێر، ئامادەیی تێدایە کە لەئەنجومەنی نوێنەراندا دەنگ بۆ مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بدا. بەڵام لەهەمان کاتدا پێکەوە گرێدانی هەردوو فایل لەلایەن لیستی عیراقیەوە، بەڵگەی نەبوونی متمانەیە لەنێوان لیستی عیراقیەو لیستی دەوڵەتی یاسا.بەم پێیە، دیارە ئەمجارە لیستی عیراقیە بەبێ بەدەستهێنانی قازانج، دەرفەتی تێپەڕاندنی فایلی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بەمالیکی نادا.


ئەمریکییەکانیش لاریان لەپێکەوە گرێدانی هەردوو فایل نییە، بەتایبەتی کەرێککەوتنی عەلاوی و مالیکی لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانیان، دەرفەتێکی باشتر بۆ کۆنترۆڵ کردنی ڕەوشی ئاسایش دابین دەکا.

ئەمریکییەکان بەڵێنیان داوە هەموو هێزەکانیان لەعیراق بکێشنەوە بەڵام ئێستا دەیانەوێ لەو ٤٧ هەزار سەربازەی لەعیراق هەیانە، بەشێکی کەمی لێ بهێڵنەوە و کەمتر ئەرکی ئۆپەراسیۆنی سەربازی بەو هێزە بسپێرن و زۆرتر بۆ ئەرکی لۆجیستیکی تەرخانی بکەن.

کۆبوونەوەی سێشەممەی ڕابردوو ڕۆڵەکانی بەوردی دیاری کردوە: سەرۆك تاڵەبانی پرۆژە یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی سیاسەتە باڵاکان بۆ ئەنجومەنی نوێنەران دەنێرێ، سەرەك وەزیران بەراوێژ لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان دەست بەخولی وتووێژ لەگەڵ ئەمریکییەکاندا سەبارەت بەشێوەی ڕێکخستنی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعیراق دەکا، ئەنجومەنی نوێنەران بڕیار لەپرۆژەی یاسا ئەنجومەنی نیشتمانی و گەڵاڵەی ڕێککەوتننامەی عیراق-ئەمریکا دەدا، ئەمریکییەکانیش لەکۆنتاکتی بەردەوام دان لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا.




# تەنیا لەوڵاتانی لیبراڵ دیموکراتیدا فیدراڵیزم چارەسەرە بۆ کێشە نەتەوەیی و ئیتنیەکان



ئایا مەبەست لە (کۆتاییپێهێنانی کێشە نەتەوەیی و ئیتنیەکان) چین؟ ئایا ئەو ماوەیەی بۆ گەیشتن بە ڕێگەچارەیەک بۆ گەیشتن بە (کۆتاییهێنان بە کێشەکان) چەند دەخایەنێت؟ ئایا کام ڕێگەچارە بەشێوەیەکی ڕیشەیی(کۆتایی بەکێشەکان) دەهێنێت؟... هەموو دەزانین کۆمەڵێک کێشەی نەتەوەیی و ئیتنی هەیە بێجگە لەجیابوونەوە بەڕێگەی دیکە چارەسەر ناکرێن، هەر بۆ نموونە کێشەکانی (باکووری ئیرلەندا و فەلەستین و بۆسنیا و کورد) هەوڵی زۆر بۆ چارەسەرکردنیان و گەیشتن لەبڕیاری ئاشتی لەبارەیانەوە دراون، بەڵام چارەنووسی ئەو ئاشتیانە روون نییە و ئەگەری ئەوە هەیە دووبارە بگەڕێنەوە بۆ توندوتیژی و سەرلەنوێ کێشەکە دووبارە بێتەوە، دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد کۆمەڵێک کێشەی ترسناک وەک هێرشی دڕندانەی ناسیۆنالیستی (سربی) و پاکتاوی رەگەزی هاتنە ئاراوە، بۆیە ئەم بارە ئەو پرسیارەی لای تۆژەران و سیاسەتسازان وروژاندووە، ئایا چۆن ئەو کێشە نەتەوەییانەی ئاستی توندوتیژی دەگاتە پاکتاوی رەگەزی چارەسەر دەکرێن؟ ئایا قەت روویداوە کێشەی لەو جۆرە بەشێوەی ئاشتیانە چارەسەر بکرێن؟ یان ڕێگەچارەکان دووبارە لایەنە پێکناکۆکەکان دەگەڕێنتەوە بۆ ناو بازنەی توندوتیژی).



ئاڕ ولیام ئایەرز

ماوەیەك لەمەبەر دادگای باڵای تاوانەكانی عێراق، كارەساتی ئەنفال و كیمیابارانكردنی وەك ژینۆساید ناساند، ئەمەش مانای ئەوەیە ئاستی توندوتیژی لەلایەن رژێمی پێشووی عێراقەوە بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ گەلی كوردستان لەعێراقدا گەیشتۆتە ئاستی هێرشی وەحشیگەری دڕندانە و پیادەكردنی پاكتاوی رەگەزی دژی گەلێك كە لەدەسپێكی شۆڕشەكانیەوە لەچلەكانی سەدەی رابردووەوە هەتا ئێستاش داوای پێكەوە ژیانێكی ئارەزوومەندانە لەچوارچێوەی عێراقدا دەكات، لەماوەی نزیكەی ٧ یەكەی رابردوودا، شۆڕشەكانی كوردستان بۆ رێكخستنی شێوازی ئەم پێكەوە ژیانە سێ رێگەیان تاقیكردۆتەوە كە بریتین لە:

١. شێوازی پیادەكردنی لامەركەزی، یان پێدانی هەندێ دەسەڵاتی لامەركەزی بۆ ئەوەی ناوچە كوردییەكانی عێراق بەشێوەی لامەركەزی لەلایەن كوردستانیەكانەوە بەڕێوەببرێت، بەڵام ئەم داوایە رێككەوتنی لەسەر نەكراو دواتر حكومەتی ناوەندی دڕندانەتر هەڵیكوتاوەتە سەر گەلی كوردستان.

٢. شێوازی ئۆتۆنومی كە لە١١ی ئاداری ١٩٧٠ لەلایەن شۆڕشی كوردستان و حكومەتی ناوەندی بەغدا مۆركرا و چوار ساڵ دانرا بۆ جێبەجێكردنی ناوەڕۆكی رێككەوتننامەكە، بەڵام لەدوای ٤ ساڵ لەبری ئەوەی ئاشتی بەرقەرار بێت، وەك هەموو لایەك بینیمان لەنێوان حكومەتی ناوەندییەوە شەڕ بەسەر گەلی كوردستاندا سەپێنرایەوە، بۆ ئەوەی شۆڕشی كوردستانیش دووچاری نسكۆ بكات، حكومەتی بەعس ئامادەبوو دەست لەبەشێكی خاكی عێراق بۆ ئێران هەڵبگرێت و رێككەوتننامەی ئەلجەزائیر مۆر بكات، ئەمەشی كرد و دواتر نەك هەر بە هەزاران گوند و شار و شارۆچكەی كوردستانی راگواست و لەگەڵ زەوی تەختی كرد، نەك هەر چەند شار و ناوچەیەكی كوردستانی تەعریب كرد و دانیشتووانە كوردستانیەكەی بە كورد و توركمان و كلد و ئاشورییەوە دەركردن، بەڵكو گەیشتە ئەو ئاستەی گازی كیمیایی بەكار بهێنێت و لەچوارچێوەی پرۆسە بەدناوەكانی ئەنفالدا پرۆسەی پاكتاوی رەگەزی دژی گەلی كورد پیادە بكات و زیاتر لە٢٠٠ هەزار كورد بە زیندوویی بخاتە ژێر خاكەوە.

٣. لەدوای راپەڕین و دامەزراندنی پەرلەمانی كوردستان، لە١٩٩٢/١٠/٤ەوە، پەرلەمانی كوردستان شێوازی فیدراڵی بۆ مانەوەی هەرێمی كوردستان بڕیارداوە، ئەم بڕیارەی پەرلەمانی كوردستان لەگەڵ ئەوەی لەكۆنگرەكانی موعارەزەی پێش رووخانی رژێم لە٢٠٠٣ چەند جارێك دانی پێدانراوە و لەیاسای كاتی بۆ بەڕێوەبردنی قۆناخی ئینتیقالی و دواتریش لەدەستووری عێراقدا دانی پێدانراوە، بەڵام هەتا ئێستاش، نە عێراق بۆتە دەوڵەتێكی فیدراڵی، نە ئومێدی ئەوەش بەدی دەكرێت كە حكومەتی عێراق ئامادەبێت بوار بدات هەرێمە فیدراڵیەكانی دیكە لەعێراقدا پێكبهێنرێن، لەمەش گرنگتر ئومێدی ئەوەش بەدی ناكرێت كە هەرێمی كوردستان وەك هەرێمێكی فیدراڵی جوگرافی هەموو ناوچە دابڕاوەكانی بۆ بگەڕێتەوە و لەچوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا

**ئومێدی ئەوە ناكرێت كە هەرێمی كوردستان وەك هەرێمێكی فیدراڵی جوگرافی هەموو ناوچە دابڕاوەكانی بۆ بگەڕێتەوە و لەچوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا بە ئاشتی و سەقامگیری بژی**

بە ئاشتی و سەقامگیری بژی. هەربۆیە لەگەڵ ئەوەی لەماوەی ٨ ساڵی دوای رووخانی رژێمی پێشوو چەند هەنگاوێك هەڵگیراون لەسەر بنەماكانی فیدراڵیزم بۆ رێكخستنی پێوەندییەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و حكومەتی فیدراڵی بەغدا، بەڵام چەند هەنگاوی پێچەوانەش دەبینین كە دژی هەنگاو هەڵگرتنن بۆ بونیادی دەوڵەتێكی فیدراڵی، دیارترینیان هەوڵەكانی حكومەتی بەغدایە بۆ كۆكردنەوەی دەسەڵاتەكان لەدەستی خۆی، لەكاتێكدا بەپێی دەستووری عێراق، پێویستە دەسەڵاتی حكومەتی فیدراڵی سنووردار بێت و دەسەڵاتی هەرێمەكان و حكومەتە لۆكاڵەكان فراوان بێت.

## چۆن كێشە نەتەوەیی و ئیتنییەكان بە فیدراڵیزم كۆتاییان دێت؟

پەنابردن بۆ رێگەچارەی ئاشتیانە بۆ چارەسەركردنی كێشە نەتەوەیی و ئیتنیە قوڵەكان لەوڵاتانی فرە نەتەوەدا، هەوڵێكە بۆ ئەوەی لافاوی خوێنڕشتنی رۆڵەكانی ئەو وڵاتە كۆتایی پێبێت و لەبری ئەوەی رۆڵەكانی یەك وڵات یەكتری بكوژن، پێكەوە هاوكارو هاریكاربن بۆ ئەوەی وڵاتێكی هاوبەش پێكەوە دروست بكەنەوە، نەتەوە جیاوازەكانی وڵاتیش وەك پرۆفیسۆر دیڤید كامیرۆن دەڵێت بۆ ئەوەی بتوانن بەشێوەیەكی ئارەزوومەندانە پێكەوە لەچوارچێوەی یەك وڵاتدا پێكەوە بژین، ئەوا بەپێی دەستوور ئەو نەتەوە جیاوازانە گرێبەستێكی كۆمەڵایەتی گرێدەدەن كە پێی دەگوترێت فیدراڵیزم، كەواتە لەم دەستنیشانكردنەی پرۆفیسۆر كامیرۆنەوە، فیدراڵیزم هەم یەكێتیەكی ئارەزوومەندایە، هەمیش هاوپەیمانیەكە كە هەموو لایەنەكانی نێو هاوپەیمانیەكە رێزی دەگرن بۆ ئەوەی بەپێی ئەو پەیمانەی نێوانیان پێكەوە بژین، بەڵام كاتێك ئەم رێگە چارەیە بەشێوەیەكی تیۆری چارەسەر بۆكێشەكە دەدۆزێتەوە، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع كێشەكە بە چارەسەنەكراوی دەهێڵێتەوە، ئەمە بۆتە هۆكاری ئەوەی تۆژەران و سیاسەتمەداران بپرسن، ئایا مەبەست لەكۆتایی پێهێنانی كێشەكان چییە؟ ئایا چۆن ئەو كێشە نەتەوەییانە چارەسەر دەكرێن كە لەرابردوو ئاستی توندوتیژی گەیشتۆتە ئاستێكی بەرز؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە كۆمەڵێك گریمانە پێشنیار كراوە و ئاماژە بەوە دەكەن كە ئاستی بەرزی توندوتیژی شێوازی چارەسەرەكە و گەیشتن بە بڕیاری ئاشتی دیاری دەكات، بەشێوەیەكی گشتی توێژینەوەكان گەیشتوونە ئەو راستیەی كە دەڵێن (ئەگەر ئاستی توندوتیژی گەیشتبووە ئاستێكی بەرز و خوێناوی، ئەوا بوار بۆ ئەوە نەماوە بێجگە لەجیابوونەوە و سەربەخۆیی، رێگە چارەیەكی دیكە ئەو كێشانە چارەسەر بكات، بەڵام ئەگەر ئاستی توندوتیژی لەئاستێكی نزمدا بووبێت ئەوا ئومێدی ئەوە هەیە بتوانرێت ئەو كێشە نەتەواییانە لەچوارچێوەی یەك وڵاتدا چارەسەر بكرێت)، بەڵام پرسیاری زۆر گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا بڕیاربەدەستان و بەرژەوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتیەكان هەروا بە ئاسانی بەقسەی ئەو بیرمەندو تۆژەرانە دەكەن و كە بینیان بێجگە لەرێگەچارەی جیابوونەوە و سەربەخۆبوون هیچ رێگە چارەیەكی دیكە كۆتایی بەو كێشەیە نایەنێت، راستەوخۆ بانگی لایەنە پێكناكۆكەكان دەكەن و بڕیاری جیابوونەوە دەدەن؟ زۆر بەداخەوە مێژووی كارەساتە خوێناوییەكان و پاكتاوی رەگەزی و ژینۆساید وەڵامێكی خراپی ئەم واقیعە دەداتەوە و پێمان دەڵێت: لەسیستمی نوێی


جیهانیشدا(واتە دوای رووخانی دیواری بەرلین و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان) تەنیا دەوڵەتانی پێشووی بلۆکی سۆشیالیستی بە تایبەتیش یۆگسلافیا خەڵتانی خوێن نەکرانەوەو سەرلەنوێ پاکتاوی رەگەزی لەلایەن سربیەکانەوە دژی نەتەوەکانی دیکە بە گشتی و ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆ بەتایبەتی پیادەنەکرایەوە، پەنایان نەبردە بەر رێگەچارە گونجاوەکە کە بریاری جیابوونەوە و سەربەخۆیی ئەو دەوڵەتانە بووە.

هەربۆیە لەم راستەوە تۆژەرانی بواری فیدراڵیزم و چارەسەری کێشە ئیتنی و نەتەوەییەکان، پەنا بۆ چەند گریمانەیەکی دیکە دەبەن و پێیانوایە:

١. بالانسی هێزی نێوان نەتەوەی سەردەست و نەتەوەی ژێر دەست ئاستی توندوتیژی دیاری دەکات، هەربۆ نموونە ئەگەر بالانسی هێز لەنێوان نەتەوەی سەردەست و نەتەوەی ژێر دەست نەبوو، ئەوا نەتەوەی سەردەست هەوڵدەدات بەکورترین ماوە نەتەوەی بندەست ملکەچ بکات و بە زۆرەملێ کێشەکە ئیحتوا بکات و نەتەوەی ژێردەست ناچار دەکات بە چارەسەرەکانی نەتەوەی سەردەست رازی بێت.

٢. بەڵام ئەگەر بالانسی هێز لەنێوان نەتەوەی سەردەست و نەتەوەی ژێردەست جیاوازییەکی زۆری نەبوو، یان پێکهاتەی جوگرافی و تۆپۆگرافیای ناوچەکە بەجۆرێك بوو (وەك هەرێمی کوردستان لەعێراقدا) جۆرێك لەبالانسی هێز لەنێوان نەتەوەی سەردەست و ژێردەست دروست بکات، ئەوا ئاستی توندوتیژی دەگاتە ئەو ئاستەی نەك لافاوی خوێن هەستێت، بەڵکو ناوچەکانی نەتەوەی بندەستیش کاول دەکات.

لێرەوە کەبەردەوام بەهۆی تۆپۆگرافیای کوردستانەوە، جۆرێك لەبالانسی هێز لەنێوان شۆڕشەکانی کوردستانی عێراق و حکومەتەکانی ناوەند هەبووە، دەبینین بەدرێژایی ٧٠ ساڵی رابردوو، ساڵ لەدوای ساڵ ئاستی توندتیژی و رەفتاری دڕندانەی رژێمەکان لەبەرزبوونەوەدابووە، ئەم حاڵەتی بەرزبوونەوەی ئاستی توندوتیژی بەشێوەیەکی سیستماتیکیانە لەماوەی ٧٠ساڵی رابردوو، جۆرە بێ متمانەیەکی گەورە لەنێوان گەلی کورد و حکومەتەکانی عێراق دروست بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان لەوە دڵنیابووە کە سیاسەتی نێودەوڵەتی رێگە نادات پەنا بۆ چارەسەرە راستەقینەکە ببات کە جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیە، بۆیە هەموو جارێك کە بواری وتوویژ لەنێوان شۆڕش و حکومەتەکانی ناوەندی عێراق هاتۆتە ئاراوە، لایەنی کورد لەعێراقدا داوای هاتنەناوەوەی لایەنی سێهەمی کردووە، بۆ نموونە نەتەوە یەکگرتووەکان، یان وەك ئێستا وڵاتانی هاوپەیمان، بەڵام بەردەوام حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراق بە حکومەتی ئێستاشەوە، راشکاوانە بواری ئەوەیان نەداوە لایەنی سێهەم بێتە ناو کێشەکە و بۆ ئەوەی وەك میانگیر شاهید بێت لەسەر



هانی زوبیدە بۆ گوڵان:

**حکومەتی فیدراڵی لەنێوان ئەو گرووپانەدا دروست دەبێت کە تێگەیشتنێك هەیە لەنێوانیاندا و هاوکاری یەکتری بکەن و پێکەوە بژین، بەڵام لەعێراقدا ئەم تێگەیشتن و رێککەوتنە لەنێوان لایەنەکاندا بوونی نییە**

ئەو چارەسەریەی لەنێوان کوردو حکومەتی ناوەندی دێتە ئاراوە.

**فیدراڵیزم وەك چارەسەرێکی سەپێنراو**

لەوڵاتانی فرەنەتەوەدا تەنیا نەتەوە لاوازەکان بەفیدراڵیزم رازی دەبن، ئەوجا لەم خاڵەوە لەبەر ئەوەی یەکێتی ئارەزوومەندانە و هاوپەیمانی لەنێوان لایەنێکی بەهێز و لایەنێکی لاوازدایە، ئەوا هەمیشە لایەنی بەهێز هەوڵدەدات ناوەرۆکی ئەو یەکێتیە ئارەزوومەندانەیە ئەو هاوپەیمانیەی پێی دەگوترێت فیدرالیزم پووچەڵ بکاتەوە، کاتێك لایەنی بەرامبەریش لەسەر پێشلکارییەکانی لایەنی بەهێز دێتە دەنگ، ئەوا لایەنی بەهێز بە جیاخواز و هەڕەشە بۆ سەر یەکێتی و یەکپارچەیی وڵات تۆمەتباری دەکات، ئەم حاڵەتە لەماوەی هەشت ساڵی رابردووی عێراقی نوێدا نەك هەر حاڵەتێك بووە، بەڵکو دیاردەیەکی بەردەوام بووە و بەردەوام حکومەتی بەغدا لەبری ئەوەی هەوڵبدات دەسەڵاتی هەرێمەکان(بەتایبەتی هەرێمی کوردستان کە تەنیا هەرێمە لەعێراقدا) فراوان بکات و ناوچە دابڕاوەکان بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەپێچەوانەوە هەوڵیدا دەسەڵاتی حکومەتی بەغدا بەهێز بکات و دەسەڵاتی هەرێم و پارێزگاکان کەمبکاتەوە، لەمەش زیاتر وەك یەکدوو هەفتە لەمەوپێش سەرۆك وەزیرانی عێراق لەکۆبوونەوەیەکدا راشکاوانە رایگەیاند، دروستکردنی هەرێمە فیدراڵییەکان یەکپارچەیی عێراق دەخاتە مەترسیەوە.

کەواتە ئەم حاڵەتە کە ئێستا شێوازی جێبەجێکردنی مۆدیلی فیدراڵیەتی عێراقی پێدا تێدەپەڕێت، هەوڵێکە بۆ ئەوەی ناوەرۆکی فیدراڵیزم وەك (یەکێتیەکی ئارەزوومەندانە و هاوپەیمانیەك لەشێوەی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی نێوان نەتەوەکانی عێراق) بەتاڵدەکاتەوە، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر هانی زوبێدە کرد سەرۆکی سەنتەری(Herzliy) بۆ دیراساتی حکومەت و دیپلۆماتی، لەوەڵامدا بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە وەڵامی گوڵانی دایەوە: (حکومەتی فیدراڵی لەنێوان ئەو گرووپانەدا دروست دەبێت کە تێگەیشتنێك هەیە لەنێوانیاندا لەبارەی خواستی ئەوان بۆ هاوکاری کردنی یەکتری، لەکاتێکدا ئەگەر سەیری بارودۆخی عێراق بکەین، ئەوا ئەم رێککەوتنە لەنێوان لایەنەکاندا بوونی نییە، بەڵکو گرووپەکانی عێراق ئامادەن لەپێناو بیروباوەڕەکانیاندا کاری کوشتن ئەنجام بدەن و خۆشیان بە کوشت بدەن، ئەمە مایەی گرفت و کێشەیەکی گەورەیە. ئەگەر لەمێژووی ئەمریکا بڕوانین، ئەوا کاتێك هەوڵدرا حکومەتی فیدراڵی پێکبهێنرێت، راستە شەڕ هەبوو، ناکۆکی و جیاوازی گەورە هەبوو، بەڵام تێگەیشتنێکی سەرەتایی هەبوو لەنێوانیاندا بەوەی شتێکی هاوبەش هەیە یەکیان دەخات و کۆیان دەکاتەوە، حاڵی حازر ئەمە لەعێراقدا بەدی ناکەم. کەواتە فیدراڵیزم پەیوەستە بە تێگەیشتنی نێوان گرووپەکانەوە بۆ یەکترقبوڵکردن و لەیەکگەیشتن. پێموایە ئەمە گرنگترین لایەنی ئەم مەسەلەیە.. هەربۆیە بیرۆکەی

کۆکردنەوە و گردبوونەوە یان چەند هەرێمێك نابێتەهۆی چارەسەرکردنی کێشەی ئیتنی یان ئایینی، لەراستیدا دەبێت پێش دروستبوونی دەوڵەتی فیدراڵی کێشەی نەتەوەیی و ئایینیەکان چارەسەر بکرێت، ئەگەرنا دەوڵەتە فیدراڵیەکە بەردەوام نابێت، چونکە فیدراڵیزم تەنیا میکانیزمێکە بۆ کۆکردنەوەی کۆمەڵە گرووپێك، بەڵام ئەگەر هیچ تێگەیشتنێك لەنێوان ئەم گرووپانە نەبێت، فیدراڵیزم سەرکەوتوو نابێت، چونکە ئەو کاتە رێگەیەك نابێت بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم ناکۆکی و جیاوازیانەی ناو کۆمەڵگە.. هەربۆیە کاتێك ئەم شێوازە وەك چارەسەر بسەپێنرێت، ئەوا وڵاتەکە وەك زیندانی لێدێت، دەبێت ئەو پرسیارە بکەین کە تۆ چ دەستکەوتێك بەدەست دەهێنێت لەسەپاندنی رێگەچارەیەك بەسەر خەڵکانێکدا لەکاتێکدا ئەو خەڵکانە خوازیاری گرتنەبەری ئەو رێگەچارەیە نین، واتە ئەگەر خەڵکی خوازیاری ئەوەنین، یاخود نەیانەوێت پێکەوەبن، بەڵکو خوازیاری ئەوەن هەر یەکەیان بە ئاراستەیەکی جیاوازدا برۆن، بۆچی رێگرییان لێبکەین؟ من هیچ لۆجیکێك لەمەدا نابینم. پێموایە فیدراڵیزم چارەسەرێك بێت بۆ ئەو گرووپانەی نایانەوێت پێکەوەبژین، با باسی فەلەستینی و ئیسرائیلیەکان بکەین، ئایا دەتوانرێت ئیسرائیلی و فەلەستینیەکان لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا کۆبکرێنەوە)).

قسەکانی پرۆ فیسۆر هانی زوبێدە بۆ گوڵان راشکاوانەو قووڵبوونەوەیە بەناخی کێشەکاندا، هەربۆیە لەم چوارچێوەیەدا پرسیاری ئەوەمان لێکرد، ئەی سەبارەت بە پرۆسەی فیدراڵی عێراق چی دەڵێن کەماوەی ٨ ساڵە هیچ پێشکەوتنێکی بەخۆیەوە نەبینیوە؟ لەمبارەوە پرۆ فیسۆر زوبیدە بە گوڵانی راگەیاند: دیسان پێموایە دەبێت دەرفەتی ئازاد بۆ پێکهاتەکانی عێراق برەخسێنرێت بە ئازادانە بڕیاری خۆیان بدەن، دواتر ئەو هەلەدرووست بکرێت کە گرووپەکان لەیەکتر نزیك ببنەوە، لەبەرەوە لەئێستادا پێموانییە فیدراڵیزم باشترین رێگەچارە بێت بۆ کێشەی عێراق، چونکە گرووپ و لایەنە جیاوازەکانی عێراق یەکتر دەکوژن و دژایەتی یەکتر دەکەن، بۆ نموونە کوردەکان ماوەیەکی دووردرێژە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقیدا بوون، ئێستا ئەوان لەهەرێمی کوردستان بەنیگەرانی لەبەشەکانی دیکەی عێراق دەڕوانن، موسڵمانەکان دژی مەسیحیەکانن، شیعەکان دژی سوننەکانن، لەبەر ئەوە پێموانییە شتێك پێکەوەیان ببەستێتەوە و پێکەوەیان گرێبدات. هەربۆیە پێموانییە بتوانیت لەم بارودۆخەدا پەرە بە فیدراڵیزم بدەیت، فیدراڵیزم لەنێو ئەو گرووپانەدا سەرکەوتوو دەبێت کە پێیانوایە شتێکی هاوبەش هەیە لەنێوانیاندا، کە دەتوانن چارەسەرێك بۆ جیاوازیەکانیان بدۆزنەوە، لەبەر ئەوە پێموانییە شتێکی مومکین بێت لەو وڵاتانەی کە کەلێن و دابەشبوونی قووڵ هەیە لەنێوانیاندا. لەسویسرادا چەندین کانتۆنی جیاواز هەیە کە پێکەوەدەژین، بەڵام بارودۆخی سویسرا لەعێراق جیاوازە، لەم چوارچێوەیەدا تەنیا پەیامی من بۆ کوردەکان



**خام خان سوان بۆ گوڵان:**

**بۆ ئەوەی فیدراڵیزم لەکۆمەڵگەی فرەنەتەوە گەشە بکات و رەگوریشەی خۆی دابکوتێت، دەبێت ئارەزووومەندانە بێت، ناکرێت بە زۆرە ملێ ناچار بکرێن پیادەی بکەن**

ئەوەیە، هیوای ئەوەیان بۆ دەخوازم هەرچی زووترە سەربەخۆیی بەدەست بهێنن)).

### ئەزموونە فاشیلەکانی فیدراڵیزم

هەتا ئێستا کە باسی ئەزموونی فیدراڵیزم دەکەین، یەکسەر ئەزموونەکانی (بەلجیکا، سویسرا، ئەڵمانیا، کەندا..تاد) مان بۆ ریز دەکەن و ئەو پرسیارەمان رووبەروو دەکەنەوە، گەلی کوبیك لە کەندا ئەوە لەسێ ریفراندۆمدا دەنگیان بۆ سەربەخۆیی نەداو بڕیاریاندا لەگەڵ حکومەتی ئوتاوا بمێننەوە؟، وەڵامی ئەم پرسیارە لەگەڵ ئەوەی بۆ هەموو کوردێك و نەتەوەکانی هاوشێوەی کوردیش ئاسانە، بەڵام پرسیارێکی دیکە دێتە پێشەوە ئایا بەچەند ساڵی دیکە سیستمی سیاسیی عێراق دەبێتە هاوشێوەی سیستمی کەندا و سویسرا و بەلجیکا و بەلایەوە ئاسایی بێت گەلی کوردستان بڕیار بدات، ئایا لەگەڵ عێراقدا دەمێنێتەوە یان دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆی رادەگەیەنێت، لەم راستە کە لە ئاسۆدا هیچ ئومێدێك بەدی ناکرێت حکومەتی ئێستای عێراق لانی کەم لە ١٠ ساڵی داهاتووشدا بە بڕیارێکی لەو شێوەیە قایل بێت، ئەوا دەبێت بچینەوە سەر ئەو ئەزموونانەی کە بەئەزموونی فاشیلی فیدراڵیزم پێناسە دەکرێت، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە پرۆ فیسۆر خام خان سوان ئوستادی زانستی سیاسیی لەزاکۆی بەناراس هیندۆ کرد و لەوەڵامدا بەمجۆرە لەسەر پرسی شکستی فیدراڵیزم بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی:) فیدراڵیزم شێوازێکی دامەزراوەییە و بە زۆری لەو وڵاتانەدا پیادە دەکرێت کە دابەشبوونێکی قووڵ هەیە لەکۆمەڵگەکەیاندا، ئەویش لەپێناو ئەوەی پێکەوە و لەسایەی یەك چوارچێوەی دامەزراوەییدا کۆبکرێنەوە. خەسڵەتە سەرەکیەکانی بریتین لەبوونی دەستوورێکی نووسراو، دابەشبوونێکی روونی دەسەڵات لەنێوان مەرکەز و هەرێم (ویلایەتەکاندا)، هەروەها بوونی دەسەڵاتێکی قەزائی سەربەخۆ، بەڵام ئەمە بەتەنیا بەس نییە، هەربۆیە ئەگەر بۆ وەڵامی پرسیارەکەتان سەبارەت بە ئەزموونی سەرنەکەوتنی فیدراڵیزم قسە بکەین، ئەوا دەبێت لەئەزموونی وڵاتانی وەك نەیجیریا، ئەسیوبیا، نیپاڵ بڕوانیت، کە فیدراڵیزمیان تەبەنی کردووە و سەرنەکەوتن، ئەمەش وەك چارەسەرێکی عەمەلی بۆ ئەو کۆمەڵگەیانەی بەدەست دابەشبوونەوە دەناڵێنن. من پێموایە دەبێت لەسروشتی راستەقینەی فیدراڵیزم بڕوانی، چونکە لەڕاستیدا ئەگەر بیر لە فیدراڵیزم بکەینەوە، ئەوا ناکرێت بسەپێنرێت، لەبەر ئەوەی فیدراڵیزم پەیوەستە بە رێککەوتنی نێوان قەوارەی نیشتمانی (حکومەتی مەرکەزی) و ویلایەتەکان (هەرێمەکان) بۆ هاوبەشیکردن و بۆ دابەشکردنی دەسەڵات، کەواتە بۆ ئەوەی فیدراڵیزم لە کۆمەڵگەیەکدا، کە دابەشبوونی قووڵی تێدایە، گەشە بکات و رەگ و ریشەی خۆی بچەسپێنێت دەبێت ئارەزوومەندانە بێت، ناکرێت بسەپێنرێت و بە زۆرە ملێ بچەسپێنرێت و ناکرێت دەوڵەت ناچار بکرێت پیادەی بکات. هەندێ جار فیدراڵیزم پەیوەست دەکرێتەوە بە بوونی شێوازی تەوافوقیەوە، بۆ نموونە بوونی

ڕێککەوتن بۆ هاوبەشیکردن لەدەسەڵاتدا، ئەویش لەپێناو هێنانەئارای دیموکراسی ڕاستەقینە و هێنانەئارای شەراکەت لەدەسەڵاتدا لەنێوان قەوارە جیاوازەکاندا، سەبارەت بە شێوازی یوگسلافیای پێشووش مشتومڕێکی زۆر کراوە لەسەر ئەوەی ئایا فیدراڵیەتی یوگسلافیای پێشوو یان یەکێتی سۆڤیەتی جاران سەرکەوتوبووە یان نا، هەندێ کەسیش پێیانوایە وڵاتانێکی وەك یوگسلافیای پێشوو یان یەکێتی سۆڤیەتی جاران نە تەواو فیدراڵی و نە تەواو دیموکراتی بوونە. گریمانەکە ئەوەیە کاتێك هەوڵدەدەیت فیدراڵیزم لە وڵاتەکەدا تەبەنی بکەیت، ئەوا پێویستە لانی کەمی هەلومەرجی دیموکراسی لەئارادابێت، کەواتە دەبێت پەرە بە دیموکراسی بدرێت، نەك تەنیا وەك سیاسەتێك، بەڵکو وەك فۆرمێکی دامەزراوەییش، ئەمە زۆر گرنگە، چونکە چەسپاندنی فیدراڵی لەدەستووردا بە تەنیا نابێتەهۆی هێنانەئارای دیموکراسی، هەروەها بۆ ئەوەی فیدراڵیزم لەسەر ئاستی دامەزراوەکان بەرجەستەبێت، ئەوا بە ڕاستی پێویستت بە بناغە و بنچینەی دیموکراسی هەیە)).

## فیدراڵیزم و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان

کێشەی هەرەسەرەکی ئەو وڵاتانەی ئەزموونی فیدراڵیان دووچاری ئاستەنگ و شکستهێنان دەبێتەوە، ئەوەیە حکومەتی ئەو وڵاتە بڕوای بەدابەشکردنی دەسەڵات و هەروەها بڕوای بەدەسەڵاتی سنوورداری حکومەتی فیدراڵی و دەسەڵاتی فراوانی حکومەتە هەرێمیەکان و حکومەتە لۆکاڵەکان نییە، سەبارەت بە شێوازی سیستمی فیدراڵی پرۆفیسۆر ڕۆبەرت میللەر ئوستادی یاسا لە زانکۆی ڤیلانۆڤا بەمجۆرە باسی فیدراڵیەتی بۆ گوڵان کرد: (خەسڵەتی دیاری فیدراڵییەت بریتییە لە فەرمانڕەوایی دووانە (ثنائیة السیادة)، بۆنموونە سیستەمێك کە تیایدا سیادەی دەسەڵاتی دەوڵەت دابەشبکرێت لەنێوان حکومەتی نیشتمانی یان فیدراڵی لەلایەکەوە لەگەڵ حکومەتە لۆکاڵە جیاوازەکان لەلایەکی ترەوە. لە وڵاتەکەمدا، دەستوورەکەمان، دەستووری ١٧٨٩، سیستەمێکی خوڵقاندووە لەڕێگەی دابەشکردنی «سیادە» لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتەکانی ویلایەتە جیاوازەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لەسیستەمی فیدراڵیدا، هزری گشتی بریتییە لەوەی کە پێویستە حکومەتی فیدراڵ ئەو دەسەڵاتانەی پێ ببەخشرێت کە بە گرنگ دادەنرێت بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە پەیوەستن بە تێکڕای وڵات، بۆنموونە بەرگری نیشتمانی، مامەڵەکردن لەگەڵ هێزی بیانی بۆ ئەنجامدانی ڕێککەوتنەکان، ڕێکخستنی کارەکانی بازرگانیی نێودەوڵەتی،...تاد. هاوکات هەموو دەسەڵاتەکانی تر بە حکومەتە لۆکاڵەکان دەبەخشرێت. چەندین هۆکار هەیە لەپشت ئەوەی کە بۆ نەتەوەکان سیستەمی فیدراڵی هەڵدەبژێرن، بەڵام من تەنیا دوو هۆکار باس دەکەم، یەکەمیان: سیستەمی فیدراڵی



ڕۆبەرت میللەر بۆ گوڵان:

**خەسڵەتی دیاری فیدراڵییەت بریتییە لەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت دابەشبکرێت لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتە لۆکاڵەکاندا، لەم سیستمەدا دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی سنووردارەو دەسەڵاتی هەرێمەکان فراوانە**

بەرگرییەکە لەدژی دیکتاتۆرییەت، لەسەر هەردووك لەئاستەکان لەحکومەتی فیدراڵی و حکومەتە لۆکاڵەکان، سیستەمی فیدراڵی قۆرخکردنی دەسەڵاتەکان سنووردار دەکات لەلایەن حکومەتی فیدراڵ-ەوە، ئەویش بەو هۆیەی کە سروشتی سیستەمی فیدراڵی واهەڵکەوتووە کە حکومەتی فیدراڵ خاوەن دەسەڵاتێکی سنووردارە لەبەرئەوەی هەندێك لەدەسەڵاتەکان کەوتۆتە چوارچێوەی حکومەتە لۆکاڵەکان. هاوکات ڕێگە نادات دەسەڵاتەکان قۆرخبکرێت لەلایەن حکومەتە لۆکاڵەکان، ئەویش لەبەرئەوەی کە ئەگەر بێت و یەکێك لەحکومەتە لۆکاڵەکان هەڵستێت بە قۆرخکردنی دەسەڵاتەکان، ئەوکات هاووڵاتیان ئازادن لەوبارەیەی ئەو ویلایەتە جێبهێڵن و خۆیان بگوازنەوە بۆ ناوچەیەکی تر کە لەلایەن حکومەتێکی لۆکاڵی دیکەوە حوکمڕانی دەکرێت، ئەمە هەمووی بەبێ ئەوەی نیشتمانەکەیان جێبهێڵن. دووەم هۆکار: سیستەمی فیدراڵی مایەی ئاسانکارییە بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە بۆ ئەو خەڵکانەی کە هەڵگری بیروباوەڕی جیاوازن لەبارەی چۆنیەتی ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە - - لە وەڵامدانەوەی پرسیاری دووەمتان دەرۆمە سەر باسکردنی ئەم بابەتە - - لەبارەی چۆنیەتی پەرەپێدانی سیستەمی فیدراڵی، لەڕاستیدا ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بە مێژووی نەتەوەکان. لە وڵاتەکەی مندا، ویلایەتە جیاوازەکان لەسەرەتادا وەکو «داگیرکەر» دروستکران لەلایەن «بەریتانیای مەزن»ـەوە، دواتر سەربەخۆیی بەدەستهێنا و بوو بە خاوەن فەرمانڕەواییەکی ڕەها لەساتەکانی شۆڕشەکەی ئەمریکا لەساڵی ١٧٧٦. پاشان هاووڵاتیانی ئەمریکا بڕیاریاندا ویلایەتەکان بەیەك بگەیەنن لەچوارچێوەی سیستەمێکی فیدراڵیدا و دروستکردنی حکومەتێکی فیدراڵی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان. هەڵبەتە ئەم مێژووە تایبەتە بە واقیع و بارودۆخەکانی ئەزموونەکەی ئەمریکا. سیستەمی فیدراڵیی نەتەوەکانی تر بەشێوازی جیاواز بونیادنراون. هەروەها باشیەکی دیکەی سیستەمی فیدراڵی بریتییە لەوەی کە ئامانجی هەیە بۆ کەمکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان گرووپە جیاوازەکان. لە وڵاتەکەمدا، هاووڵاتییان بریتین لەپێکهاتەیەکی فرەڕەگەز، هاووڵاتییە ئەمریکییەکان لە»کالیفۆرنیا» و «تێکساس» و «نیویۆرك» چەندین خاڵی هاوبەشیان هەیە، تەنانەت گەر گفتوگۆش بکەوێتە نێوانیان، ئەوە هەرگیز هەستی پێناکەن. لە نەتەوەیەکدا کە تیایدا جیاوازییەکی بەرچاو بوونی هەیە لەنێوان گرووپ و ئیتنییەت و ئاینیەکان، بەهەرحاڵ، دەشێ سیستەمی فیدراڵی ببێت بە مایەی کەمکردنەوەی ناکۆکییەکان لەڕێگەی ئاراستەکردنی کێشەکان کە مایەی دابەشبوونی هاووڵاتیانن بۆ دەسەڵاتەکانی حکومەتە لۆکاڵەکان بۆ چارەسەرکردنیان. هەروەها پێموایە دەکرێ ئەندامانی گرووپە جیاوازەکان هەوڵبدەن لەناوچەیەکی جوگرافی سەربەخۆ بژین،

دەتوانێت ئەم شتە بکات، بەشێوەیەک کە لەڕێگەی حکومەتە لۆکاڵەکانیانەوە ڕەفتاربکەن و ئەو یاسا-یانە دەربکەن کە بە باشی دەزانن. هەر گرووپەو خەڵکانێک کە یاساکانی ناوچەیەکیان بەدڵ نییە و کە لەلایەن حکومەتە لۆکاڵەکانەوە دەرکراون، دەتوانن خۆیان بگوازنەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە کە تیایدا یاساکانی بە دڵی ئەوانە. لەهەمان کاتیشدا، گرووپە جیاوازەکان دەتوانن کۆدەنگی دروستبکەن لەسەر پرسە هەرە گەورەکان لەبارەی سیاسەتی نیشتمانی و ئاڕاستەکردنی ئەو مەسەلانە بۆ حکومەتی فیدراڵ، سیستەمی فیدراڵی دەرفەت فەراهەم دەکات بۆ ئاسانکاری لەبارەی پێکەوەژیان بۆ ئەو خەڵکانەی کە ناکۆکن لەسەر هەندێک لەپرسە هەرە گرنگەکان)).


ئەوەی پرۆفیسۆر ڕۆبەرت میللەر ئاماژەی پێدەکات و بە فاکتەرێک بۆ سەرکەوتنی فیدراڵیزمی لەقەڵەمدەدات، ئەوەیە کە پێویستە زەمینەیەکی دیموکراتی یان ڕۆشنبیری دیموکراتیانە بۆ یەکتری قبوڵکردن بوونی هەبێت، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر کارل سی کاڵتەنتالنەر ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی ئەکرۆن(Akron) کرد، لەوەڵامدا سەبارەت بە ناتەبایی نێوان پێکهاتەکان بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (فیدراڵیزم هەندێک جار زۆر سوودبەخشە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە ئیتنی و ئایینییەکان، بەڵام ئەگەر بێت و لە وڵاتێکدا هاووڵاتیان بە چاوێکی دۆستانە سەیری یەکتری نەکەن و نامتمانەیی و ڕقوکینە لەنێوانیاندا هەبێت، ئەوکات باشترین ڕێگەچارە ئەوەیە کە وڵاتەکە دابەشبکرێتە سەر ژمارەیەک لەیەکەی نیشتمانیی لاوەکی لەگەڵ ڕێگەدان بە گرووپە ئیتنی و زمانەوانی و یان ئایینییە جیاوازەکان کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوەبەرن، دیارترین نموونە لەسەر ئەمە وڵاتی «بەلجیکا»یە کە تیایدا «واڵون» و «فلامینگ» تارادەیەک کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوەدەبەن. لەهەمان کاتیشدا نموونە هەیە لەسەر چۆنیەتی بوونی فیدراڵییەت وەکو کێشەیەک، بۆیە پێویستە باڵانسێک بونیادبنرێت لەو وڵاتانەی کە لەسەر سیستەمی فیدراڵی دروست دەبن، بەشێوەیەک کە ئۆتۆنۆمی بە گرووپەکان ببەخشرێت لەگەڵ هێشتنەوەی هۆکارەکان بۆ مانەوەی گرووپەکان لەچوارچێوەی وڵات. یەکێک لەهۆکارە گەورەکان لەپشت سەرهەڵدانی کێشە لە وڵاتە فیدراڵییەکان بریتییە لەدابەشکردنی داهاتەکان، بۆ نموونە ئەگەر هات و دابەشکردنی داهاتەکانی وڵات لەدەستی بەشێک لە وڵاتەکە بوو، ئەوکات بەشەکانی دیکە، پارێزگا بێت یان هەرێم، ڕازی نابن بەو بارە، تەنیا لەو کاتەدا نەبێت کە داهاتەکان و پارەکان بەشێوەیەکی یەکسان دابەش بکرێت بەسەر هەموو هەرێم و پارێزگاکان. بۆ نموونە بەپێی سیستەمی فیدراڵی وڵاتی «ئەڵمانیا» هەمیشە لەهەوڵدانە بۆ دابەشکردنی



کارل کاڵتەنتالەر بۆ گوڵان:

**دەوڵەتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، داگیرکرابوون و بەزۆر پێکەوە کۆکرابوونەوە، بۆیە کە بواریان بۆ ڕەخسا سەربەخۆییان هەڵبژارد نەک فیدراڵی**

داهاتەکان بەشێوەیەک کە نەبێتە مایەی دروستبوونی ویلایەتێکی دەوڵەمەند و ویلایەتێکی دیکەی هەژار، لەکاتێکدا ئەم شتە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەئاستێکی نزمتردایە، بەشێوەیەک کە هەندێک لەویلایەتەکان زۆر هەژارن و ویلایەتی زۆر دەوڵەمەندیشمان هەیە، ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە باجەکان لەسەر ئاستی لۆکاڵ کۆدەکرێتەوە. ئەم مەسەلەیە لێرەدا شتێکی ئەوتۆ نییە، بەڵام ماوە بۆ ماوە دەنگۆی لەسەر دروست دەبێت لەنێو هاووڵاتیان، بەڵام لەهەندێک لە وڵاتەکانی تر، بۆ نموونە وڵاتەکەتان عێراق، لەوانەیە کێشە هەبێت لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی داهاتەکان، لەبەرئەوەی هەندێک لە پارێزگاکانتان نەوتیان هەیە لەکاتێکدا هەندێک لە پارێزگاکانی تر نەوتیان نییە، بۆیە گرفت دێتەکایەوە لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی داهاتەکانی نەوتی عێراق بەسەر پارێزگاکان. سەبارەت بە دەوڵەتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشانیش، کێشەی «یەکێتی سۆڤێت-ی جاران» لەوەدابوو کە ئەو وڵاتانەی کە «یەکێتی سۆڤێت»یان پێکهێنابوو هیچ خاڵێکی پێوەندی لەنێوانیاندا نەبوو، لەبەرئەوەی ئەوان بەزۆرەملێ پێکەوە بەسترابوون. ئەگەر سەیری مێژووی «یەکێتی سۆڤێت» بکەین دەبینین زۆربەی گرووپە ئیتنییەکان کە بەشێک بوون لە «یەکێتی سۆڤێت» وڵاتانێکی داگیرکراوبوون و بەزەبری هێز کرابوون بە بەشێک لە «یەکێتی سۆڤێت»، هەربۆیەش کە ڕێگەیان پێ بەخشرا بۆ جیابوونەوە لە «کۆمۆن وۆڵت» و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ تایبەت بە خۆیان یەکسەر ئەو شتەیان هەڵبژارد نەک مانەوە لەسیستەمێکی فیدراڵی. ئەم مەسەلەیە زیاتر پەیوەستە بە ئاستەکانی دوژمنایەتی و متمانەیی و هەستی خەڵکەکان بەرامبەر بە یەکتری، ئەگەر بێت و هاووڵاتیان متمانە بە یەکتری بکەن، ئەوکات دەتوانن پێکەوە هاوکاربن و کاربکەن، بەڵام ئەگەر متمانەیی نەبوو ئەوکات دیموکراسییەت هیچ سوودێکی نابێت لەم بارەیەوە. نموونەیەکی دیاری «ئەورووپا» لەم بارەیەوە وڵاتی «بەلجیکا»یە، هەریەک لە «واڵون» و «فلێمینگ» هەرگیز نەیانتوانییە پێکەوە هەماهەنگبن و پێکەوە کاربکەن، بەشێک لە کێشەکانی نێوانیان پەیوەستە بە پارە، بەڵام بەشێکی زۆری هۆکارەکان پەیوەستە بە نەبوونی متمانەیی لەنێوانیاندا، بەشێوەیەک کە «واڵون»ەکان متمانە بە «فلێمینگ»ەکان ناکەن، بەپێچەوانەشەوە دروستە، پێموایە «فلێمینگ»ەکانن کە زیاتر متمانە بە «واڵون»ەکان ناکەن. مەبەستم نییە بگەڕێمە سەر وڵاتەکەتان، بەڵام بۆنموونە لە «عێراق» متمانە بوونی نییە لەنێوان «شیعە» و «سوننە» و «کورد» و پێکهاتە جیاوازەکانی تر. بۆیە دەکرێ سیستەمێکی دیموکراسی بونیادبنێن کە یاریدەدەر بێت لەبەخشینی هەلومەرج بۆ هاووڵاتیان لەدەربڕینی هەست و بۆچوونەکانیان لەبارەی سیاسەت و دەرفەتی



هەڵبژاردن لەنێوان سیاســەتوانەکان لەگەڵ پەســەندکردن یان لادانی سیاســەتوانەکان، بەڵام ئەگەر هات و نامتمانەیی لەئاستێکی بەرزدا بــوو لەنێوان پێکهاتــە جیاوازەکان، ئــەوکات دیموکراســییەت چارەســەرێکی سیحری نابێت بۆ کێشــەکان. لێرەوە ئەگەر بێینە ســەر بارودۆخــی عێــراق، عێراق حاڵەتێکی جیاواز و دەگمەنە. عێراق لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داگیرکرا و بەهەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان هەڵستان بە پێکهێنانی حکومەتێك و لەسەر عێراق-یان سەپاند. پێموایە هێشتا بەشی کۆتایی حکومەتی عێراقی نەنووسراوە و ١٠٠٪ دیــار نییــە هەیکەلییەتی حکومەتــی عێــراق لەئاییندەدا چۆن دەبێت. لەوانەیــە ئەگەرێك هەبێت بۆ دروســتبوونی کوردستان-ێکی سەربەخۆ، بــەڵام ئێوە لەمن باشــتر دەزانن، کە بارەکە زۆر زۆر ئاڵــۆزە لەبەرئەوەی لــەدەرەوەی چوارچێــوەی عێراق کــوردی دیکە هەیە، بۆنمونــە کورد لە «ســوریا» و «ئێران» دەژین، بۆیە کوردستانێکی سەربەخۆ دەبێت بە کێشــەیەکی نێودەوڵەتی ئاڵۆز و مامەڵەکردنی زەحمەت دەبێت.


چەندین نموونــە هەیە کە تیایــدا فیدراڵییەت بە چارەســەر دانــراوە و لەکۆتاییدا سەرکەوتوو نەبــووە، بۆنموونــە « نا یجیر یــا » ، «نایجیریــا» خاوەن سیستەمێکی فیدراڵی بوو، بــەڵام نموونەیەکی درەوشــاوە نەبوو لەســەر ســەرکەوتنی سیســتەمی فیدراڵییــەت. «بەلجیــکا» زۆر ســەرکەوتوو نەبوو، «سویســرا» و «ئەڵمانیــا» زۆر ســەرکەوتوو بــوون، بەڵام ئــەم وڵاتانــە دەوڵەمەندن هاوکات ئاســتی دوژمنایەتی لەنێوان گرووپە ئیتنییەکانی هەرێمەکانیــان زۆر قووڵ نییە. هەروەك کە پێشتریش ئاماژەمپێدا، فیدراڵییەت چارەسەرێکی سیحری نییە بــۆ کێشــەکان، هەندێك جار سەرکەوتوو دەبێــت و هەندێــك جاریش شکست بەدەست دێنێت)).

هەڵەبجە مێژووەکەی بۆ دوو سەدە پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، لەمێژووی هاوچەرخی گەلەکەماندا داستانێکی پڕ لەسەروەریی و قوربانیدانی لەبزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستاندا تۆمارکردووەو دەکرێت پێی بووترێت (سیمبولی ئازادی)، ئەم شارە سیمبولە بۆ مێژووی نەتەوەییمان، بەهاوشێوەی هێرۆشیماو هۆلۆکۆست و فۆرمۆسا تاوانی بەرامبەر ئەنجامدراوە، هەربۆیە پێویستە تەنیا کوردایەتی لەم شارە بکرێت، هەڵەبجە بەدرێژایی حوکمڕانە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق ڕووبەڕووی تاوان و هێرشێکی زۆر دڕندانە بۆتەوە، لەساڵانی ١٩٦٣ و ١٩٧٤ و ١٩٨٣ و ١٩٨٧ تۆپباران و کۆمەڵکوژی بەرامبەر ئەنجام دراوە، لە ١٩٨٨/٣/١٦ لەلایەن رژێمی بەعسەوە ئەم شارە بەچەکی کیمیایی لەڕێگەی فڕۆکەی جەنگی و تۆپبارانەوە هێڕشی کراوەتە سەروو زیاتر لە ٥ هەزار کەسی لێ شەهیدکراوەو ١٠ هەزار کەسی تریشی بریندار بوون، هەرچی دانیشتووانەکەی تریشی هەبوو کۆچیان بەرەو ئێران و شارەکانی کوردستان کرد.

هەڵەبجە لەساڵی ١٨٨٩ بەفەرمی کراوەتە قەزاو هەرسێ ناحیەی سیروان و بیارەو خورماڵ و نزیکەی ١٤٠ گوند لەخۆ دەگرێت، کەبەشی هەرە زۆری ئەو گوندانە ئاوەدان نەکراونەتەوە، دەڤەرێکی بەرفراوانەو ٩٢ هەزار کەس لە دانیشتووانی ئەم قەزایەیە کە لەنێوخۆی قەزاکە ٦٠ هەزار کەسی تێدا نیشتەجێیە. لەهێرشی چەکی کیمیابارانەکەوە تا ساڵی١٩٩١ هەڵەبجە شارێکی وێران و موحەرەمە بووەو ناوچەکە ژێرخانەکەی هەر لەکارەباوە تا دەگاتە ڕێگاوبان و پرۆژەکانی ئاوی خواردنەوەو خزمەتگوزاری تر تێکدرابوون و بێسەروبەربوون، بەڵام لەدوای راپەڕین توانرا تاڕادەیەك ئەم شارە بەرەو ئاوەدانکردنەوە ببرێتەوە. گەرچی بەپێی پێویست ئاوڕی لێنەدرایەوەو پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ نەکرا، هەر بۆیە کاتێك سەردانی دەڤەرەکەمان کرد تێبینی ئەوەمان کرد لەبوارەکانی خزمەتگوزاری پێویستی بە ئاوڕلێدانەوەی زیاتر هەیە، لەچەند گفتوگۆیەکدا لەگەڵ دانیشتووانی ئەم شارە هاووڵاتیانی سەنتەری قەزاکە گلەیی و گازندەیەکی زۆریان هەبوو، بەتایبەتی لەوەی گەڕەك هەیە کۆڵانەکانی قیرتاو و کۆنکرێت نەکراوەو کێشەی ئاوی خواردنەوەشیان هەبوو، لەبواری پەروەردەشدا هێشتا دوو دەوام و سێ دەوامی لەقوتابخانەکانی ئەم شارەدا هەیە، نەبوونی پزیشکی پسپۆریش کەموکورتیەکی تری کەرتی تەندروستییە، هەروەها ژمارەیەك پرۆژەی خزمەتگوزاری لەشەقام و دروستکردنی یاریگاو پرۆژەی راکێشانی ئاو ماوەیەکی زۆرە بڕیاری بۆ دەرچووە تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە.

لەمەش مەترسیدارتر ئەو ماستەرپلانەی کە کراوە بۆ هەڵەبجە بەپێی زانیاری و پرسی لایەنە پێوەندارەکان نەبووەو قایمقامی هەڵەبجە هیچ ئاگاداری پرۆژەی ماستەپلانەکە نییە، واتا شارەکە بەشێوەیەکی خێراو بەپێی نەخشەیەکی دوور لەئاگاداری لایەنە پێوەندارەکان فراوان دەبێت، لەسەردانێکی تیمی (گۆڤاری گوڵان) بۆ شاری هەڵەبجە ئەو کەموکوڕی و گلەییەی خەڵکەکەمان ئاڕاستەی (گۆران ئەدهەم) قایمقامی قەزای هەڵەبجەی شەهید کرد. کە لە دووتوێی ئەم راپۆرتەدا بڵاوی دەکەینەوە.













# هەڵەبجە


## بۆ ئەوەی ببێتە سیمبولی ئازادی و دەستەخۆشکی شارەکانی جیهان پێویستە وەکو پارێزگا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت





### گۆران ئەدهەم قایمقامی هەڵەبجەی شەهید بۆ (گوڵان):

# تاوەکو گرفتی زێدەڕۆیی و خانووە بێ تاپۆکان چارەسەر نەکرێن ناتوانرێت بەپێی پێویست پرۆژەکان جێبەجێ بکرێن



**ئیدارەو داراییەکی سەربەخۆ**

کاتێک سەردانی هەڵەبجە دەکەیت ئاوەدانی پێوە دەبینیت، بەڵام هێشتا ئەو هەڵەبجەیە نابینیت کە لەئاست ئەو مێژوو قوربانیدانەدا بایەخی پێدرابێت و ببێتە سیمبولی نەتەوەیی و ئازادی و دەستە خوشکی شارە بەناوبانگەکانی جیهان، سەبارەت بەوەی هەڵەبجە ژمارەی دانیشتووان و گەڕەکەکانی لەماوەی چەند ساڵی رابردوو زۆر زیادیکردووە و داواکاری و پێداویستی خزمەتگوزاری خەڵکەکەش بەهەمان شێوە زیادیکردووە، گۆران ئەدهەم قایمقامی هەڵەبجەی شەهید وتی: هەر کارو پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری بۆ شارەکەو دانیشتووانەکەی بکرێت ناتوانرێت قەرەبووی ئەو شەهیدو قوربانییە بکرێتەوە کە لەم شارە کەوتووە، حکومەتی عێراق نەک تەنیا شارەکەو سنوورەکەی وێرانکرد، بەڵکو ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانەکەشی جینۆساید کردو بەبەردەوام لەساڵانی ١٩٦٣ وە رۆڵەکانی ئەم شارە قەتڵوعام دەکرێن و ئەم حاڵەتەش بەردەوام بوو تا لە ٣/١٦ی ساڵی ١٩٨٨ لەلایەن رژێمی بەعسەوە ئەم شارە بەچەکی کیمیایی لەڕێگەی فڕۆکەی جەنگی و تۆپبارانەوە هێرشی کرایە سەروو لەرۆژێکدا ١٥ هەزار کەسی مەدەنی لێ شەهیدو بریندار کرا، تاکو ئەمڕۆش ژمارەیەک لە بریندارەکانی بەهۆی برینەکانیانەوە شەهید دەبن. لەدوای ساڵی ١٩٩١ توانرا تارادەیەک ئەم شارە ئاوەدانبکرێتەوەو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئاوڕ لەم شارە دراوەتەوە و بەجدیش لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کاری

**کاریگەری کیمیبارانەکە لەسەر ئەو کەسانە هەیە کە بریندار بوون و بەر کیمیاییەکە کەوتوون نەک لەسەر نەوەکانی داهاتوو**

بۆ کراوە، هەروەها لەبودجەی جۆراوجۆر وەکو بودجەی سیادی و پەرەپێدان و پێترۆڵ دۆلار کارو پرۆژە بەبەردەوامی ئەنجام دەدرێت، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم شارە ببێتە سیمبولی نەتەوەیی و ئازادی بۆ کوردستان، ئەوا مافێکی رەوای هەڵەبجەو هەڵەبجەییەکانە و ئومێد دەخوازین شاری هەڵەبجە بەو ئاراستەیەوە هەنگاوی بۆ بنرێت، هەرچەندە وەکو ئاگادارن ئێستا بڕیار دراوە بکرێتە ئیدارەیەکی سەربەخۆو بودجەیەکی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت، واتا دوای ئەوەی هەڵەبجە بووە ئیدارەیەکی سەربەخۆ، ئەوا پێویستە وەکو پارێزگا یا بەهاوشێوەی سنووری گەرمیان مامەڵەمان لەگەڵ بکرێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە زیاتر گرنگی بەم شارە بدرێت کە هەنگاو و بنەمایەکی گرنگ و کاریگەرە بۆ بەرەو پێشەوەبردن و زیاتر ئاوەدانکردنەوەی شاری هەڵەبجەو سنوورەکەی.

**زیانە ژینگەیی و بۆماوەییەکانی چەکی کیمیایی**

سەبارەت بەوەی هیچ توێژینەوەیەکی زانستی و پزیشکی لەسەر زیانە ژینگەیی و بۆماوەییەکان لەسەر شاری هەڵەبجەو ناوچەکە کراوە، قایمقامی هەڵەبجە وتی: چەند لێکۆڵینەوەیەکی جیاواز لەلایەن چەند کەسێکی پسپۆر و تایبەتمەند ئەنجامدراوە یەکێك لەو لێکۆڵینەوەو توێژینەوانە لەلایەن دکتۆر دلاوەر عەلائەدین ئەنجام دراوە کەباس لەزیانە ژینگەییەکان دەکات کە تا ئاستێکی زۆر دڵخۆشکەرە بۆ نەوەکانی داهاتوو کە کاریگەری کیمیابارانەکەیان لەسەر نابێت، هەروەها توێژینەوەی تریش هەیە کە لەلایەن چەند زانایەکەوە ئەنجامدراوە لەم لێکۆڵینەوانەش دەرکەوتووە کاریگەری

کیمیبارانەکە لەسەر ئەو کەسانە هەیە کە بریندار بوون و بەر کیمیاییەکە کەوتوون نەك لەسەر نەوەکانی داهاتوو سەرەڕای ئەمانەش هەندێك حاڵەتی بۆماوەیی هەیە لەو کەسانەی برینداری کیمیابارانەکەن کە منداڵیان بووە نەخۆشیان لەگەڵدایە چەند حاڵەتێکی منداڵ لەباربوونیش لەچەند کەسێکی بەرکەوتووانی کیمیابارانەکە روویداوە.

### زێدەڕۆیی ڕێگرە لەبەردەم ئەنجامدانی پرۆژەکان

سەبارەت بەکۆڵان و شەقامی هەندێك گەڕەکی ناو سەنتەری قەزاکە کە بۆ ماوەیەکی زۆرە تەندەری بۆ دەرچووەو پرۆژەکان لەسەرخۆ و بەسستی بەڕێوەدەچن و پرۆژەکان دواکەوتوون و وەکو پرۆژەی شەقامی گەڕەکی کانی عاشقان و چەند گەڕەکێکی تر کە وایکردووە خەڵکی گلەیی بکەن، قایمقامی هەڵەبجەی شەهید وتی: هۆکاری سەرەکی دواکەوتنی زۆر پرۆژە بەتایبەتی پرۆژەی گەڕەکی کانی عاشقان بۆ کۆمەڵێك کێشە دەگەڕێتەوە لەوانە هەبوونی خانووی زێدەڕۆیی، ئەو زێدەڕۆییانە وایانکردووە کۆڵانەکان بێسەرووبەر بکەن یا هەندێکی بێتە سەر رووبەری زەوی شەقام و کۆڵانەکان و نەتوانرێت بەپێی پێویست کۆڵانەکان بەرین و گەورە بکرێت. هەربۆیە ئێستاکە لەهەوڵی ئەوەداین بەزووترین کات گرفتی زێدەڕۆیی گەڕەکی کانی عاشقان و هەموو گەڕەکەکانی تر بەپێی ڕێنمایی و بەپێی پێویست و بەسوود و قازانجی خەڵکەکە چارەسەری بکەین، تاوەکو بتوانرێت نەك تەنیا پرۆژەی کۆنکرێت و قیرتاوکردنی کۆڵانەکانیان بۆ بکرێت، بەڵکو پرۆژەی دیکەش کە زۆر پێویستە بۆیان ئەنجام بدرێت. ناکرێت لەگەڕەك و کۆڵانێکدا زێدەڕۆیی هەبێت و بەستاندەر و ڕێکوپێکی بتوانین پرۆژە ئەنجام بدەین، بڕیارە لەماوەیەکی زۆر نزیك لەم پرۆژانەدا دەست بەکارکردن بکرێتەوە، هەروەها یەکێك لەکێشەکانی تری ئەم پرۆژانە ئەوەیە هەندێك خانوو لەم گەڕەکانە هەیە زۆر کۆنە و تاپۆیان نییەو بەپێی نەخشەش نەکراوە واتا بەشێوەیەك لەشێوەکان بۆتە زێدەڕۆیی لەسەر کۆڵان و گەڕەکەکان، هەربۆیە گەر ئەم گرفتانە چارەسەر نەکرێت ناتوانرێت بەپێی پێویست پرۆژەکان جێبەجێ بکرێن.

**هۆکاری سەرەکی دواکەوتنی زۆر پرۆژە بەتایبەتی پرۆژەی گەڕەکی کانی عاشقان بۆ کۆمەڵێك کێشە دەگەڕێتەوە لەوانە هەبوونی خانووی زێدەڕۆیی**

### زێدەڕۆیی لەسەر موڵکی شارەوانی و دەوڵەت بەردەوامە

زێدەڕۆیی لەسەر موڵکی شارەوانی و دەوڵەت و کێشەی تاپۆ یەکێکە لەو گرفتانەی لەهەڵەبجەش بەهاوشێوەی شارۆچکەکانی تر بوونی هەیە، لەمبارەیەوە قایمقامی هەڵەبجە وتی: یەکێك لە کێشە سەرەکیەکانی هەڵەبجە گرفتی تاپۆ بوو، بەبڕیارێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ماوەیەك پێش ئێستا دەرچوو کە هەموو خانوو و کەلاوەو زەوییەکانی شاری هەڵەبجە لەسەر خاوەنەکانیان تاپۆ بکرێت، هەروەها بڕیارێکی تایبەتیمان بۆ دەرچوو کە ئەو خانوو کەلاوەو زەوییانەی رووبەرەکانیان لە ٢٠٠ مەتر دووجا و زیاترە تاپۆش نەبن پێشینەی خانووبەرەیان پێ دەدرێت، ئەم بڕیارەش کۆمەڵێك کێشەو گرفتی بۆ چارەسەر کردووین. لە هەڵەبجە بەهەزارەها زێدەڕۆیی هەیەو هەوڵمانداوە سنوورێك بۆ ئەم دیاردەیە دابنێین کەچی لێرەو لەوێ هەر زێدەڕۆیی دەکرێت، بۆیە پێویستە هاووڵاتیانی هەڵەبجە بۆ بنبڕکردنی ئەم دیاردە ناشارستانییە هاوکارمان بن، تاوەکو بەهەمووان سیمای شارەکەمان جوانتر و شارستانی تر بکەین.

### هیچ ئاگاداری پرۆژەی ماستەپلانی هەڵەبجە نین

سەبارەت بەوەی ماستەر پلان نەخشە ڕێگاو نیشاندەرە بۆ گەورەبوون و فراوانبوونی شار بەشێوازێکی شارستانی، بۆ گەورە بوونی هەموو شاروشارۆچکەیەك زۆر گرنگ و پێویستە، بەڵام هەڵەبجە بەشێوەیەکی خێراو بەربڵاو بە ماستەرپلانێك فراوان دەبێت، کە زۆربەی یەکە ئیدارییەکانی شارەکە ئاگاداری نین، قایمقامی هەڵەبجە وتی: تا ئێستا بۆ هەڵەبجە ماستەرپلانێکی دیاریکراومان نییە، گەرچی چەند ساڵێك پێش ئێستا ماستەرپلانێك بۆ هەڵەبجە کراوە، بەڵام بەشێوەیەکی عەمەلی تا ئێستا ئەو ماستەرپلانە نەهاتۆتە دەست ئێمە، تا وەکو لەکارو ئیش و پرۆژەکاندا رەچاوی ماستەرپلانەکە بکەین. ئەو ماستەرپلانەی کە کراوە بەپێی زانیاری و پرسی لایەنە پێوەندارەکانی هەڵەبجە نەبووەو هیچ ئاگاداری پرۆژەی ماستەپلانی هەڵەبجە نین و نازانین چەند سەرکەوتوو بووەو گومانم لەوە هەیە کە کرابێت، چونکە بەپێی ئەو زانیاریانەی من هەمە و پێوەندیشم بەنەخشەدانانی سلێمانی کردووە لەمبارەیەوە ئەوانیش زانیاری تەواویان لەسەر ئەو ماستەرپلانەی هەڵەبجە نییە.

**لە هەڵەبجە بەهەزارەها زێدەڕۆیی هەیەو هەوڵمانداوە سنوورێك بۆ ئەم دیاردەیە دابنێین کەچی لێرەو لەوێ هەر زێدەڕۆیی دەکرێت**

### رۆژانە بەتەنکەر ئاو دابەش دەکرێت

ئاو لە ریزبەندی پێشەوەی پێداویستیەکانی هاووڵاتیان دادەنرێت، لەگەڵ ئەم گرنگییەی ئاو کەچی پرۆژەی ئاوی هەڵەبجە کە ماوەی چەند ساڵێکە بڕیارە ئەنجام بدرێت، بەڵام لەرووی کردارەکییەوە هەنگاوی بۆ نەنراوەو هەروەکو خۆیەتی و دواکەوتووە، هاوکات گرفتی کەمئاوی لە قەزاو ناحیەکانیش هەیە، قایمقامی هەڵەبجەی شەهید وتی: هۆکاری کەمئاوی بۆ بەرزی پلەکانی گەرمای ئەمساڵ دەگەڕێتەوە کە خەڵك ئاستی پێداویستیەکانیان بۆ ئاو بەرز بۆتەوە، ئەمە جگە لەوەی بەچەندین شێوە ئاو بەفیرۆ دەدرێت، دەبێت ئەوەش بزانین کە سەرچاوەی ئاوی سەرەکی هەڵەبجەی شەهید ئاوی ئەحمەدئاوایە کە لەساڵی ١٩٩٤ پرۆژەیەك ئەنجامدراوە، ئەو پرۆژەیە بۆ ئەو کاتە زۆر باش و سەرکەوتوو بوو، بەڵام لەماوەی ئەو ١٥ ساڵەی رابردوو شارەکە ئاوەدانکرایەوەو فراوانبوونێکی زۆری بەخۆوە بینیوە، هەر بۆیە ئاوی پرۆژەی ئەحمەدئاوا ئێستاکە بەشی هەموو دانیشتوانی هەڵەبجە ناکات، هاوکات لەسنووری قەزای هەڵەبجە نزیکەی ٤٠ بیری ئاوی خواردنەوەش هەیە، بەڵام ئەم بیرانە ساڵانە ئاویان کەمتر دەبێتەوەو لە وەرزی هاوین زیاتر تووشی گرفت دەبن و بیر هەیە وشکی کردووەو بیریش هەیە ترومپایەکەی لەکار کەوتووە، زۆربەی

دەبڕێت، سەرەڕای هەموو ئەمانە نەبوونی پێوەریش لەسەر ئاوی ماڵان هۆکارێکی ترە لەبەفیڕۆچوونی ئەم سامانە گرنگەو کە زۆرجار نەبوونی پێوەر بۆ دابەشکردنی ئاو بەسەر ماڵاندا جۆرێك لە نادادپەروەریشی لێدەکەوێتەوە، هەموو ئەمانە وادەکات دیاردەی کەمئاوی لەگەڕەك و شارەکە سەرهەڵبدات. بۆ چارەسەری گرفتی کەمئاوی فەرمانگەی ئاو لەهەڵەبجە ڕۆژانە بەتەنکەر ئاو بەسەر ماڵان دابەش دەکات، داوامان لە پارێزگاری سلێمانی کردووە بۆ ئەوەی چەند شوفێرێکمان بەگرێبەست بۆ دابمەزرێنن تاوەکو بەدوو شەفت ئاو بەسەر ماڵەکان دابەش بکەین. ئەمەش چارەسەرێکی کاتییە، ئەوەی ئەمڕۆ بۆ هەڵەبجە گرنگ بێت و چارەسەرێکی گرنگە ئەنجامدانی پرۆژەیەکی ئاوی ستراتیژییە، کە ئێستاکە لەلایەن حکومەتی

**ئەو ماستەرپلانەی کە کراوە بەپێی زانیاری و پرسی لایەنە پێوەندارەکانی هەڵەبجە نەبووە**

ژاپۆنەوە بۆ هەڵەبجە دابین کراوەو چۆتە قۆناغی تەندەرەوە.

### لە٢٠١٢ پرۆژەی ئاو دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە

سەبارەت بەهۆکاری دواکەوتنی پرۆژەی ئاوی هەڵەبجە قایمقامی هەڵەبجە هۆکارەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ئەو جۆرە پرۆژانەی بەقەرزی وڵاتی ژاپۆن دەکرێت و لە هەرشوێنێك بێت زۆر بەوردی کار لەسەر هەنگاوەکانی و دیزاینەکەی و شێوەی پرۆژەکە دەکرێت، تا بەخاڵ و هەنگاو و کارەکانی بەتەواوەتی نەڕوات، دەست بەئەنجامدانی پرۆژەکە ناکەن. پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی هەڵەبجەش لەم جۆرە پرۆژانەیە و نەخشەو دیزاینەکەی تەواو بووەو لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٢ دەچێتە بواری جێبەجێکردن، بڕی بودجەکەشی نزیکەی ١٢٠ ملیۆن دۆلارەو سەرچاوەی پرۆژەکەش ئاوی زێی سیروانە، لەگەڵ پرۆژەکەشدا تۆڕی دابەشکردنی ماڵانیش بەتایبەتی ئەوانەی پێویست دەگۆڕدرێت بەتۆڕێکی تازەو سەردەمیانە.

**بۆ چارەسەری گرفتی کەمئاوی ڕۆژانە بەتەنکەر ئاو بەسەر ماڵان دابەش دەکات**

### ڕێگای نێوان (سەیدسادق – هەڵەبجە)

سەبارەت بەپرۆژەی جووت سایدی شاری هەڵەبجەو زۆر شوێنی تری ناوچەی هەورامان، قایمقامی هەڵەبجەی شەهید وتی: چەند پرۆژەی ڕێگای سەرەکی لەژێر ئەنجامدانە وەکو پرۆژەی ڕێگای سەرەکی کە هەڵەبجە بەهەورامان دەبەستێتەوە لە قۆناغی قیرتاوکردندایە، بەڵام کێشەی ئێمە لە ڕێگا سەرەکییەکانمان ڕێگای نێوان (سەیدسادق – هەڵەبجە)یە ئەم ڕێگایە درا بەبەڵێندەرو کەچی دوای ماوەیەك پرۆژەکە ڕاگیرا لەبەر ئەوەی شێوەی ڕێگاکەو شوێنی پرۆژەی ڕێگاکە گۆڕدرا تاوەکو قەرەباڵغی بەناو سەیدسادقدا نەچێت، بەڵکو لەسەرای سوبحان ئاغاوە ڕاست لەدەرەوەی سەیدسادق ڕێگاکە بێتە هەڵەبجەوە بەمەش ڕێگاکە ٣ کیلۆمەتر کورتتر دەبێتەوە، ئێستا ئەم پرۆژەیە لە دیزاینەو پشکنینی خۆڵی ڕێگاکە دەکرێت و لەئاییندەیەکی نزیکدا دەدرێت بە بەڵێندەر.

### بەشێوەیەکی تەقلیدی زبڵ و خاشاك کۆدەکرێتەوە

سەبارەت بەوەی تاچەند کێشەی زبڵ و خاشاك لەشاری هەڵەبجە هەیەو بەچی ڕێگەیەك چارەسەری زبڵ و خاشاك دەکرێت، قایمقامی هەڵەبجەی شەهید وتی: سیستەمی کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاك هەر بەشێوەی کۆن و تەقلیدیو ڕۆژانەش ئەم کارە لەلایەن تیمەکانی شارەوانییەوە ئەنجام دەدرێت و تا ئێستا وەکو زۆر شار و قەزاکانی تری کوردستان نەدراوەتە کۆمپانیایەك بۆ ئەو مەبەستەش داوامان لە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی سلێمانی کردووە کە کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاك پێویستە بدرێتە کەرتی تایبەت و کۆمپانیایەك ئەم کارە ئەنجامبدات، ئەوانیش پێیان ڕاگەیاندووین لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٢ هەوڵ دەدرێت پاککردنەوەی هەموو زبڵ و خاشاکی قەزاو ناحیەکان بدرێتە کۆمپانیای کەرتی تایبەت، هەروەها بۆ ریسایکلین لەساڵی ڕابردوو هەوڵ هەبوو کە کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە لە دەوروبەری هەڵەبجە کارگەیەك دابنێت، لەزۆر بواردا سوود لە زبڵ و خاشاکەکە وەربگیرێت، داوایەکمان بەرزکردۆتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی سلێمانی و تا ئێستا وەڵامیان نەبووە، چونکە ئەم کارگەیە ٧٠ ملیۆن دۆلار زیاتری دەوێت، گەرچی هەوڵ دراوە زبڵ و خاشاك لەدەرەوەی هەڵەبجە فڕێبدرێت و شوێنێکی بۆ دیاریکراوە، بەڵام زۆرجار زبڵ و خاشاکەکە دەسوتێنراو زیانی ژینگەیی لێدەکەوتەوەو خەڵکی بێزار دەکرد، بۆیە ئێستاکە بەشێوەیەکی زانستی زبڵو خاشاکەکە ورد دەکرێت و ژێر خاك دەکرێت.

### قوتابخانەکان دوو دەوامی و سێ دەوامی تێدا دەکرێت

سەبارەت بەبواری پەروەردەو گرفتی کەمی مامۆستای پسپۆڕ، قایمقامی قەزای هەڵەبجە وتی: کێشەی بواری پەروەردە هەیە بەتایبەتی بەهۆی زۆری قوتابی و قەرەباڵغییەوە سێ دەوامی و دوو دەوامیمان هەیەو پێویستە قوتابخانەی تر بۆ هەڵەبجە دروست بکرێت، لەلایەکی ترەوە کەمی میلاکاتی پسپۆڕایەتی مامۆستامان هەیە بەتایبەتی لە وانە زانستییەکان، هەروەها بڕیارە خوێندنگای پەروەردەی تایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە هەندێك کێشەو تایبەتمەندییان لەخوێندن هەیە بکرێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش بڕیارە بینایەکی تایبەت بۆ

**ڕێگای نێوان (سەیدسادق – هەڵەبجە) درا بەبەڵێندەرو کەچی دوای ماوەیەك پرۆژەکە ڕاگیرا**

ئەو مەبەستە لە هەڵەبجە دروست بکرێت.

### پزیشکی پسپۆڕ لەشارەکە زۆر کەمە

سەبارەت بەکەرتی تەندروستیش قایمقامی هەڵەبجە وتی: بنکەو نەخۆشخانەکانمان پێویستیان بە ئامێرو کارمەندو پزیشك هەیە بۆ نموونە نەخۆشخانەی کیمیاباران کە نزیکەی ٤٠٠ ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە کە پێویستە پێداویستی بریندارانی کیمیابارانی بۆ تەرخان بکرێت و ٥,٨٠٠ ملیۆن دۆلاری تەنیا بۆ دابینکردنی ئامێرە پزیشکییەکانە، هەروەها نەخۆشخانەی لەدایکبوونمان هەیە کە ٥٠ قەرەوێڵەیە



کە ئەمەش لەسەر پارەو بودجەی وڵاتی ژاپۆن دروستکراوەو نەخۆشخانەیەکی زۆر شیاو و سەرکەوتووە، بەڵام ماوەیەك پێش ئێستا گرفتی پزیشکی ئافرەتمان هەبوو، کە لەم دواییەدا چەند پزیشکی ئافرەتمان بۆ هات، بەشێوەیەکی گشتی پزیشکی پسپۆر لەشارەکە زۆر کەمە، گەرچی لە وەزارەتی تەندروستی هەرێم داوامان کردووە بۆ دابینکردنی پزیشك وەکو هەموو لایەکیش دەزانین دابینکردنی پزیشك بۆتە گرفتێك و پێویستە دەرچووی پسپۆرایەتی جۆراوجۆر هەبێت ئەو کات بۆمانی رەوانە بکەن.

### سایلۆیەك بۆ هەڵەبجە پێویستە

سنووری هەڵەبجە ناوچەیەکی کشتوکاڵییە، بۆیە بۆ گرنگیدان بە بەرهەمی کشتوکاڵی بەتایبەتی بەرهەمی دانەوێڵە پێویستیان بە سایلۆ هەیە، لەمبارەیەوە قایمقامی هەڵەبجە وتی: پێویستیمان بە سایلۆیەك بۆ ناوچەی هەڵەبجە هەیە بۆ ساڵی ٢٠١٢ داوامانکردووە دروستکردنی سایلۆیەك بخرێتە بواری پلاندانانەوە. هەروەها سەبارەت بە بواری وەبەرهێنان تەنیا پرۆژەی گۆران ستی هەیە کە ئەمەش پرۆژەی دروستکردنی خانووی نیشتەجێبوونە بۆ هاووڵاتیان لە رێگەی قیستەوە.

### گەڕاوی خورماڵ بۆ گەشتیاری تەندروستی زۆر گرنگە

سەبارەت بەبواری گەشتوگوزاریش ئێستاکە بۆ ئەحمەدئاوا ٣ کۆمپانیا کاری تێدا دەکات بۆ هەرسێ کۆمپانیا بڕی ١٣ ملیار دینار لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە تەرخانکراون و پرۆژەکانیش بریتین لەجوانکاری ئەحمەدئاواو رێگاوبان و چەند بوارێکی تری خزمەتگوزاری بۆ گەڕاوی خورماڵیش لەلایەن چەند کەسێکەوە پێشنیار پێشکەش کرابوو بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەکی تایبەت لە ئەنجومەنی وەزیران سەردانی کردین و گفتوگۆ لەسەر پێشنیار و پرۆژە بۆ گەڕاوی خورماڵ کراوە، بەڵام تا ئێستا بڕیاری کۆتایی بۆ پرۆژەی گەڕاوی خورماڵ نەهاتۆتەوە. ئەنجامدانی پرۆژەیەکی گەشتیاری لە گەڕاوی خورماڵدا کەرتی گەشتوگوزاری تەندروستی لەم ناوچەیەدا دەبووژێنێتەوە، هاوکات چەند شوێنێکی تر هەیە لە ناوچەکە کە زۆر لەبارە بۆ گەشتیاری، ئێستاکە بەرنامەو کاریان بۆ دەکرێت تا لە ماوەیەکی نزیکدا بکرێنە شوێنی گەشتوگوزاری.



# لەگەڵ هاتنی شەپۆلی گەرما گرفتی کەم ئاوی سەریهەڵداوەتەوە

## ئەو پرۆژە ئاوییانەی شکستیان هێناوە یا ماوەیەکی زۆرە تەواو نەکراون، لەئەستۆی کێدایە؟









بەڕێوەبەری گشتی ئاوو ئاوەڕۆ بۆ (گوڵان):

# ئەو پێوەرە زیرەکەی کە بڕیاربوو بۆ ماڵان دابنرێت لەکۆنترۆڵی جۆری دەرنەچوو



**لەکوردستان حاڵەتێك هەیە پێی دەڵێن ((کەم ئاوی)) کە وایکردووە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان رووبەڕووی گرفتی کەمئاوی ببنەوە، بەڕادەیەك لەوەرزی گەرماو هاویندا کێشەکە دەچێتە دۆخێکی ئاڵۆزترەوە، لەگەڵ فراوانبوونی ناوچە جێنیشینەکان و دروستبوونی گەڕەك و ناوچەی نوێ و زیادبوونی خواست لەسەر ئاو، مەسەلەی دابینکردنی ئاوی خاوێن دەبێتە یەکێك لە پێداویستییە هەرەگرنگەکانی هاووڵاتیان، بۆ بەدواداچوونی ئەم گرفتە چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی ئەندازیار (سەهەند سیروان بەڕێوەبەری گشتی ئاوو ئاوەڕۆکان لە وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستان)کرد، کە تیایدا هەموو پرسەکانی گرفتی کەم ئاوی و کێشەکانی ئاوەڕۆی تێدا خراوەتەڕوو.**

## گرفتی کەم ئاوی

وەك بەڕێوەبەری گشتی ئاو و ئاوەڕۆ جەختی لەسەر دەکاتەوە لە کوردستان رێژەی بەرهەمهێنانی ئاوی خواردنەوە لە پێداویستیەکانی هاووڵاتیان زیاترە، لەم چوارچێوەیەدا ئاماژەی بەڕێژەی ئەو ئاوە کرد کە بۆ شارێکی وەك هەولێر بەرهەم دێت،کە دوو تا سێ هێندەی ئەو پێداویستییەی هاووڵاتیان زیاترە بۆ ئاوی خواردنەوە، بەڵام کێشەکە لێرەدا ئەوەیە سیستمی دابەشکردنی ئاو و چۆنییەتی مامەڵەکردنی هاووڵاتیان لەگەڵ سەرفکردنی ئاوەکە تەواو نییەو ئاوێکی زۆر بەفیڕۆ دەدرێت، بۆرێگرتن لەم دیاردەیەش ئەندازیار سەهەند سیروان بەڕێوەبەری گشتی ئاو و ئاوەڕۆ بەمجۆرە هۆکارەکانی بۆ گوڵان روونکردەوەو وتی: (گرفتی کەمئاوی بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە کە گرنگترینیان ئەوەیە هاووڵاتیان بەرێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا پابەند نابن، لەبەر ئەوەی بۆ نرخی ئاوی خواردنەوە تەنیا شتێکی رەمزییان لێوەردەگیرێت، بۆیە بەڕادەیەك زێدەڕۆیی لەبەکارهێنانی ئاوو بەفیرۆدانی دەکەن، کەبۆتە دیاردەیەك و زیانی بەژینگە و ئاوی خاوێنی خواردنەوەش گەیاندوە، بۆ نموونە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەولێر لەرێگای ٣ پڕۆژەی گەورە( ئیفرازی ١و٢ و٣)، لە هەر کاتژمێرێکدا ١٠٤٠٠ مەتر سێجا ئاو دەگەیەنێتە هەولێر، جگە لەمە ٥٠٠ بیری ئاوی خواردنەوەی خاوێن لە ناو هەولێر هەیە، ئەم رێژەیە ئەگەر بەشێوەیەکی زانستی ورێکوپێك بەکاربێت زۆر لە پێداویستی هاووڵاتیانی هەولێر بۆ ئاوی خواردنەوە زیاترە، بەڵام وەك ئێوەش ئاماژەی پێدەکەن وێرای ئەمەش ئێستا لەناو هەندێك لە گەڕەکەکانی ناو شاری هەولێردا گرفتی کەم ئاوی هەیە.بەڵام زۆرگەڕەکیش هەن ئاویان هێندە زۆرە کە لەسەر باخچەی ماڵەکانیان ئاوەکە بەجێدەهێڵن و بەفیڕۆ دەڕوات، یان تانکی سەربانەکانیان تەوافەی تیا نییەو بەردەوام ئاوەکەی بەسەردا دەڕژێت و بەفیڕۆ دەڕوات.

## وشکبوونی بیری ئاوەکانی هەولێر

سەبارەت بەوشکبوونی بیرە ئاوەکان لەشاری هەولێرو دەرکەوتنی گرفتی کەمئاوی لە زۆر گەڕەکی پایتەخت بەتایبەتی رۆژهەڵاتی هەولێرو خوارووی رۆژهەڵاتی هەولێر، ئەمە لەکاتێکدا کە لە کاتی تەواو بوونی پڕۆژەی ئیفراز ٣ لە ساڵی ٢٠٠٦ڕاگەیەنرا کە چی تر پێویستیمان بەبیرەکان نەماوە، کەچی هەر زوو دووبارە پێویستیەکان وایلێکردین رووبکەینەوە بیرەکان، بەڕێوەبەری گشتی ئاوو ئاوەڕۆکانی هەرێم پێی وایە کێشەکە بۆ خراپ بەکارهێنانی ئاو دەگەڕێتەوە لەمبارەیەوە وتی: (ئێستا کە بەشێوەیەکی زۆر خراپ و بێگوێدانە ئەو سامانە گرنگەی ئاو کە بەتێچوویەکی زۆر بەرهەم دەهێنرێت ئاو بەکاردەهێنرێت، لە دنیادا شتی وا نەبووە ئاوی ژێر زەوی باغ و باغی کشتوکاڵی و ناوچەی پیشەسازی و شووشتنی ئۆتۆمبێلی پێ بکرێت، لە هەولێر ناچارین بیری نوێ لێبدەین بۆ کەمکردنەوەی ئەو کێشەیە بەڵام کاتێك پڕۆژەی ئیفراز ٤ تەواو بوو هەموو ئەو بیرانە دادەخەینەوەو دەستی لێهەڵدەگرین.راستە پێشتریش لەگەڵ تەواوبوونی پڕۆژەی ئیفراز ٣ باس لەوە کرا کە چی تر پێویستیمان بەو بیرانە نەماوە بەڵام وەکو ئاماژەم پێدا شاری هەولێر کە لە ٢٠٠٦ دەست بەپڕۆژەی ئاو کرا بەو شێوەیە گەورە نەبوو کەس پێشبینی ئەوەی نەدەکرد بەو شێوەورووبەرە بەرین و گەورەیە هەولێر فراوان دەبێت، هەر بۆیە بەبەردەوامی پێویستیمان بە پڕۆژەی ئاوی نوێ دەبێت).

## گەڕەکە میللیەکان
## زیاتر رووبەڕووی گرفتی کەمئاوی دەبنەوە

ئەوەی ئێمە وەك گوڵان تێبینیمان کردبوو، ئەوەبوو لەناو شاری هەولێر زۆرتر ئەو گەڕەکانە گازندەیان لەسەر کەم ئاوی هەیە، کە گەڕەکە میللیەکانن و دەکەونە باشوور و باشووری رۆژهەڵات و باشووری رۆژئاوای هەولێرەوە، بۆیە لەم لەمبارەوە پرسیارمان لە بەڕێوەبەری گشتی ئاو ئاوەڕۆ کرد، ئاخۆ بۆچی گرفتی کەم ئاوی زیاتر ئەو گەڕەکانە هەیانە کە گەڕەکی میللین یان هەژارنشینەکانن؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا بەڕێوەبەری گشتی ئاو ئاوەڕۆ بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوەو وتی: (بۆ ئەوەی راشکاوانەتر لەسەر ئەم مەسەلەیە قسە بکەین، جارێ ئەو ناوچانەی ئێوە ئاماژەتان پێکرد هەموویان میللی یان هەژار نشین نین، بۆیە بەهیچ شێوەیەك جیاوازی لەنێوان گەڕەکە هەژارنشینەکان و دەوڵەمەندەکان نەکراوە، بەڵام هۆکاری ئەوەی ئەو ناوچانە کەم ئاون بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەندێك لەو گەڕەکانەی ناو شاری

## لە هەر کاتژمێرێکدا ١٠٤٠٠ مەتر سێجا ئاو دەگەیەنێتە هەولێر، جگە لەمە ٥٠٠ بیری ئاوی خواردنەوەی خاوێن لە ناو هەولێر هەیە

هەولێر کە دەکەونە رۆژهەڵات و خوارووی رۆژهەڵاتی هەولێرەوە، ئاستی ئاوی ژێرزەوی لەو ناوچانە زۆر دابەزیوە، لەو شوێنانەش پشت بەئاوی ژێر زەوی یان بیرەکانی ئاو بەستراوە، ئێمە ٥٠٠ بیری ئاوی خواردنەوەمان لە ناو هەولێر هەیە، هەروەها ١٥٠٠ بیری دیکەی ئاومان هەیە کە تایبەتە بە وەزارەتی کشتوکاڵ و بەبیری کشتوکاڵی ناو دەبرێت، ئەمانە هەمووی رووبەرووی کەمئاوی بوونەتەوە تەنانەت لەلای عەینکاوەو تاوەکو دارەتوو بیرەکان خەریکە وشک دەبن. هەربۆیە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە کە بەشێکی گرنگە هەولێر دەگرێتەوە، نووسراومان بۆ ئەنجومەنی وەزیران کردووە، بەوەی پێویستە بە خێرایی گۆڕمەی پێویست دابین بکرێت بۆ دەست بە دیزاین کردنی پرۆژەی ئاوی ئیفرازی ٤، ئەم پرۆژەیەش هاوشێوەی پرۆژکانی (١و٢و٣) ئیفراز توانای بەرهەمهێنانی ئاوی لەهەموو بیرەکان زیاترە و بەتەواو بوونی ئەم پرۆژەیەش هەتا ٢٠-٢٥ ساڵی دیکە گرفتی کەم ئاوی لەهەولێر نامێنێت).

### دووساڵە بەرنامە دانراوە بۆ دانانی پێوەری ئاوی زیرەک تائێستا جێبەجێ نەکراوە

بۆ ئەوەی رێگە لە بەفیرۆدانی ئاو بگیرێت یەکێک لەبەرنامەکانی بەڕێوبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆ دانانی (پێوەری زیرەکە) بۆ هەموو ماڵێک بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دیجیتاڵی هەم بری ئەو ئاوە بزانێت کە سەرفدەکرێت، هەروەها بۆ ئەوەی کێشەکانی نێو تۆڕەکانی ئاویش ئاشکرا بکات، ئەوە زیاتر لە دووساڵە ئەم بەرنامەیە هەیە بەڵام تا ئێستا ئەم هەوڵە بۆتە ئەوەی هەنگاوی کردیی بۆ هەڵبگیرێت، سەبارەت بە دواکەوتنی دانانی (پێوەری ئاوی

**ئەو پێوەرە زیرەکەی کە بڕیاربوو دابنرێت لەتاقیکردنەوە دەرنەچوو، کاتێکیش رەوانەی وەزارەتی پلاندانانمان کرد لەوێش لەکۆنترۆڵی جۆری دەرنەچوو، بۆیە دووبارە پێوەرەکەمان رەتکردەوە**

زیرەک)بەرێوەبەری گشتی ئاو ئاوەڕۆ بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەروو:(دانانی پێوەری زیرەک بۆ رێگرتن لە بەفیرۆدانی ئاو ماوەی ٢ ساڵە لەبەرنامەداندایەو گرێبەستێکیش بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ کۆمپانیایەکدا مۆرکراوە، بەڵام ئەو پێوەرەی کە بڕیاربوو دابنرێت لەتاقیکردنەوە دەرنەچوو، واتە سەرکەوتوو نەبوو، کاتێکیش رەوانەی وەزارەتی پلاندانانمان کرد لەوێش لەکۆنترۆڵی جۆری دەرنەچوو بۆیە دووبارە پێوەرەکەمان رەتکردەوە، ئێستا یان دەبێت پێوەرەکان بگۆردرێن یا گرێبەستێکی نوێ ئیمزا بکرێتەوە، ئەگەر بێت و گرێبەستی یەکەم هەڵبوەشێنرێتەوەو گرێبەستێکی نوێ ئیمزا بکەین، ئەوا لەوانەیە بتوانرێت لەماوەی ٢ مانگدا پێوەرەکانمان بۆ بێنن و لە ٦ مانگیشدا پرۆژەکە دابنرێت. ئەو پێوەرەی کە دێت پێی دەوترێت (پێوەری زیرەک) بۆیە پێوەرێکی هەستیارە راستەوخۆ دەتوانین ژمارەکان بخوێنینەوە، لەرێگای کۆمپیوتەرێکی ناوەندی سەرجەم زانیارییەکان کۆ بکرێتەوەو تەنانەت کۆنترۆڵی سەرپێچیکارانیش دەکات .

### زۆرجار پرۆژەکانی وەبەرهێنان لەسەر بۆرییەکانی ئاو دادەنرێت

سەبارەت بەهەماهەنگی لەنێوان بەرێوەبەرایەتیەکان لە پێناو پاراستنی بۆرییەکان لەکاتی ئەنجامدانی پرۆژەکان کە زۆرجار لەناو چوارچێوەی یەک وەزارەت بەرێوبەرایەتیەکان ئاگاداری یەکتر نین و رووداوی ناخۆش شکان روودەدات بەرێوبەری گشتی ئاوو ئاوەرۆکان وتی: (یەکێک لە کێشەکانمان لەگەڵ دابەشکردنی زەوی پرۆژەکانی وەبەرهێنانە، بۆ نموونە باسی شاری هەولێر دەکەم ئێمە بەهەماهەنگی لەگەڵ بەرێوبەرایەتی گشتی نەخشەدانانی ئاوەدانی ناو وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بۆرییەکانمان داناوە، بەو ئیعتیبارەی لە داهاتوودا ئەو بۆرییانە دەکەوێتە ناو شەقامەکان، کەچی کاتێک وەبەرهێنەر کار دەکات داوا دەکات بۆرییەکانمان بگوازینەوە واتا رووبەرەکانی سەر بۆرییەکان دابەشکراوە، لەکاتێکدا دەبووایە دابەشکردنی زەوی لەسەر بۆری ئاو نەکرێت، گرفتەکە لێرەدایە هەندێک بۆری هەیە سەرەکی و گەورەیە گواستنەوەی بەلانی کەم هەفتەیەکی دەوێت ئەو کات پێویستە زۆربەی هەرە زۆری هەولێر بەک هەفتە بێ ئاو بکەین، تەنانەت زۆرجار گواستنەوەشی زەحمەتە بۆیە ئەوان (وەبەرهێنەکان) خۆیان تەجاوزیان کردووە پێویستە ئەوان رووبەرە زەوییەکانیان بگوازنەوە. هەروەها زۆرجاریش هەماهەنگیەکە بەپێ پێویست نییە یان ئەو گۆڕانکارییانەی لە ماستەر پلان هاتووە رەچاوی بۆرییەکانیان نەکردووە.

### گرفتی تۆڕی دابەشکردنی ئاوی خواردنەوەمان لە زۆربەی شوێنەکان هەیە

سەبارەت بەوەی زۆربەی جار پرۆژەی ئاوی خواردنەوە ئەنجام دەدرێت، نموونەی ئەم پرۆژانەشمان لەزاخۆوە تا خانەقین زۆرە، بەڵام کێشەی تۆڕی دابەشکردنی ئاو هەیە واتا بەرێکوپێکی ئاوەکە ناگاتە ماڵەکان ئەم کێشەیە بەتەواوەتی لە شارۆچکەی پیرەمەگروون و تەق تەق و کۆیەو بالیسان و چەند قەزاو ناحیەکی تر زەق بۆتەوە، لەمبارەیەوە ئەندازیار سەهەند سیروان وتی: (گرفتی تۆڕی دابەشکردنی ئاوی خواردنەوەمان لە زۆربەی شوێنەکان هەیە، هۆکاری ئەمەش لەبەر ئەوەیە کاتێک تەندەر بۆ کرینی بۆری ئاو دەکرێت، هەر بەڵێندەرێک دەچێت بەپێی ئەو مواسەفاتەی لەتەندەرەکە دانراوە بۆری دەهێنێت، بەڵام ئەم حاڵەتە پێشتر وانەبوو هەر بۆ نموونە کاتێک یونسێف یان پێشتریش کە بۆری دەکردا، بۆریی هەموو پرۆژەکان پێکەوە دەکردران و لە ئەمبارەکان خەزن دەکران، بۆیە یەکجار تێست دەکرا، بەڵام ئێستا ئەو کۆمپانیانەی بۆریمان بۆ دەهێنێت کۆمپانیای بیانی جۆراوجۆرن، هەر یەکەو کوالێتیەکی هەیەو تێستکردنیشیان ئاسان نییە و زۆرجار بەپێی ئاکاری ئێمە نییە، بۆیە تۆڕی دابەشکردنی ئاومان خراپ دەردەچێت.کێشەیەکی دیکەمان ئەوەیە بودجەی پرۆژەکانی پاڵاوتنی ئاو دیاریکراوە، ئێمە کە پرۆژەیەکی پاڵاوتنی ئاو دەستپێدەکەین دوای تەواوبوونی پرۆژەکە

**لە دنیادا شتی وا نەبووە ئاوی ژێر زەوی باغ و باغی کشتوکاڵی و ناوچەی پیشەسازی و شووشتنی ئۆتۆمبێلی پێ بکرێت**

تۆڕی دابەشکردنی ئاو دەست پێدەکەین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بودجەی دابینکراو بۆ پرۆژەیەکی پاڵاوتنی ئاو لە بودجەی دابینکراو زۆرە، زۆر جار بودجەی ساڵانەمان رێگا نادات بەئەنجام دانی پرۆژەی دابەشکردنی تۆڕی ئاو لە یەک کاتدا، ئەگەر گەورەترین پرۆژەی ئاو لەماوەی ١٨-٢٤ مانگ تەواو دەبێت، بۆیە گرنگە کە هەردوو پرۆژەکە( پرۆژەی ئاوەکە و پرۆژەی دابەشکردنی تۆڕی ئاو) پێکەوە تەواو بێت، بەڵام کاتێک هەردوو پرۆژەکە پێکەوە پێشکەشی وەزارەتی پلاندانان دەکەین لەبەر ئەوەی بودجەیەکی زۆر دەردەچێت بۆیە قبوڵ ناکرێت و رەتدەکرێتەوە.

### کێشەکانی پرۆژەکانی ئاوی خواردنەوەی کۆیەو قەڵادزێ و کەلار و رانیە

سەبارەت بەو لایەنەی بەرێوبەری گشتی ئاو ئاوەڕۆ ئاماژەی پێکرد بەوەی پرۆژەکانی ئاو لەماوەی ١٨-٢٤ مانگ تەواو دەبن، ئەم مەزندەیە ئەو پرسیارەی لا وروژاندین، ئایا بۆچی

کۆمەڵێك پرۆژەی ئاو هەن ماوەی چەند ساڵێکە دەستیان پێکراوە بەڵام هێشتا تەواو نەبوون؟ بە تایبەتی پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی کۆیە کە بۆ نزیکەی ٧ ساڵ دەچێت دەستی پێکراوە بەڵام هێشتا تەواو نەبووە، هەروەها چەندین پرۆژەی دیکەش هەن کە بەتەواوەتی فەشەلی هێناوە، سەبارەت بەم ئیشکالیەتە بەڕێوەبەری گشتی ئاو و ئاوەڕۆ بە گوڵانی ڕاگەیاند: (پرۆژەی ئاوی کۆیەو چەند پرۆژەیەکی تری وەك، پرۆژەی ئاوی قەڵادزێ و ڕانیەو کەلار دەستی پێکراوەو شتەکان شاراوە نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی دابینکردنی بودجەی پرۆژەی ئاوی کۆیە لەسەر ئەو برە پارەیەی بەشە داهاتی کوردستان بوو کە لە بڕیاری ٩٨٦ پاشەکەوت کرابوون، بۆیە کە ئەم بودجەیە دابینکرا، داواکرا بە پەلە دیزاینی ئەو پرۆژانەیان بۆ بنێرێت، بۆ ئەوەی سوود لەو پارەیە وەربگیرێت و پارەکە نەگەڕێتەوە بۆ بەغدا، بۆیە ئەمە وایکرد ئەو دیزاینانە وەك پێویست نەبن و کەموکورتی زۆریان تێدابێت، بۆیە لەم حاڵەتەشدا بێگومان پرۆژەکە سەرکەتوو نابێت و لەکاتی جێبەجێکردندا کێشەی بۆ دروست دەبێت، ناچار دەبێت سەرلەنوێ دیزاین بکرێتەوە، ئەمەش کاتێکی زیاتر وەرزامەندی دەوێت، سەبارەت بە پرۆژەی ئاوی کۆیە، ئەم پرۆژەیە سەرەتا کۆمپانیای مێلتیم کارەکانی دەکردوو

## نووسراومان بۆ ئەنجومەنی وەزیران کردووە، بەوەی پێویستە بە خێرایی کۆمەی پێویست دابین بکرێت بۆ دەست بە دیزاین کردنی پرۆژەی ئاوی ئیفرازی ٤

کۆمپانیایەکی بەتوانا نەبوو گەرچی هەموو هۆکاری ڕاوەستانی کارەکە بۆ ئەو نەدەگەڕایەوە بەڵکو نەخشەسازییەکەی کێشەی گرفتی تێدا بوو، بەڵام ئێستا کۆمپانیای شاڵی ئیشەکەی بەباشی ئەنجامداوە گەرچی ئەمیش گرفتی لەگەڵ هاوبەشێکی خۆی هەیە کە وایکردووە کارەکە دووبارە دوابکەوێتەوە.

بەپێی بەرنامەی ئێمە پێویستە لەماوەی ٧ مانگدا پرۆژەکە تەواو بێت و هاووڵاتیانی کۆیە سوودی لێوەربگرن، بەڵام کێشەی نێوخۆی کۆمپانیای شاڵی و ڕەنگە کێشەکە ببرێتە دادگا ئەوا دووبارە گرفتمان بۆ دروست دەبێتەوە هەربۆیە ماوەی ٢و ٣ مانگە کارەکان خاوێتی پێوە دیارە.

### پرۆژەی ئاوی دەربەندی ڕانیە کێشە هەیەو تەصمیمەکەی بەهەڵە دانراوە

سەبارەت بە پرۆژەی ئاوی ڕانیە کە هەمان کێشەی هەیە کە تەصمیمەکەی بە هەڵە دانراوە و بە کەم و کورتی ئامادە کراوە، بەڕێوەبەری گشتی ئاوو ئاوەڕۆکان دەربارەی ئەم پرۆژەیەش وتی: (گەر بەمەبەستان پرۆژەی ئاوی دەربەندی ڕانیە بێت ئەوا بەڵێ کێشە هەیەو تەصمیمەکەی کاتی خۆی بەهەڵە دانراوە، هەر پرۆژەیەك بەخێرایی داوای تەصمیمی لێبکرێت و دیراسەی بۆ نەکرێت ئەوا کەموکورتی تێ دەکەوێت، بۆنموونە کاتێك پارە بۆ پرۆژەی ئاوی دەربەند دەردەچێت و نووسراو دەکرێت و داوادەکرێت بە پەلە دیزاینی پرۆژەکە ئامادەبکرێت، لێرەدا گرفت دەکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی پرۆژەیەکی گەورەی ئاو لەماوەیەکی کورتدا دیزانی بۆ داناڕێژرێت، هەر بۆیە ئەم پرۆژەیەش تاکو ئێستا کاری پێنەکراوە، بەڵام ئەمە بەو واتایە نایەت کە پرۆژەکە شکستی خواردووە، ئەو پرۆژەیە لە سەرەتادا ٨٪ ی تێچوونی پرۆژەکە بۆ بەشی دامەزراوە کارەباییەکان دانراوە، بەڵام ئەم برە زۆر کەمترە ئەگەر بێت و بەراورد بکرێت لەگەڵ پرۆژەی هاوشێوە کە دەگاتە ٢٨٪ کۆی گشتی پرۆژەکە. بەو تێچوونە کەمە ناکرێت هەموو وێستگەو مولیدەکان و یەکەکان بەئیش پێ بکەین، واتا کەموکوڕی لەبەشی کارەبا هەیە، بۆ ئەم مەبەستە دەرخستەیەکی زێدەکی ئامادەکرا و بەرز کرایەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران تاوەکو پرۆژەکە بەتەواوەتی بەتایبەتی بەشی کارەبا کەموکورتیەکانی تەواو بکرێت، بەرەزامەندی لەسەر ئەو نووسراوە کەموکورتی پرۆژەکە نامێنێت و ئیشی پێ دەکرێت.

### پرۆژەیەکی ئاوی خواردنەوەی پیرەمەگرون بەکەڵکی ئەوە نایەت بۆرییەکانیشی دەربهێنرێتەوە

سەبارەت بە پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی پیرەمەگروونیش کە بەتێچوونێکی زۆر ئەنجامدراوەو شکستی هێناوە، بەرادەیەك پرۆژەکە بەکەڵکی ئەوە نەهات بۆرییەکانیشی دەربهێنرێتەوە، پرسیارمان کرد،ئایا ئەو پرۆژەی ئاوە چۆن بێ فەحسکردن وەرگیرا؟ ئایا خەڵکێکی هەژارو کەمدەرامەتی ئەو ئۆردوگایە گوناهی چییە پرۆژەیەکی وا خراپیان بۆ ئەنجام بدرێت و کەسیش تۆمەتبار نەکرێت و سزا نەدرێ؟ تەنانەت ئێستاکە بۆرییەکەش دەرناهێنرێتەوە کەرەنگە لەبەر ئەوە بێت بۆرییەکە فرتوفێڵی تێدا کرابێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارانەی گوڵاندا ئەندازیار سەهەند سیروان وتی: (کاتێك لایەنێکی ناشارەزاو دوور لە پسپۆڕایەتی کارێك وەربگرێت و فشار لەسەر ئەندازیارێکمان دروست بکات، گرفتەکە لێرەدا ڕوودەدات، واتا لایەنێکی ئیداری یا ئیدارەی ناوچەکە فشار بۆ خێرا تەواوکردنی پرۆژەیەك یا وەرگرتنی دەکات، لەم حاڵەتە ئێمە دەکەوینە هەڵوێستێکی موحریجەوە،هەر بۆنمونە، زۆرجار شارەوانی یا شارەوانییەکان، تۆڕی ئاو و ئاوەڕۆ لەگەڵ پرۆژەکانی خۆیان دادەنێن و خۆیان جێبەجێی دەکەن بەبێ ئاگاداری ئێمە( واتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆ)

## زۆرجار تەنکەر بە کۆڵانێکەوە ناچێت کەچی چاودێری دارایی ڕێگا نادات تراکتۆر بەکرێ بگرین

ئالێرەدا گرفتی کەوتنەوەی کەموکوڕی و شکستی زۆر لە پرۆژەکاندا دروست دەبێت، بۆیە کاتێك فشار دەکرێت هەندێکجار پەلەپەلی لێ دەکرێت و شکست دەهێنرێت. منیش پێم وایە پێویستە لێپێچینەوە بکرێت و چی تر ئیشی حکومی بەخاتروخاترانە نەکرێت.

### پرۆژەی ئاوی ئامێدی لەژێر جێبەجێ کردندایەو ئاوی ئاکرێش ٢ ساڵە بەردی بناغەی بۆ دانراوەو ئیحالە نەکراوە

پرۆژەی ئاوی ئامێدی لەژێر جێبەجێ کردندایە، ئاوی ئاکرێش وا بۆ ٢ ساڵ دەچێت بەردی بناغەی بۆ دانراوە، بەڵام تا ئێستا ئەم پرۆژەیە ئیحالە نەکراوە و کاری تێدانەکراوە، سەبارەت بەم دووپرۆژەیە بەڕێوەبەری گشتی ئاوو ئاوەڕۆکان وتی: پرۆژەی ئاوی ئاکرێ بەیەکێك لە پرۆژە ستراتیژییەکان دادەنرێت، کە بەردی بناغەی بۆ انرا لە پلان دانرابوو، بەڵام ئەم پرۆژەیە کە مانگی شوباتی ٢٠١٠ بەردی بناخەی دانراوە، مانگی ئابی ٢٠١٠ ڕەزامەندی لەبەرنامەی ئەو ساڵە هاتەوە، هەربۆیە تا خۆمان ئامادەکردو تەندەر کرا ئەوجا گەیشتە ئەو قۆناغە، دواتر هەندێك گرفتی تێکەوت ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیران کرا تاوەکو بڕیاری کۆتایی لەسەر بدرێت کە ئیحالەی کامە کۆمپانیا بکرێت؟ بڕیار درا کە دووبارە تەندەر بکرێتەوە، هەروەها دوای ١٧ مانگ بەسەر ئەم پرۆژەیەوە دوای دەستپێکردنی بەرنامە چاکسازییەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لیژنەی چاکسازی پرۆسەی دووبارە تەندەر کردنی ئەم پرۆژەیەی ڕاگرت، لەبەر ئەوەی کۆمپانیای یەکەم کە پرۆژەکەی بۆ دەرچوو بوو، شکاتی کردووەو، لە سەرۆکایەتی هەرێمیش پێیان ڕاگەیەنراوە تا ئەو گرفتە یەکلانەکرێتەوە پرۆژەکە ڕادەگیرێت، ئەو پرۆژەیە گەر ڕەزامەندی هەبێت لەمانگی شوباتی ساڵی داهاتوو دەست بەکار دەبێت، سەبارەت بە پرۆژەی ئاوی ئامێدیش کە بەڕێگەی شێوازیکی نوێ گرێبەست FIDIC DBO ئەنجام دەدرێت، ئەو کۆمپانیایەی وەریدەگرێت خۆی دیزاینی دەکات و خۆشی جێبەجێی دەکات و بۆ ماوەی ٢ ساڵیش بەگەرخستنی لەئەستۆ دەگرێت، ئێستا لە قۆناغی دیزاینە لەماوەی مانگێکی تردا دیزاینەکەی تەواو دەبێت و دواتر بەڵێندەر دەستی بەئەنجامدانی پرۆژەکە کردووە لە ماوەیەکی دیاریکراو پرۆژەکە تا تەواو دەبێت کە ١٨ مانگی دەوێت.

### تەق تەق و قەرەداغ و کەلار پێویستیان بە پرۆژەی ئاو هەیە

سەبارەت بە ناوچەکانی تەق تەق و قەراغ و کەلار کە ئەوانیش تارادەیەکی زۆر گرفتی کەم ئاوییان هەیە،بەڕێوەبەری گشتی ئاوو ئاوەڕۆکان وتی: (تەق تەق لە بودجەی ساڵی ٢٠١١ پارەی بۆ دابینکراوە تاوەکو پرۆژەیەکی ئاوی بۆ ئەنجام بدرێت، پرۆژەی ئاوی تەق تەق پرۆژەیەکی قورس نییە چونکە خۆی زێیەکی بە تەنیشتدا دەڕوات، بەڵام کێشەیەکمان هەیە ئێمە دوو ڕێگامان هەیە بۆ دابینکردنی ئاو یا دەبێت وێستگەیەکی پاڵاوتنی ئاوی بۆ دابنرێت کە بە داخەوە ئەو پارەیەی بۆی دابینکراوە بەشی ناکات یا دەبێت کۆمپاکت یونت بۆ دانرێت کە بە بەردەوامی صیانەی زۆری دەوێت، چارەسەرێکی تر هەیە کە بیری ڕووکەش لێبدرێت و لەڕێگای ماتۆڕەوە ئاوەکە ڕابکێشرێت، ئەمەش کێشەی خۆی هەیەو پێویستە بیر لەکەموکورتییەکانی بکرێتەوە. ئێمە کاردەکەین بۆ ئامادەکردنی دیزاینێکی تۆکمە بۆ چارەسەرکردن و دابین کردنی ئاو بۆ تەق تەق .

سەبارەت بە قەزای قەرداغیش کە ئاوی ژێر زەوی کەمبۆتەوەو کێشەی بێئاوی لەو ناوچەیە هەیە، بەڕێزیان پێیان وابوو کە پرۆژەکانی ئاو پێویستە بەردەوامێتی هەبێت و بۆ ئەویش پرۆژە لەبەردەستدایە کەوا ئەنجامبدرێت بەڵام ئێستاکە زانیاری وردیی لەبەردەستدا نییە. سەبارەت بە ئاوی کەلاریش من پێش ماوەیەك لەمەوبەر لیژنەیەکی بەدواداچوونم ڕەوانەی کەلار کرد لە زۆربەی کۆڵانەکان و گەڕەکەکان گەڕان و بێ ئاو نەبوون، بۆیە ئێستا لەکەلار گرفتی ئاومان نییە بەڵام لەداهاتوویەکی نزیکدا گەر بێتوو کەلار بەو شێوەیەی ئێستاو وا بەخێرایی گەورە بێت ئەوا پرۆژەیەکی ئاومان لەو شارە پێویستە.))

### تا پرۆژەی ئاوی سۆران نەبەسترێتەوە بەتۆڕی کارەبای نیشتمانییەوە

ناتوانرێت بەتەواوی توانای خۆی کاری پێبکرێت

سەبارەت بە پرۆژەی ئاوی شاری سۆرانیش کە تادێت ئەو ناوچەیە قەرەباڵغترو گەورەتر دەبێت بەڕێوەبەری گشتی ئاوو ئاوەڕکان وتی: (شاری سۆران پرۆژەیەکی ئاوی گەورەی لە بێخاڵەوە بۆ ڕاکێشراوە، کێشەکە لەو وێستگەیەدایە کە بەگاز ئیش دەکات واتا ٧ موەلیدەی گەورەمان بۆ داناوەو بەگاز کار دەکەین و تێچوونی گازەکەی مانگانە ١٠٠ هەزار دۆلارە، دەمانەوێت ئەو وێستگانە بەتۆڕی کارەبای نیشتمانی ببەستینەوەو ماوەکانی کار پێکردنیشیان زیاد بکەین کە ئێستا ئەوپەڕی دەتوانین تەنیا ١٥ کاتژمێر کاری پێبکەین . واتا پرۆژەکە بەتوانایە بەڵام کێشەی کارەبامان هەیەو هەوڵی چارەسەرکردنیشیمان داوە و لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەو وێستگانە بەتۆڕی کارەبای نیشتمانی دەبەسترێتەوە . هەروەها پرۆژەی ئاوی مێرگەسوور زۆر بەباشی چۆتە پێش و بەڵێندەرەکەی بێ کێشە کارەکەی بەرەو پێشەوە بەڕێوەبردووە.))

### ناوچە دابڕاوەکان پێویستیان بە پرۆژەی ئاوی خواردنەوە هەیە

ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان کە لە زۆر خزمەتگوزاری بێبەشن، بەتایبەتی خزمەتگوزاری ئاوی خواردنەوە بەبەردەوامی داوای پرۆژە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، چونکە دانیشتووانی ئەم ناوچانە کوردستانین و پێویستە ئاوڕی زیاتری لێبدرێتەوە. بەڕێوەبەری گشتی ئاوو ئاوەڕۆکان دەربارەی هەوڵەکانیان بۆ ئەم ناوچانە وتی: (ناوچە دابڕاوەکانی وەکو مەخمورو شنگار و قەزاو ناحیەکانی تری پارێزگای موسڵ و کەرکوك و دیالە، بەپێی پێویست ئاوڕیان لێنەدراوەتەوەو پرۆژەو کاریان بۆ ئەنجام نەدراوە لەناویاندا پرۆژەکانی ئاوی خواردنەوە، پرۆژەکانی ئاویش لەم ناوچانە پارەیەکی یەکجار زۆریان دەوێت. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم ناوچانە پشتگوێ نەخراوە بۆنموونە لەناوچەی مەخموور لەساڵی ٢٠١١ بڕی ٥ ملیار دیناری دەویست بۆ ئەوەی تۆڕی ناوخۆیی مەخمور بگۆڕدرێت. هەوڵیشمان داوە لەرێگای یارمەتی ڕێکخراوە بیانییەکانەوە پرۆژە لەو ناوچانە ئەنجام بدەین.

### پرۆژەی ئاوی هەڵەبجە و قەرزی بانکی جایکا

لە ٢٠٠٧ ەوە هەواڵی قەرزی نێودەوڵەتی ڕێکخراوی جایکا بڵاودەکرێتەوە کە وا بڕیارە لەرێگای ئەو قەرزانەوە چەند پرۆژەیەکی جۆراوجۆر بەتایبەتی پرۆژەی ئاوی خواردنەوە بۆ هەڵەبجەو نوێکردنەوەی تۆڕی ناوخۆی سلێمانی و دهۆك و چەندین شوێنی تر ئەنجام بدرێت بەڵام تا ئێستا لەڕووی پراکتیکیەوە نەقەرز بینراوە نە پرۆژەکان جێبەجێ کراون لەمبارەیەوە بەڕێزی بەمجۆرە لەسەر ئەم مەسەلەیە هەڵوەستەی کرد و وتی:(جایکا بانکی ژاپۆنی نێودەوڵەتییە و قەرز دەداتە ئەو وڵاتانەی تازەگەشەکردوون ئەوان ٣ملیارو ٥٠٠ ملیۆن دۆلاریان داوەتە عێراق و لە ١٧٪ی ئەو قەرزەشی بەر هەرێمی کوردستان کەوتووە، سێ پرۆژەی پێ ئەنجام دەدرێت ٢یان پرۆژەی کارەبایەو ١ پرۆژەی ئاویشی لەگەڵدایە، کە تەنیا بەشی پرۆژەی ئاو ٣٣٣ملیۆن دۆلارەو دابەشکراوەتە سەر دوو بەش بەشێکی بۆ هەولێرو دهۆك و بەشێکیش سلێمانی و هەڵەبجە ئەوان بەرنامەو هەنگاوی خۆیان هەیە کە ووردەکاری زۆر وردو لەسەرخۆیان هەیە، بۆیە پێویستە گەر پرۆژەی خێراو بەپەلەمان هەبێت لەسەر حسابی قەرزی وڵاتی ژاپۆن و یان بانکی نێودەوڵەتی نەیکەین. بۆیە پرۆژەی ئاوی هەڵەبجەو گۆڕینی تۆڕی ناوخۆی دابەشکردنی هەولێرو سلێمانی و دهۆك وە فەراوانکردنی پرۆژەی ئاوی ئیفراز ٣ هەر لەسەر ئەو قەرزەیە، ناتوانرێت بۆ ئەو پرۆژەیە جارێکی تر پارە تەرخان بکەینەوە. لەبەرنامەدایە لەمانگی ١ی ٢٠١٢ پرۆژەی ئاوی هەڵەبجە دەست پێ بکات).

**تێچوونی ئاوەڕۆی هەولێر ٨٠٠ ملیۆن دۆلارە، ئەگەر لەسەر بودجەی حکومەت ئەم پرۆژەیە ئەنجام بدرێت وا بەئاسانی ئەو پارەیە دابین ناکرێت، بۆیە ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی بەرێگەی قەرزی درێژخایەن(BOT) پرۆژەکە ئەنجام بدرێت**

**لەناو هەندێك لە گەڕەکەکانی ناو شاری هەولێردا گرفتی کەم ئاوی هەیە.بەڵام زۆرگەڕەکیش هەن ئاویان هێندە زۆرە کە لەسەر باخچەی ماڵەکانیان ئاوەکە بەجێدەهێڵن و بەفیڕۆ دەڕوات. یان تانکی سەربانەکانیان تەوافەی تیا نییەو بەردەوام ئاوەکەی بەسەردا دەڕژێت**

### گرفتی کەم ئاوی لە سلێمانی

لەسلێمانی هەمان کێشەی ئاو سەریهەڵداوە گەرچی پرۆژەی ئاوی ٢ ی دوکانیش تەواو بووە، زۆر لەو گەڕەکە تازانەی ئاوەدانکراونەتەوە گرفتی ئاویان هەیە، تا ئێستا لە سلێمانی خەڵکانێك تا بەیانی دادەنیشن بۆ دابینکردنی ئاو لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری گشتی ئاوو ئاوەڕۆ وتی: (هۆکاری ئەو بێ ئاوییەی لەسلێمانی بۆ ئەو گەورەبوونە فراوانە گەڕایەوە کە شارەکە بەخۆیەوە بینیوە، هەروەها بۆرییەکی ئاو لە پرۆژەی ئاوی سلێمانییەوە ڕاکێشراوەتە چەمچەماڵ و دەوروبەری، ئەمە کاریگەری کردۆتە سەر کەمبوونەوەی ئەو بڕە ئاوەی بۆ سلێمانی دەچێت، ئێستا پێویستمان بە ١٣٠ ملیار دینارە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەکی ئاوی کۆپتەپە- چەمچەماڵ، ئەگەر ئەو پرۆژەیەش ئەنجام بدرێت ئەوا ئەو بڕە ئاوەی لە بۆری سلێمانییەوە هاتووە دووبارە دەچێتەوە بۆ سلێمانی و کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی گرفتەکە دەکات.)

### کەمی دەسەڵاتەکان گرفتەکانی ئاوی زیاتر کردووە

بەبەردەوامی باس لەپرۆژەی ئاو دەکرێت کەچی گرفتی ئاویش هەر بەردەوامەو زۆرجار




پرۆژەکانیش هەر زوو شکست دەهێنن، بەڕێوەبەری گشتی ئاوو ئاوەڕۆ وتی : (دەسەڵاتمان کەمە گەربێت و گرفتەکان چارەسەر بکەین پێویستمان بە دەسەڵاتی زیاتر هەیە، ئێمە داوای ١٠٠٠ ملیار دینارمان کردووە بۆ پرۆژەکانی ئاوو ئاوەڕو لەسەرانسەری هەرێمی کوردستان لە پلانی ساڵی ٢٠١١ کەچی ٦٠ ملیار دراوەتە ئێمە، لەلایەکی ترەوە زۆر جار دەسەڵاتەکان گەر هەشبێت لەگەڵ ڕێنمایی دارایی ناگونجێت. لەکوردستان دوو دەسەڵاتی دارایی هەیە، دەسەڵاتی دارایی هەولێرو دهۆك دەسەڵاتی دارایی سلێمانی و گەرمیان، دەسەڵاتی ئێمە لەهەندێك شوێن ئیش دەكات و لە هەندێك شوێنی تر ئیش ناكات. دەسەڵاتی دارایی سلێمانی ئاسانكاری زیاتری تێدایە. یەكێك لە گرفتەكانمان لەوەدایە ناتوانین داهاتی خۆشمان بەكار بێنین بۆ ئەنجامدانی پرۆژەكانی ئاو. گەر بێتوو بۆرییەكی ئاوی سەرەكی بشكێت دەبێت بەقەرز چاكی بكەینەوە، ئەگەر كێشەی كەم ئاویمان بێتە پێش ئەوە دەبێت بەقەرز بیرلێبدرێت.

## چاودێری دارایی
## ڕێگرە لەبەردەم كارئاسانی

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوو ئاوەڕۆكان كێشەی لەگەڵ چاودێری دارایی هەیە سەبارەت بەم گرفتە بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی ئاوو ئاوەڕۆكان وتی : (زۆرجار كاتێك شەوان دووچاری شكاندنی بۆرییەكانی ئاو دەبینەوە جاری وا هەیە كرێكار لەبازاڕ دەهێنین بۆ ئەوەی كارەكە بەرێكوپێكی و خێرایی بەڕێوەبچێت، زۆرجار تەنكەر بە گەڕەكەوە ناچێت چاودێری دارایی ڕێگا نادات تراكتۆر بەكرێ بگرین، ئەو گرفتانە ئێمە هەستی پێ دەكەین و ڕاستەوخۆ پێوەندیمان بە كێشەی ئاوی هاووڵاتیانەوە هەیە، گەر بێت و حكومەت بەهاوشێوەی وەزارەتی كارەبا بۆ ماوەی یەكساڵ بودجەمان زیاد بكات و هاوكاریمان بكات گرفتەكانمان زۆر كەم دەبێتەوە. لەلایەكی تر كێشەی كووژانەوەی كارەباشمان هەیە ئێمە ناتوانین پرۆژەكانی ئاو بەموەلیدە كار پێ بكەین، هەر بۆ نموونە پرۆژەی ئاوی ئیفراز كە پێویستی بە٢٢ مێگاوات كارەبایە، تەنیا لەڕێگەی كارەبای نیشتمانییەوە نەبێت ناتوانین كارەبای بۆ دابین بكەین، زۆرجار لە كووژانەوەی كارەبا نیشتمانی محاویلەكانیشمان دەسووتێت.)

## پرۆژەی ئاوەڕۆی هەولێر
## ٨ بۆ ١٠ ساڵی دەوێت

مەسەلەی ئاوەڕۆ بەگشتی لە كوردستان و لە هەولێر بەتایبەتی بەیەكێك لەو كێشانە دادەنرێت كە بەم نزیكانە ئومێدی چارەسەركردنی نییەو پارەیەكی زۆریشی تێدەچێت سەبارەت بەهۆكاری جێبەجێ نەكردنی پرۆژەكانی ئاوەڕۆ بەڕێوەبەری گشتی ئاوو ئاوەڕۆكان وتی: تێچوونی ئاوەڕۆی هەولێر٨٠٠ ملیۆن دۆلارە، ئەگەر لەسەر بودجەی حكومەت ئەم پرۆژەیە ئەنجام بدرێت وا بەئاسانی ئەو پارەیە دابین ناكرێت، بۆیە ڕێكەوتین لەسەر ئەوەی بەرێگەی قەرزی درێژخایەن( BOT) پرۆژەكە ئەنجام بدرێت، ئەمەش بێ گرفت نییە ئەوەبوو دوو وەبەرهێن هاتن و ویستیان پرۆژەكە ئەنجام بدەن و دیراسەتیشیان كرد بەڵام دیاربوو پارەكە زۆر بوو، چوونە دواوەو ئەنجامیان نەدا بەڵام ئێستا دەمانەوێت خۆمان پرۆژەی ئاوەڕۆی هەولێر ئەنجام بدەین و بیدەینە كۆمپانیاكان واتا چەند بەڵێندەرێك دەهێنین و پرۆژەی ئاوەڕۆی هەولێر لەماوەی ٨ تا ١٠ ساڵ جێبەجێ دەكرێت.

بەپێی دیزاینی ئەم پرۆژەیە لەهەموو گەڕەك و كۆڵانێك تۆڕی ئاوەڕۆی قورس دادەنرێت خەڵك چی تر ئاوی پیسی خۆی لەناو بیر ناكات، هەر ماڵێك و دەبەسترێتەوە بەتۆڕێكەوە، كێشەكەی ئاوەڕۆی هەولێر لەوەدایە شارەكە ئاوەڕۆی بارانی هەیە بەڵام خەڵكی ئاوەڕۆی قورسی تێكەڵ بەم ئاوەڕۆیە كردووە، ئەو شوێنەی كە كۆتایی ئاوەڕۆكەشە كەوتۆتە خوارووی ڕۆژئاوای هەولێرەوەو وێستگەیەكی پاڵاوتنی گەورە دروست دەكەین و ئاوەكە بۆ ئاودانی پشتێنەی سەوز بەكار دەهێنرێتەوە. یەكێك لەكێشەكانی ئاوەڕۆكانی هەولێر ئەوەیە خەڵكی زبڵ و خاشاك و دەبەی ئاوی تێدەكەن و دەگیرێت، بۆ ئەمەش لەمانگی ٩ وە دەست بەپاككردنەوەی ئاوەڕۆكان دەكەین، بەڵام تا هاووڵاتیان یارمەتیمان نەدەن زەحمەتە بتوانین ئاوەڕۆكانی باران هەمووی پاكبكرێنەوە. سەبارەت بەگیرانی ئەنتەرباسەكانیش بۆ ئەو ئاوەڕۆ سەرەكیەكان لە نزێك ئەنتەرباسەكانیش بچووكن و لەتوانایاندا نییە ئەو ئاوە زۆرە فرێبدات.

## لەسلێمانی
## بەڕێوەبەرایەتی ئاوەڕۆكان بوونی نییە

سلێمانی لەكۆنەوە ئاوەڕۆی هەبووە كەچی بەڕێوەبەرایەتی ئاوەڕۆی نییە لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری گشتی ئاوو ئاوەڕۆكان وتی: بڕیاردرا كە بەڕێوەبەرایەتیەكی ئاوەڕۆ لە سلێمانی بكرێتەوە داوامان لەپارێزگاری سلێمانی كرد كە دوو یان سێ كاندید بۆ بەڕێوەبەری ئەم بەڕێوەبەرایەتیە دەست نیشان بكات تاكو لای خۆمان بەڕێوەبەرێك پاش دڵنیابوون لە توانایان دامەزرێنین، بەڵام تا ئێستا وەڵامیان نەداوەتەوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە كە بەڕێوەبەرایەتی ئاوەڕۆ لە سلێمانی نییە بەڵكو ئاوەڕۆ ئێستا لەگەڵ شارەوانی سلێمانی كار دەكات. بەراستی ئەو فراوان بوونە گەورەیەی لەشارە گەورەكان ئەنجامدرا نەتوانرا بەپێی پێویست پرۆژەكانی ئاوەڕۆ ئەنجام بدرێت و بۆیە كێشەی گەورە هەیە لەمبوارەداو نەتوانراوە بەتەواوی چارەسەری بكرێت.